# گوڵچن

ژمارە (٢) پایزی ٢٠٢٢
گۆڤارێکی وەرزیی فەرهەنگی گشتییە



**ئەحمەدی مەلا:**
**نووسین هەڵخستنی خودە بەسەر تەنافی وجوددا**

- سیاسەت و پلانی زمانیی
- خەنەبەندان، شەنگترین شەوی بووک
- فەلسەفە هونەرێکە بۆ ژیان
- مرۆڤی بێ پەیام
- بیرهات



## شاعیرێک لەخەمی زمان و فەرهەنگی کوردیدا

**کۆتا چاوپێکەوتنی هێمن موکریانی**

# گوڵچن

ژمارە (2) پاییزی 2022
گۆڤارێکی وەرزیی فەرهەنگی گشتییە

خاوەنی ئیمتیاز
هەڵوێست نەریمان

سەرنووسەر
هەڵمەت هۆشیار

بەڕێوەبەری نووسین
کاروان عوسمان شوانی

نووسەرانی راوێژکار:
سەروەر سەعدوڵا
ڤان شێرزاد
هیوا جەلال
شاڵاو خالد

تۆڕی کۆمەڵایەتی
گوڵچن gullçin
07701929985
Gmail/ g.gullcin@gmail.com
هەرێمی کوردستان/ سلێمانی / چەمچەماڵ

دیزاین: جەلیل حسێن
چاپ: چاپخانەی بینایی

هەواڵنامەی کتێب

# بابەتەکان

## سەروتار


- زمانی پوخت و ڕێنووسی جوان / کاروان عوسمان شوانی............5


## زمان و وێژە


- گرنگییەکانی ئەدەبی منداڵان / ڕەزا شوان............6
- کورد و دەرەوەی مێژوو / لەتیف فاتیح فەرەج............11
- ئێوارەیەکی مشتەنوور / هیوا حوسێن ئەمین............13
- سیاسەت و پلانی زمانی / د. مستەفا ڕەزا مستەفا............18
- لەناو گوفەکدا قەلەرەش / جێگر بەختیار............22
- بیرهات / هێلین عەبدولجەبار............28
- نازەنینێك هاتۆتە بەدەم / محەمەد کوردۆ............30
- فڕین بووم لە بیری باڵندە چوومەوە / ڤان شێرزاد............31
- پۆلێک بروسکە / تاهیر ئاهەنگەریی............33


## چاوپێکەوتن


- مامۆستا هێمن: مان و نەمانی من موهیم نییە/سەروەر-هەڵویست......34
- د. ئەحمەدی مەلا لە بارەی نووسینەوە / هەڵمەت هۆشیار............38


## توێژینەوە


- مۆسیقا و ڕەنگ / ئاوات نادر............43
- شیکردنەوەی شیعری فەرەیدوون بەرزنجی / زرار سەردار............50


## هزر


- فەلسەفە هونەرێکە بۆ ژیان / و. شالاو خالید............62
- مرۆڤی بێ پام / ئیبراهیم ناودەشتی............65
- تراژیدیا لەنێوان گریکی کۆن و فەلسەفەی بونگەراییدا/دیدار...71


## هونەر


- مەقام (دەستگاە) / شێروان کەرکوکی............81
- باڵا بڕینێك بۆ کۆپەڕە گرنگەکەی فازیل جاف/هەڵوێست نەریمان............84


## هەمەرەنگ


- خەنەبەندان، شەنگترین شەوی بووک / سروە عوسمان............88
- بۆ کارە خۆبەخشییەکان کات دابنێن / سۆران مەهدی............91


تابلۆی بەرگی یەکەم: Shad.k

# زمانی پوخت و ڕێنووسی جوان



کاروان عوسمان شوانی

زمان هۆیەکە بۆ تێگەیشتن و پەیوەندی مرۆڤەکان، بۆیە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی پەیوەست بە مرۆڤەوە زمانیش پێشدەکەوێت. زمانی هەر گەلێک کۆمەڵێک بنەمای سەرەکی و جێگیری هەیە، وەلێ هەمیشە لە گۆڕاندایە. بۆ نمونە: ئەو زمانەی "شکسپیر" شاکارەکانی پێی نووسیووە، سەردەمێک زمانی ئینگلتەرا بوو، کەچی ئێستا بەریتانییەک گەر بیەوێت "ڕۆمیۆ جۆلێت" بخوێنێتەوە دەبێت فەرهەنگێکی زمان بەتەنیشت خۆیەوە دابنێت. ڕێنووسی زمانی عەرەبی و قورئانی پیرۆز بە چەندین شێوە دەستکاریی کراوە، تا لە ئەم شێوەیەی ئێستای دا جێگیر بووە. زمان و ڕێنووسی کوردی لە سەردەمی ڕۆژنامەی کوردستان بە بەراورد بە ئێستا زۆر زۆر جیاوازە. تەنانەت زمان و ڕێنووسی کوردی تا هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو پڕ لە گرێوگۆڵ و ئاڵۆزیی بوو. بزوتنەوە نوێیەکانی شیعری کوردی و کۆڕی زانیاری و نوسەرانی کورد بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە گەشەپێدان و زیندووکردنەوەی زمانی کوردیدا گەورەترین ڕۆڵیان بینیووە. نووسین بۆ ئەوەی بگات بە وەرگرەکانی و هێزی مانەوەی هەبێت، دەبێت بە زمانێکی پوخت و ڕەسەن بنووسرێت. بۆ ئەوەی وەرگرەکانیش ڕونتر تێی بگەن دەبێت بە ڕێنووسێکی جوان نووسرابێتەوە. ڕێنووس: شێواز و ڕێگاکانی نووسینی زمانە،کە پێکدێت لە پیت و وشە و ڕستەکان. گەرچی کورد نەتەوەیەکی هەتیووە، زۆرێک لە فەرهەنگە جۆراوجۆرەکانی گەلە سەردەستەکان بۆ خۆیانیان بردووە، بەڵام تا ئێستا نەیانتوانیووە زمانەکەی ببەن، یان بیسڕنەوە، گەورەترین هۆکاریش ئەوەیە کە زمانی کوردی ئەدەبیاتێکی زیندوو و جوانی پێ نووسراوەتە، ئەدەبیاتێک کە ڕەگی بەناو دەروونی زۆرترین تاکی کورد دا چووەتە خوارێ. ئێمە لە "گوڵچن" دەمانەوێت بە زمانێکی پوخت پاراوی کوردی بنووسین، ئەو جۆرە ڕێنووسانەش بەکاربهێنین کە جۆرێک لە کۆدەنگیی لەسەر دروست بووە،بە ڕێنووسی یەکگرتووی کوردیی ناوی دەرکردووە، پەسەندکراوی لای شارەزایانی زمانی کوردی و کەڵەنووسەرانە. ئێمە لە خەمی زمانی کوردیداین، نامانەوێت ڕۆڵی شێواندن بگێڕین، چونکە بێدەربەستییەکی زۆر لەلای هەندێک لە دەستگا و ڕاگەیاندنکار و هەندێک بەناو نووسەرەوە لە مەڕ زمانی کوردیی هەیە، ئەو نووسینانەی لای ئێمە بڵاودەکرێنەوە لە پاڵ پەیامە ئەدەبی و زانستی و فەرهەنگییەکەیدا دەبێت هەڵگری زمان و ڕێنووسێکی باڵا بێت. ئەشێ لێرە و لەوێ هەڵە و کەموکورتییمان هەبێت، بەڵام هەوڵی باشترین زمان و ڕێنووس دەدەین. لەم ڕووەوە ئەزموونی ژمارە یەکمان کە هاندان و ستایشێکی زۆر کراین لەلایەن پسپۆران و ئاخێوەرانی زمانی کوردییەوە ، ئەوەش هێندەی تر ئەرکەکەی قورسترکردین، کە زیاتر پابەندی زمان ڕێساکانی ڕێنووس و خاڵبەندیی ببین.

# گرنگییەکانی ئەدەبی منداڵان



ڕەزا شوان

هەواڵنامەی کتێب

سەرەڕای ئەو ماوە زۆرەی کە بەسەر سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵاندا تێپەڕیوە، لە ڕاستیدا تا ئەمڕۆش دەقێکی یەکگرتووی چەسپاو، بۆ پێناسەکردنی چەمکی ئەدەبی منداڵان نییە، بەڵام خاڵی هاوبەش و ڕا و هاوبۆچوونی نزیک لە یەکترییەوە، لە پێناسەکردنی ئەدەبی منداڵاندا هەیە. وەکوو:

ئەدەبی منداڵان، جۆرێکە لە جورەکانی هونەری ئەدەبی. بەشێکی گرنگیشە لە ڕۆشنبیریی منداڵان، زانیارییە و هونەریشە. تایبەتە بە منداڵانی قۆناغی پێش قوتابخانەی بنەڕەتی، تا قۆناغی مێردمنداڵی و باڵقبوون. هەموو ئەو بابەتە نووسراو و زارەکییانەدەگرێتەوە، کە بۆ منداڵانیان نووسیون و دەنووسن یا بۆیان گێڕاویانەتەوە و بۆیان دەگێڕنەوە، کە بە تایبەتی بۆ منداڵان نووسراون یا وتراون، لەگەڵ وێنەی ڕوونکردنەوەدا،کە منداڵان دەیانخوێننەوە، وەکوو: پەخشان، چیرۆک، هۆنراوە، ڕۆمان، شانۆ، ئۆپەرێت، کتێبی چاپکراو و گۆڤاری تایبەت بە منداڵان.کە لەپاڵ فێرکردندا، سوود و چێژی خۆشیش بە منداڵان دەبەخشن.

پێموایە باشترین پێناسە بۆ چەمکی ئەدەبی منداڵان، پێناسەکەی (ماریا نیکۆلا) یە کە دەڵێت:"ئەدەبی منداڵان ئەو ئەدەبەیە کە لە لایەن کەسانی شارەزای جیهانی منداڵانەوە نووسراوە و بەرهەمهێنراوە و بڵاوکراوەتەوە، کە خوێنەرە سەرەکییەکەی منداڵانن".

ئەدەبی منداڵان، بە واتا گشتییەکەی، ئەو بەرهەمە هزرییانەیە لە هەموو بوارەکانی زانستیدا،کە لە کتێب و گۆڤاری چاپکراودا،بە تایبەتی ئاراستەی منداڵانی دەکەن.

ئەدەبی منداڵان وەک چەمکە تایبەتییەکەی، گوزارشتی جوان و وتەی شیرین و ئاسان دەگەیەنێت، کە خۆشی دەخاتە دەروونی منداڵان و زەردەخەنە دەخاتە سەر لێوەکانیان و گەشی دەخاتە روویان و گەشبینی و هیوا و بروا و متمانەبەخۆبوونیان پێدەبەخشێت. ئەدەب بۆ منداڵان خۆراکێکی رۆحییە، کە هۆش و خەیاڵی منداڵان پێویستیان پێی هەیە. زاخاوی بیر و هۆشیان دەداتو زەین روون و رۆشنبیر و زۆرزانیان دەکات.

لە بارەی بەها و گرنگی ئەدەبی منداڵان، شاعیری ناسراوی بولگاری (ران بوسلیک) دەڵێت:"ئەدەب بۆ منداڵان، وەک شیری دایک و هەوای پاک وایە، کە پێویستە هەبن".

دکتۆر (ناسرەدین ئەلئەسەدی) یش دەڵێت:"ئەدەبی منداڵان بۆ بیر، وەک ڤیتامینەکان وایە.. کە هۆش و ئەندێشە پێویستییان بە جۆرەکانی هەیە. هەر جۆرێکیش لایەک لە بیر و هەست و لایەنە ئەندێشەییەکان مەست دەکات".

(دۆن مورایە) ش دەڵێت:ئەدەبی منداڵان، کاریگەرییەکی گرنگ و بایەخێکی جیاوازی لە ژیانی ئەمرۆ و داهاتوودا هەیە".

یەکەم شت کە لەبەرچاوبگیرێت، ئەوەیە کە نووسین بۆ منداڵان، جۆرێکە لە جۆرەکانی پەروەردەی منداڵان. کە کاریگەری زۆری لەسەر منداڵان هەیە. نووسەرانی منداڵان بە پلەی یەکەم پەروەردەکارن. ئەدەبی منداڵان بە رادەیەکی زۆر بەشداری و هاوکاری لە هێنانەدی گەلێ ئامانج دەکات، کە پەیوەندییان بە فێرکردن و بە پەروەردەکردن و بە ئاراستەکردن و رۆشنبیریکردنی منداڵانەوە هەیە. لە گەلێ لە بواردا، بە سووک و ئاسانی گەلێ شارەزایی فێربوونیشیان پێدەبەخشێت. چونکە ژانرەکانی ئەدەبی منداڵان سەرچاوەیەکی گرنگن لە سەرچاوەکانی زانستی و لە بنیاتنانی کەسایەتیی منداڵان.

هەروەها سامانی زمانی منداڵان، لە وشە و رستەی




تازە دەوڵەمەنتر دەکات.

بێگومان هەر هونەرێکیش دەستوور و شێواز و رێباز و بنەما و سیما و پێوەری تایبەتی هونەریی خۆی هەیە.

ئەدەبی منداڵان خۆی لە خۆیدا ئامانج نییە. بەڵکو هۆیەکە بۆ هێنانەدی ئامانج.

هەر نووسەرێکی ئەدەبی منداڵانیش، پێش دەستپێکردن بە نووسین، ئامانجەکانی نووسینەکانی و هۆیەکانی گەیشتن بە ئامانجەکانی، لە خەیاڵ و هزریدا تاوتوێ و گەڵاڵە و دیارییاندەکات. ئینجا لە ناوەرۆکێکی هونەری و پوختدا دایان دەرێژێت.

پێویستە نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان بە نووسینەکانیان، وا لە منداڵان بکەن کە خەون بە هەموو شتێکەوە ببینن. دەبێت نووسەرانی ئەدەبی منداڵان، ئەوەش بزانن کە چۆن رۆح و گیان دەخەنە بەر پیتەکان و وشەکانی نووسینەکانیان هەر وەک ئەوەی جەستەیەکی زیندووبن و منداڵان هەستیان پێ



بکەن و بیان بینن و گوێیان لێیان بێت و دەستەکانیان بۆیان درێژبکەن.

زۆر کەس وا هەست دەکەن کە نووسین بۆ منداڵان، کارێکی ئاسانە. بەڵام لە راستیدا وانییە و زۆر لە نووسین بۆ گەورەکان گرانترە.بە هۆی ئەو مەرجە پەروەردەیی و رۆشنبیری و هونەری و ئەو تەکنیکییانەی کە پێویستە نووسەرانی ئەدەبی منداڵان پێیانەوە پابەندبن، چونکە نووسەرانی ئەدەبی منداڵان، بە کۆمەڵێک وشەی کەم و ساکار، بە زمانێکی شیرین و ئاسان و رەوان و گونجاو، بۆ منداڵان دەنووسن.

رۆماننووسی ئینگلیزی (جوان ئایکن) لە کتێبی (رێگای نووسین بۆ منداڵان) دا، دەڵێت:"نووسین بۆ منداڵان، لەوانەیە بەو ئاسانییە نەبێت کە بیری لێدەکەنەوە".

نووسەرانی ئەدەبی منداڵان، پێویستە پەروەردەکار و مامۆستا و هونەرمەند و دەروونناسی منداڵان بن. شارەزای قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵان و پێویستییەکانی هەریەکە لە قۆناغەکانی منداڵی بن. شارەزای تواناکانی فێربوون و وەرگرتن و بڕکردنی خەیاڵی منداڵان بن، لە هەر قۆناغێکدا.

کەواتە دیمۆگرافیای قۆناغەکانی منداڵی، لە کاتی نووسین بۆ منداڵان پێویستییەکی سەرەکیی نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵانن. چونکە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی منداڵی، تایبەتمەنی خۆی هەیە، لە رووی درکردن و زمان و سۆزداری و خەیاڵەوە. هەر قۆناغێکیش پێویستیی بە جۆری ئەدەبی گونجاو هەیە.

دەشتوانن بە خەیاڵ هەموو شتێک بۆ منداڵان دروست بکەن. هەر نووسەرێکیش منداڵیی خۆی لەناخی دایە. پێویستە قۆناغەکانی منداڵی خۆیان بهێننە بەرچاویان. (چیخۆف) دەڵێت:"پیربوومە، بەڵام هێشتا بە دوای جۆلانەیەکی منداڵدا دەگەڕێم".

ئەو پێوەرانەی کە پێویستن لە ئەدەبی منداڵاندا هەبن، بە پێی نووسەرەکان و بوارەکانی ئەدەبی منداڵان و گونجاو لەگەڵ پێوەرەکانی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و فەلسەفی دا، کە بەپێی ئەو بابەت و کتێبانەش کە بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵی ئاراستەیان کراون و دەکرێن، پێوەرەکان فرە جۆرن. نووسەرانی سەرکەوتوو کە بۆ منداڵان دەنووسن، دەبێت ئاگاداری پێوەرەکانی نووسین بۆ منداڵان بن. گەرچی هەر نووسەرێک شێواز و ستایلی نووسینی خۆی هەیە، بەڵام هەموو نووسەرانی ئەدەبی منداڵان هاوئامانجن لە فێرکردن و پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی دروستی منداڵان.

ئەو نووسەرەی بە دڵسۆزی و راستی و پەرۆشەوە،ئەویندارى بوارى ئەدەبى منداڵان و جیهانى منداڵان نەبێت، باشتر وایە خۆی نەخەڵەتێنێ و روو لەم بوارە نەکات.

لە ئەمرۆدا، بایەخدان بە منداڵان و بە ئەدەبی منداڵان و بە رۆشنبیریکردنیان و بە دابینکردنی هۆیەکانی گەشەکردنی بیر و هۆش و زەین و بەهرە و ئارەزووەکانیان و بە خۆشی و شادییان و بە ئامادەکردنیان بۆ داهاتوویەکی گەشتر.بوونەبە پێوەری رادەی شارستانی و پێشکەوتن و پێگەی گەلانی جیهان دیاری دەکەن. چونکە منداڵانی ئەمرۆ هیوا و داهاتووی هەر گەلێکن. کەواتا داهاتووی هەر گەل و نیشتمانێک، لە دەستی منداڵانی ئەمرۆیان.

لەم سەردەمە جەنجاڵەی کە تێیدا دەژین، کە سەردەمی کێبڕکێی پێشکەوتن و شۆڕشی تەکنەلۆژیایە. پڕەلە گۆڕانکاریی خێرا و لە داهێنانی شتی سەیر و سەمەرە. زۆر پێویستە کە بە باشی منداڵەکانمان بۆ ئەم گۆڕانکاری و پێشکەوتنانە ئامادەبکەین. تا بتوانن لەگەڵ تەکنەلۆژیای تازە و لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا هەڵبکەن. ئەدەبی منداڵان کە کۆڵەکەیەکی سەرەکییە لە بنیاتنانی کەسایەتی دروستی منداڵان و لەهاندانیان بۆ داهێنان و ئافراندن. دەتوانێت رۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەبێت، لە راهێنان و ئامادەکردنی منداڵان، بۆ دەربردن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەمرۆ و داهاتوودا.

لە ئەمرۆدا پێگەی منداڵان لە کۆمەڵگادا گۆڕاوە، لەم ساڵانەی دواییدا قسەکردن لەسەر ئەدەبی منداڵان و گرنگییەکانی ئەدەب بۆ منداڵان، دایکان و باوکان مامۆستاکان و نووسەران ودەروونناسانی منداڵان و پەروەردەکاران و بیرمەندان و توێژینەرانی بواری گەشەکردنی منداڵانو بە دەیان گروپ و کۆمەڵە و دامەزراوەیان لە جیهاندا سەرقاڵکردوون.ساڵ لە دوای ساڵیش بایەخێکی زیاتر بە ئەدەبی منداڵان دەدرێت. چونکە باشترین بوارە بۆ گۆڕانکاری و بۆ هێنانەدی داهاتوویەکی شیاوتر و گەشتر. بۆیە تا زیاتر منداڵەکانتان هەوادار و هۆگری خوێندنەوەی ژانرەکانی ئەدەبی منداڵانیان بکەن، تا زیاتر ئاشنا و هاورێتی کتێب و گۆڤارەکانی تایبەت بە منداڵانیان بکەن. زیاتر لە هێنانەدی داهاتوویەکی باشتر و گەشتر دڵنیادەبن.

لە کۆندا، ئەدەبی منداڵان بریتی بوو لە چیرۆک و لە نەزیلە و حەکایەتی ئەفسانەیی و گۆرانی و هۆنراوەی فۆلکلۆری و لایلایەی دایکان، کە بۆ فێرکردن و خۆشی منداڵان بەکاردەهێنران. بابەتەکان شێوەیەکی فێرکاری و رەوشتی و ئایینیان لەخۆگرتبوون. گەواهی ئەم راستییەش لە ئەدەبی کوردیدا (نۆبارا بچووکان) ی (ئەحمەدی خانی: ١٦٥٠- ١٧٠٧ز) و (ئەحمەدی) ی (شێخ مارفی نۆدێ: ١٧٥٣- ١٨٣٨ز) یە. کە دوو فەرهەنگۆکن(عەرەبی ـ کوردی) بۆ منداڵانی کوردمان دایان ناون، بۆ ئەوەی فێری زمانی عەرەبی ببن. چونکە لەو سەردەمەدا زمانی عەرەبی زمانی ئایین بووە.

مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی نووسراوی تایبەت بە منداڵان و بڵاوکردنەوەی بە شێوەیەکی فراوان وەکو ئەدەبێکی جیاواز لە ئەدەبی گەورەکان، بۆ سەدەی حەڤدەم دەگەڕێتەوە، کە بۆ یەکەمین جار لە فەرەنسادا سەری هەڵدا و دوایش لە ئینگلتەرادا.

کتێبە بەراییەکان بۆ منداڵان، بە زۆری فێرکاری و ئاینی بوون و هونەریی نەبوون.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، پێشکەوتنێکی گەورە لە ئەدەبی منداڵاندا روویدا. بە سەردەمی زێڕینی ئەدەبی منداڵان ناوبراوە، چونکە لەو سەردەمەدا چەندین کتێبی

کلاسیکی منداڵان چاپکران و بڵاوکرانەوە. چەندین کتێبی وێنەداری ڕەنگاوڕەنگی تازەش، لە بواری ژانرەکانی ئەدەبی منداڵاندا، چیرۆک، هۆنراوە، پەخشان، شانۆ، چاپکران و بڵاوکرانەوە. گۆڤاری مانگانەی ڕەنگاوڕەنگی تایبەت بە منداڵان بڵاوبوونەوە. لە ڕووی چەندێتی و چۆنییەتییەوە پێشکەوتنێکی گەورە لە ئەدەبی منداڵاندا هاتەدی. وشە و وێنە و ڕەنگ ئاوێتەی یەکتری بوون و جوانییەکی تەواویان بە کتێبەکانی ژانرەکانی ئەدەبی منداڵان بەخشیون. لە ڕاستیشدا ئاسان نییە، کە لە پێش داهێنانی چاپخانە و چاپکردنی کتێبدا، بتوانین دوای ساغکردنەوەی ڕەسەنایەتی ئەدەبی منداڵان بکەوین.

ترسناکترین ڕووبەڕووبوونەوە لەم سەردەمە نوێیەدا. ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسییە. کە لە دیاردەکانی ئەوەیە، کە هەندێ لە گەلانی تووشبوو بە ڤایرۆسی ڕەگەزپەرستی و خۆ بەزیاتر زانین، خەیاڵ لە پڕوپووچییە مێژووییەکانیان دەکەنەوە، بە خۆیان و بە هێزیانەوە دەنازن، سەرەکێشی و دوژمنکاری لە دژی گەلانی ماف زەوتکرا و نیشتمان داگیرکراو دەکەن. بۆیە گرنگترین ئەرکی کۆمەڵگاکان و گەلانی هۆشیار، ئەوەیە کە منداڵەکانیان بە بەهاکانی خۆشەویستی و ڕێز و لێبووردن و مرۆڤایەتی هاوماڤی و یەکسانی و دوورکەوتنەوە لە ڕق و لە توندوتیژی و لە دوژمنایەتی و لە ستەمکاری و لە بیری ڕەگەزپەرستی و نکوڵیکردن لە بوونی گەلانی تر. دوور لە خۆباییبوون و لە خۆپەرستی و لە توندڕەوی و لە دەمارگیری و لە سڕینەوەی یەکتری. بەم پرەنسیپە مرۆڤایەتییانە منداڵان، پەروەردە و ئاراستە و ڕۆشنبیر بکرێن.

لە ئەمڕۆدا منداڵانێکی زۆر، لە زۆر شوێنی جیهاندا، لە ئەنجامی ململانێی سیاسی و شەڕ و ئاژاوە و داگیرکردن و ناسەقامگیری و جیاوازیکردنی نەتەوەیی و ڕەگەزی دا، ڕووبەڕووی پیسترین جۆرەکانی توندوتیژی و چەوسانەوە و ترس و برسێتی بوونە.

چۆن ئەدەبی منداڵانی ئەمڕۆ مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخ و بابەتانەدا بکات؟ ئایا لەسەریەتی کە باسیان لێبکات؟ بەڵێ پێویستە ئەدەبی منداڵان، بە شێواز و ڕێگای ناڕاستەوخۆ، بەناڕاشکاوی و نازەقی، خۆی لەم ململانێ سیاسی و لەم شەڕانە هەڵبقورتێنێت. بەڵام بە شێوەیەکی جوانی ئەدەبییانە لە میانەی چیرۆک و هۆنراوە و شانۆدا باسیان لێبکات.

لە کۆتاییدا، حەزدەکەم ئەوە بڵێم، کە تا ئێستا چەند نووسینێکی ترم دەربارەی ئەدەبی منداڵان و ژانرەکانی نووسیوە و بڵاومکردوونەتەوە. لە کتێبێکی چاپکراویشمدا، کە لە ساڵی (٢٠١٥)دا، بە ناونیشانی (چاوپێخشانێک بە مێژووی ئەدەبی منداڵان)کە کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک چاپیان کرد و بڵاویان کردەوە. بە کورتی باسم لە ئەدەبی منداڵان و لە ژانرەکانی و لە سەرهەڵدانی لە جیهان و لە کوردستان دا کردووە. باسم لە گرنگییەکانی ئەدەبی منداڵان، بۆ منداڵان کردووە.

چەند جارێکیش پێشنیاری ئەوەم کردووە، کە پێویستە ژانرەکانی ئەدەبی منداڵان، بخرێنە پرۆگرامەکانی کتێبەکانی خوێندنەوەی کوردیلە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی و زانکۆ ـ کۆلێژی زمانی کوردی و بەشی پەروەردە. هانی خوێندکارانی خوێندنی باڵا بدەن کە ماستەر و دکتۆرا لە ئەدەبی منداڵاندا وەربگرن. شانازییە بۆ ئەو خوێندکارەی دەستپێشخەری بکات و خۆی شیرین بکات و ئەم مژدەیە ڕابگەیەنێت. وەک یەکەم نووسەر، تێزی ماستەرنامەکەی یا دکتۆراکەی لەسەر ئەدەبی منداڵانی کورد بنووسێت. شایەنی ئەوەش دەبێت کە لە لاپەڕە زێرینەکانی مێژووی گەلەکەماندا بە شانازی و ڕێزەوە ناوی تۆماربکرێت. تا ئێستا هیچ خوێندکارێکی خوێندنی باڵای کورد ئەم هیوایەی نەهێناوەتەدی. هیوادارم ئەم خۆزگە و هیواخوازییەمان بەم زووانە بێتەدی. چونکە منداڵان داهاتوویەهەر گەلێکن، گۆڕانکاریش، بە پەروەردەکردنی دروست و ئامادەکردنی باش و گۆڕانکاری لە مێنتاڵەتی (ئەقڵییەتی) منداڵانەوە دەستپێدەکات.

---

**ڕەزا شوان: نووسەرێکی بواری پەروەردە و ئەدەبیاتی منداڵانە. لە ساڵی (١٩٤٦) لە دێی (گۆگجە) لە ناوچەی (شوان) ی سەر بە پارێزگای(کەرکوک)ی کوردستانی،لە باشووری کوردستان لەدایکبووە. لە ساڵی (١٩٩٩) ەوە، لەگەڵ خێزانەکەیدا لە وڵاتی نەرویج دەژین. لە ساڵی (١٩٦٧)ەوە دەنووسێت و تا ئەمڕۆش درێژە بە نووسینی بابەت هەمەڕەنگە دەدات.**

# کورد و دەرەوەی مێژوو



هەواڵنامەی کتێب

لەتیف فاتیح فەرەج

دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە یەکێک لە ژمارەکانی نوسەری کورد خولی دووەمدا چوارینێکی بە ناوی ئوستاد بەشیر موشیرەوە وەشاندبوو ، ئوستادی مەزن بەشیر موشیر خۆی و حەوتەوانەکەی لە شەڕی ئەوەدا بوون دەوڵەتی کوردی لە خەونی شاعیرانەوە بکەن بە هەقیقەتی ڕەها، حەوتەوانە لەحەوت تێپەڕین و مورید و بەشیرست هەردێ و زیاد دەکات ، نە دەوڵەت چێبوو نەخەونی ئەحمەدی خانی هاتە دی، چوارینەکە بۆنی هەژاری لێدێت، بە ئیمزای ئوستاد، لەوێدا ئوستاد دەفەرمووێ: لە ئاست یەکتر دڕن چەشنی هەڵۆ یەک دادەپاچن بۆ لە بۆ غەیرە شڕن چەشنی پەڕۆ وەک دەست و قاچن بۆ هەزار تیرەو لک و هۆزن وەکو دوژمن لە یەک ناچن دەترسم ڕۆژێ لەم خاکە هەموو تیاچن وەکو سمکۆ ڕاستی بۆنی شاعیرانی دیکەشی لێدێت ئەگەر دکتۆری ڕەوانشاد خۆی تەئلیفی نەکردبێت ، بەڵام ئەو سمکۆیە لە هەژاری ئاڵاندوە ، ئێمە جاری دیکە وتومانە دەکرێت کۆمەڵی مرۆڤایەتی بکەین بە سێ بەشەوە ، گرووپی چەقی مێژوو ، پەراوێزی مێژوو، دەرەوەی مێژوو ، کورد لە وەی سێیەمن ، چونکە هێشتان هەزار لک و تیرە و هۆزن ، ئوستاد ئەگەر ئەوڕۆ ئەو هەموو داوەت




و داوەتکاری خێڵ وماڵباتەی دیبا دەرابەی دوکانی قفلدەکرد و وازی لە کورد بوون دەهێنا ، ئەو دەردەی هەموومان توشی هاتوین و لێی نابینەوەو لێمان نابێتەوە ، تیرە و لک و هۆز هەبن قەیدی نییە لێ نەبن بە بەربەست لە بەردەم دروستبوونی نەتەوە ئەو تیرە و لک و هۆزانە خۆیان زۆر پێ موهیمە و خۆیان لەنەتەوە پێ گەورە ترە ، هەر لە پاش ناو و پێشناوان ئەوە دیارە ، بوونی پاش ناو و پێشناوی قەبە هی قۆناغی دەرەبەگایەتییە ، بەلام کورد لە هەموو قۆناغدایە و لە هیچیش ، ئەوەنییە حاجی قادر پێمان دەڵێت : لە بەر حیزە بخۆیی و ناتەبای لە ژێری حیزی حیزان بوینە دۆشەک کورد نەبووەتە نەتەوە ، ئەمە گرفتێکی گەورەیە برینی نەتەوەیی کۆماناناکاتەوە ، تخوبی عەشرەت لە تخوبی نیشتمان تۆختر ، تەنانەت ئەو سنورە خەیاڵکردەی نەیاران لە نێوان پارچەکانی دایکدا بۆیان کێشاوین ، لە هەر پارچەیەکدا کاریگەری لە سەر شوناسی ئێمەی کورد داناوە ، چوارینەکەی ئوستاد دەبوو لە پشتی سەری سەرکردەکانی کوردەوە هەڵواسرابا . کارکردن بۆ بە نەتەوە بوون ، پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ شیعرەکانی شاعیرانی بەرێ ، ئەوانەی بە خەمی کوردەوە یان دەربەدەری وڵاتان بوون و لەوێ سەریان نایەوە ، یان لێرە گەڕانەوە بەر دڵۆڤانی خودا ئاخر نەتەوە نابێت بە دوژمنەکانی باوەڕبکات و هەمیشە لە داو و تەڵەیان کەوێ وەک ئەوەی فەقی قادری هەمەوەند دبێژت :

هەرکەسێ بە تورک بکەرۆ باوەڕ ئەحمەق ئەوەیە لە من ئەحمەق تر خۆ سالمی مەزنیش هەر وای گوتوە " رۆمی ئەوەندە شومن لە شەخسیش دەدەن زەرەر " گەلۆ بۆ ئەوەی لە دەردە کورد دەرباز بین پێویستە ببینە نەتەوە ، چونکە تانەبینە نەتەوە ، جگە لەوەی "گا بە دەستی تورکەکان و گا بەدەست ئێرانەوە" رەزیل و سەفیل دەبین ، نابینە مرۆڤی قانونی و مەدەنیش ، مرۆڤی نێو خێڵ نابێتە مرۆڤی قانون و مەدەنیەت ، ئەو هەمیشە بۆ هەر کێشە و ئاریشەیەکی دەگەڕێتەوە بۆ خێڵ ، چی داوە لە قانون. ئێستا ئەگەر بڕیارە مادەکان باپیرە گەورەی ئێمە بن و مادیش لە خێڵ و لک و هۆز گەورە تربێت ، با خەمێکی ئەو ئەسڵ و فەسڵە بخۆین و بەس هەر لە دورەوە دەنگی پێی دوژمن بێت ئێمە تەختایی و زەوی و شارو شوێن بە جێبهێڵین و رابکەین بۆ شاخەکان ، لە سەر شاخ و دەردی شاخیش قسەی جیاواز لەقسەی باو هەیە ، شاخ هێندەی حەشاری داوین ، هێندەش لەمپەر بووە لە بەردەمماندا تا ئاوێزانی یەکتر بین هەرکاتێک نەتەوەیی ساغلەم و تەواو دروست بێت ، چوونە نێو مێژوو ئاسانە ،ئەگەر نەتەوە ی تەواو ساخ هەبێت کەس بوێری ئەوە ناکات بڵێت " جاشایەتی و پاشایەتی " لە ناو نەتەوەشدا خۆ هاویشتنە باوەشی خێڵ و هۆز بۆخۆی بەو کالبوونەوەی یەکجارەکی دەچێت . جا هەر بەو موناسەبەیەوە یەک دوو بەیتی شێخ نوری شێخ سالحیش بۆ ئێرە بایەخی خۆیان هەیە ، ئەو دەڵێت : عەسری تەکامولە ئەمە عەسری ئوخووەتە عەسری حیمایەی حەقی ئەقوام و میللەتە قەومێ کە حیسە بەرنەبێ لەم وەقتی فرسەتە ئەو قەومە جێی سەحائیفی تەئریخی لەعنەتە مەحکوومی زیلەتە تا حەشر ئەبێ بناڵێ لە ژێر باری زیللە تا باری گرانی زەیقەت و دەردی ئەسارەتا عومری سەرف بکا لە مەرارەت ، لە میحنەتا بێ حەق ئەبێ بژی لە حەیاتێکی وەحشەتا قەهرو مەزەللەتا شێخ نوری شێخ سالح ئەم شیعرەی لە ساڵی 1922 بۆ نووسیوین ، ئێستا لە کوێین ؟!!!

# ئێوارەیەکی مشتەنوور



هیوا حوسێن ئەمین

هەواڵنامەی کتێب

ئێستایش بەردەوام کە لە بارەی 'مووسا'وە پرسیارم لێدەکەن، من سەرم نەویدەکەم و هیچ وەڵامێکم پێنادرێتەوە، لەڕاستیدا ئەو پرسیارانە ئازارەکانی دڵ و جەستەم نوێدەکەنەوە، ئای لەو ڕۆژە سەخت و پڕئازارانە، کە جگە لە مشتەنوور هیچ پشتیوانێکی ترمان نەبوو.

بە پارچە کۆنکرێت،زۆربەی شەقامەکانی شارە بەخۆڵەمێش بووەکەمان داخستبوو، دیارە ئەمەش لە پێناوی پێش گرتندابوو، لە جەنگاوەرەکانی تاریکی. سەیرە! لەهەموو وڵاتەکانی ڕۆژهەڵات، بۆ پێشگرتن لە تیرۆریستان و کردەوە قێزەونەکانیان، ئەم کردارە بووە بە دیاردەیە، هەر بۆیە پێش سەرنجدان لەسیمای مرۆڤەکان، ئەم پارچە کۆنکرێتیانە دەبینین. ئەمرۆ بەهۆی پێکدادانەکانی دوێنێوە، هەموان وەک مەلی هەڵاتووی دەستی ڕاوچی،شەکەت و ماندوو بووین، من بەهۆی ئازاری پشتمەوە، کەماوەیەکە وەک دووژمنێکی نەبینراو، تەنگی پێهەڵچنیوم، جا بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکەم، پشتم بە پارچە کۆنکریتێکەوە دابوو، مووسا،یەکێک بوو لە فەرماندەکانی یەکەکەمان، گەنجێکی سەرو بیست و پێنجساڵی ئەسمەری باڵا بەرز بوو، بەدووری دوومەتر، بەدەستەکانی قەناسەکەی لەنێوان پێیەکانی

راگرتبوو،ئەو وەک لەکەڵە کێویەک، بۆ پاراستنی ڕەوەکەی، لەدەست گەلە ئاژەڵێکی گۆشتخۆری برسی، بەردەوام بێداریی دەکرد، بەردەوام خۆی بڵند دەکردەوە و بەدرێژای شەقامەکەدا دەیڕوانی،کە لەدوورەوە وەک مارێکی پێچاوپێچ دیاربوو ،ئەویش وەک ئێمە شەکەت و ماندوو،پشتی بە ئەو پارچە کۆنکریتەوە دابوو، کە کامەران چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی شەهید بێت،بە تیپی لاتینی و بەگەورەی لەسەری نوسی بووی:

“ya kefeneki sor yan jiyaneki azad”

بەڵێ، بەداخەوە ئەو شەهید بوو، بەلام کفنی سووری بەرنەکەوت، وەک هەڤاڵە شەهیدەکانی ترمان، هەر بەجلوبەرگەکەی خۆیەوە ناشتمان.

"پەرچەم و زێرەڤان"دوو لاوی گەنم ڕەنگی بالا مام ناوەندی خوێندەواری خەڵکی "سەرێ کانی" بوون،لە قولەی چاودێریەکەوە، وەک دوو هەڵۆی شەکەت لە فڕین، کە بەسەر لقی دارێکی بڵندەوە هەڵنیشتبن، چاودێری شەقامەکەیان دەکرد،زێرەڤان زۆر جار بۆ دردۆنگکردنی پەرچەم،چیرۆکی ئەو چاکەیەی دەدایەوە بەچاویدا،کە لەگەڵیدا کردبووی:

– پەرچەم، ئەو ڕۆژەت لە بیرە کە دوو قوتابییە عەرەبە شۆفینیەکە پەلاماریان دایت؟، ئەگەر فریات




نەکەوتبام، خراپیان بەسەرت دەهێنا !!..هههه

– ئێی...! ئەمە چەندەم جارە ئەو چیرۆکە دێنیتەوە بیرم؟، بەڵێ..چاکم لەبیرە.

– هههه، باشە بۆ بەشەرهاتن؟

(مووسا پرسیاری کرد)

– ئەزبەنی با تۆش بیزانیت، من ساڵی یەکەمم بوو لە زانکۆ، وانەکە تەواو بوو، دوو هاوپۆلی من،داوایانلێکردم لە کافتریای زانکۆ، چایەک بەیەکەوە بخۆینەوە، من نەمدەزانی ئەوانە لە ڕێکخستنەکانی بەعسدان و نیازیان خراپە، پێکەوە ئاسایی لەسەر مێزێک دانیشتین، گفتوگۆی نێوانمان دەستی پێکرد، ئەوان بەمەبەست و کەم کەم گفتوگۆکانیان بەرەو بابەتی سیاسی برد، لەپڕ یەکێکیان گووتی:

– سوریا خاکی عەرەبە و هیچ نەتەوەیەکی تر بوونی نییە.

(منیش خۆم پێنەگیراو وەلامم دایەوە)

– نا هەڵەیت هەڤاڵ، جگە لە عەرەب لەم وڵاتە، کورد و سریان و چەندین نەتەوەی تر هەیە.

– نا تۆ هەڵەیت هەڤاڵ، ئەوانە (قەرەج) ن، لە شوێنی ترەوە کۆچیان کردووە، هەرگیز خەڵکی ئێرە نین و هیچ مافێکیان لەم وڵاتە نییە.

– هههههه، کەلێک مێژووی لەسەر ئەم خاکە، پتر لە پێنج هەزار ساڵ بێت، قەرەج و کۆچەرە؟

– بەڵێ، ئەو مێژووە هیچ بنەمایەکی نییە.

تا دەهات گفتوگۆکەمان توندتر دەبوو،وەک چۆن ئەو کەسانەی لەگفتوگۆ دەدۆڕێن،هەمیشە پەنادەبەنە بەر جوێندان و سوکایەتی پێکردن، ئەوانیش دەستیان کرد بە جوێندان، منیش خۆم پێنەگیراو ئەو برە چایەی لە پیاڵەکەم دابوو کردم بە سەروچاوی یەکێکیاندا، کاتێکم زانی هەردووکیان پەلاماریان دام، ئیتر دوای ئەوەش خۆت دەزانیت چی ڕوویدا.

– ڕاستەکەیت من زۆر لەدووری ئێوە دانیشتبووم، لەغەڵبەغەڵبەکە بەئاگا هاتم، هاوڕێیەکی سریانیم هەبوو، بەرێکەوت لە لای شەرەکەی ئێوەوە دەهات، پرسیارم لێکرد:

– ئەری ئەو دەنگە دەنگە چییە؟

– ئەوە دوو قوتابی عەرەبی بەعسی، پەلاماری

کچێکی کوردیان داوە.
منیش خۆم پێنەگیراو بەراکردن گەیشتمە لاتان و ئەوەی تر خۆت دەیزانیت...هههههه.
لە کاتی ئەو گفتوگۆیەدا بەشەکەی تری دەستەکەمان، وەک پۆلێک باڵندەی شەکەت بۆ نوچدان، لە باڵەخانەیەکی نیمچە رووخاوی نزیک بەربەستەکە، پشوویان دەدا، ئەو باڵەخانەیە پێش جەنگ، یەکێک بوو لە تەلارە ناوازەو قەشەنگەکانی شار،بەلام ئێستا، وەک پیرەمێردێکی شەکەت و ماندوو لەسەرلا شانی داداوە، پەنجەرەکانی وەک دوو چاو، بەچاویلکەی شکاوەوە بەشەقامەکەدا دەڕوانن، دەروازەکەی لە دەمی مرۆڤێک دەچێت کە ددانی تێدا نەمابێت و بەکراوەیی هاوار بکات.
بەڕۆژ، شار چۆڵ و بێدەنگ، وەک گۆرستان بێ جوڵە و خامۆش بوو،جگە لەوەی جارجارە دەنگی وەڕینی سەگ لەدوورەوە ، هیچ دەنگێکی تری لێنەدەهات، تەنانەت باڵندەکانیش لەترساندا هێلانەکانیان جێهێشتبوو،لە ڕاستیدا سێبوریمان بەو دەنگەش دەهات چونکە لەدڵی خۆماندا دەمانگوت: شکور جگە لە ئێمە و جەنگاوەوەکانی تاریکی ڕۆح لەبەری تریش لە شارە بوونی هەیە، ئەمەش هۆکارەکەی ئەوەبوو کە لێرە ژیان وون و هەموو شتێک نیشانە بوون بۆ مردن. بەهۆی تەرمی کوژراوەکان و ئاژەڵە مردووەکان، ئێرە دەتگووت زێرابی کوشتارگەیەکە، پڕببوو لە بۆنی بۆگەنی، تا خۆرگەرمییەکەی توندتر دەکرد، شار بۆنی ناخۆشتر و بۆنی بۆگەنی شاری تەنگاوتر دەکرد.
منیش وەک هەمووان هەستم بەبرسییەتییەکی توند دەکرد، دەتگوت لەگورگ کوشتن گەڕاومەتەوە،لێرەیش بەردەوام قسە و ئامۆژگاریەکانی باوکم بیردەکەوتەوە، کە هەمیشە پێیدەگوتم: کوڕی خۆم هەمیشە لە کاتی تێری برسێتیت لەبیربێت، لە کاتی لەشساغی نەخۆشیت لەبیر بێت، لەکاتی دەوڵەمەندی هەژاریت لەبیربێت، بۆیە بە بیرمداهاتەوە،ئەم بەیانییە دوو نانیان پێدام، هێشتا لە ترسی برسێتی،دوو نانەکەم نەخواردووە،دەستم کرد بە گیرفانەکەمداو دەرمهێنان، نانێکم دابە (بەرچەم و زێرەڤان)، ئەوان لە نێوان خۆیاندا بەشیان کرد، نانەکەی ترم دوو لەتکردوو لەتێکیم دا بە (مووسا).
"سەیدۆ"گەنجێکی هەرزەکاری دەنگخۆشی هەژدەساڵ بوو، ئەگەر قەدەری شوم، ئەم گەنجەی بۆ بەرەی جەنگ نەهێنایە و بواری بۆ بڕەخسایە، هیچی لە عەلی مەردان و شاکرۆ و محەمەد شێخۆ و مامڵێ کەمتر نەدەبوو، ئەویش دەیتوانی بەو دەنگە زوڵاڵەی، مێژوویەک بۆخۆی تۆمار بکات، ناوی تاهەتایە بەزیندوویتی بمێنێتەوە.
ئەو وەک چۆن دەستی منداڵێکی تازە سەرپێکەوتووی گرتبێت، بەو شێوەیە تفەنگەکەی بەدەستەوە گرتبوو، لە دەروازەی باڵەخانەکەوە بەرەو لای ئێمە هات، لە دوورەوەو لە هەنگاوەکانیدا، هەست بەبرسێتی و شەکەتی لاشەی دەکرا.
مووسا هاواری لێکرد:
– سەیدۆ؟
– بەڵێ، ئەزبەنی..
– وەرە ئەم نانە بگرە.
چونکە زۆر برسی بوو،بەدیتنی لەتە نانەکە، بزەیەک هاتە سەر لێوەکانی، هەنگاوەکانی خێراتر کرد، نانەکەی لەدەست وەرگرت و کردی بەیەک پاروو قوتیدا. لەبەر خۆیەوە کەوتە گۆرانی چڕین:
"ئەمان دلۆ، ئەمان دلۆ
ژ دەردێ یارێ، تب کولۆ
ئەمان دلۆ، ئەمان دلۆ
ژ دەردێ یارێ، تب کولۆ
ژانێ ئەشقێ، ئاڤێت دلۆ
دل وو کەزەب، تەڤ بوون کولۆ
یاربوو گولۆ، ئەز بووم بلبلۆ
ئەمان، ئەمان، ئەمان، دلۆ، ئەمان، ئەمان، ئەمان، دلۆ
ژ دەردێ یارێ، تب کولۆ
ژانێ ئەشقێ، ئاڤێت دلۆ
ئەمان، ئەمان، ئەمان، دلۆ، ئەمان، ئەمان، ئەمان، دلۆ
ژ دەردێ یارێ، تب کولۆ
ژانێ ئەشقێ، ئاڤێت دلۆ"*
مووسا گۆرانییەکەی بە سەیدۆ بڕی و ڕوویکردە من و گووتی:

- بزانە هیچ جوڵەیەک هەیە؟
منیش سەرم لە سەنگەرەکە بڵندکردەوە، بە درێژایی شەقامەکە ڕوانیم..
- نەخێر
- دیارە پێناچێت ئەمڕۆ هێرش بهێنن!
- ئەی نایەن تەرمی کوژراوەکانیان ببەنەوە؟
- هههەه، جا ئەوان کەی گوێیان بە چارەنووسی زیندووەکان داوە، تا بیر لە تەرمی کوژراوەکانیان بکەنەوە.
مووسا سەیرێکی قوولەی چاودێریەکە کرد، گوتی:
- پەرچەم، چەند فیشەکتان پێماوە؟
- ئەزبەنی خەمت نەبێت، فیشەکی پێویستمان لایە.
مووسا، وەک ئەوەی چاوەکانی کزبن و بیەوێت دێڕێک نووسین بخوێنێتەوە، چاوەکانی بچووککردنەوە، هاوشێوەی ئەوەی لە درەختێکی قەدئەستوور و باڵا بڵند، بڕوانێت، بەسەرسامییەوە تەماشایەکی "پەرچەم"ی کرد، ئەو کچە جوانەی نەبینی، کە ڕۆژانی پێشتر بینی بووی، تاڵە پرچەکانی تێک ئاڵاو و خۆڵ ڕەنگی جلەکانی گۆڕی بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەمە چ قەدەرێکی ڕەشە ئەم میللەتەی ئێمەی تێکەوتووە... وای لەمنێ..
پەرچەم، "کەفی" یەکەی لەسەری لابرد، تاڵە سپییەکانی قژی لە نێو تاڵە ڕەشەکانیدا، وەک مرواری سپی بەدیار کەوتن،ڕاستەوخۆ دایکم کەوتەوە یاد کەسەرەتایی دەرکەوتنی موی سپی بوو لەسەریدا، ئەو سەری دەخستە سەر سەرینێکی بڵندو دەیگوت: دەی منالینە وەرن تاڵە سپییەکانم بۆ هەڵبکێشن،ئێمەش تەواو قژیمان پەیدەکرد و هەموو تاڵە سپییەکانمان لە بێخەوە هەڵدەکێشا. پەرچەم، دووبارە کەفییەکەی لەسەری بەستەوە، بزەیەکی سیحراوی پڕ لە نائومێدی بەڕووی"مووسا"دا کرد،دواتر، هەناسەیەکی پڕ لە حەسرەتی هەڵکێشا.
ئەمڕۆش خۆر بەرەو خوار ملی ڕێگەی گرت، تا تیشکی ئەو لاوازتر دەبوو، شار خامۆش تر و جارێکی تر، بێدەنگی تەنگی بە هەمووان هەڵدەچنی.
بەپێچەوانەی ڕۆژەوە، سیسرکەکان لە خۆرئاوا بوونەوە، لە نێو کەلاوەکانی شاردا، دەستیان دەکرد بەگۆرانییگووتن، بۆقەکانیش لەنێو چاڵە سیناوەکانی پاشماوەی توری بۆریە شکاوەکانی ئاوەڕۆی شارەوە، بۆیان دەسەندنەوە، سەگەکانیش، دەستیان دەکردەوە بەوەڕین،جارجار کوندەپەپوویەکیش،لەسەر دارتیلێکی بڵندی مشتەنوورەوە، بە ئاوازێکی زۆر غەمگین گۆرانی بۆ هاوسەرە کوژراوەکەی دەگووت، ئەمانە سەمفۆنیای شارێک بوون پڕ لە مردن و خاڵی لە سیماکانی ژیان.
بەهۆی زیادبوونی پێشکە و مێرووە باڵدارەکان، ئاسمانی شار پڕ ببوو، لە شەمشەمە کوێرە، بۆ ئەوان، زۆر بوونی ئەم مێرووانە، دەرفەتێک بوو بۆ خۆتێرکردن، بەڵام بۆ ئێمە مایەی نارەحەتی و خۆ هەڵکراندن و ئازار.
تا تاریکی توندتر دەبوو، مەترسییەکان لە دڵی ئێمەدا زیاتر دەبوون، چونکە جەنگاوەرەکانی تاریکی وەک کەمتیار، بەڕۆژ خۆیان حەشار دەداو شەوان دەکەوتنە جوڵە، ئەوان زۆربەی جار، نیوە شەو، یاخود بەرەبەیان هێرشیان دەهێنا، هەر بۆیە، هەمووان لە پەنای پارچە کۆنکرێتەکانەوە، دامەزرابووین، لە ترسی نیشان شکێنە قەناس بەدەستەکان زوو زوو جێگەکانمان دەگۆڕی. ئەو ڕۆژە کامەران سەرقاڵی قسەکردن بوو، گوللەی قەناسێک کەللەی سەری پێکا، جگە لە یادگاری و قسەخۆشەکانی لە دڵی ئێمەدا، ئەودێڕە نووسینەی سەر پارچە کۆنکرێتەکەی لەپاش بەجێما. شەو دەنگی زنجیری تانکێک و ژمارەیەک ئۆتۆمبیل، هەمووانی قوڵاغ کرد، بەپێی ئەزموون، لەوە تێگەیشتن ئەوە یا هێزی نوێیان هێناوە، یان ئازوقە و فیشەک، یاخود ئۆتۆمبیلی بۆمب ڕێژکراو.
باشم لەبیرە، بەرەبەیانێکی زووبوو، سەرەتای ئەوەبوو خۆر بەدەستە بەخشندەکانی، تاڵە پرچەکانی بەسەر شاردا پەخشان بکات، چەند مووشەکێکی موشەکبارین، وەک دەنگی چەخماخەی هەوری بەهار، لە پشت ئێمەوە دایان بەزەویدا، دەنگی هیچ بۆمبێک، ئەوەندەی دەنگی ئەم جۆرە مووشەکە ناحەز نییە، بەو دەنگە، وەک ئەوەی بتڵێک شەرابمان خواردبێتەوە، هەمووان کاس و هێربووین، هەر ئەوەندەم زانی مووسا هاواریکرد:

- گەلۆ فریاکەون، هاتن....

ئیتر لەهەموو لایەکەوە بوو بە ئاگرباران، دەنگی تەقینەوەی ئارپیچی و قرمەی بیکەیسی و دەنگی هاواری جەنگاوەرانی تاریکی، ئەو ناوەی کردبوو بە ڕۆژی حەشر، ئای لەو ڕۆژە، سەیدۆ هاواریکرد:مووسا، بچۆ ڕۆڤیاکەی خۆت، خەمی ئیمەت نەبێت.

هەر چەند چرکەیەکی نەبرد، ئەندامانی تر دەستەکەمان، وەک گەلە شێر، لە باڵەخانە نیمچە ڕوخاوەکەوە، بۆ ناو سەنگەرەکان،لەلان هاتنەدەر. لەگەڵ گەرمبوونی تیشکی خۆردا، شەڕەکەش گەرمتر دەبوو، جەنگاوەرەکانی تاریکی، چەندین جار شاڵاویان هێنا، بەڵام بەردەوام شکستیان دەخوارد، ئای چەند خەمناک بووم، کاتێک پەرچەم بە دەنگێکی تێکەڵ بە گریان هاواریکرد:

- زێرەڤان، زێرەڤان، زێرەڤان..

- پەرچەم، ئەوە چی بوو؟، بۆ هاوار دەکەیت؟

- زێرەڤان پێکراوە...

منیش خۆم پێنەگیرا، بەرەو سەنگەرەکەی ئەوان چووم، تەماشایمکرد، بە هەمان شێوەی کامەران ئەمیش گوللەیەکی قەناس لای چەپی سەری زێرەڤانی پێکابوو، پەرچەم سەری زێرەڤانی خستبووە سەر ڕانی و دەگریا، دەگریا بۆ مەرگی ئەو خۆشەویستییەی،کە هەمووان هەستمان پێیکردبوو، بەڵام ئەم نەیتوانی دەریبڕێت، چونکە هەرکات خۆشەویستی بۆ زێرەڤان زیاتر دەبوو، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: پەرچەم، خۆشەویستی چی؟، ئێستا کاتی بەرخودانە. کەبینیم،لەوە دڵنیابووم ئەو هەناسانە، دوا هەناسەکانی زێرەڤانن، ناوچەوانیم ماچکرد و بۆ سەنگەرەکەی خۆم گەڕامەوە، هێندەی نەبرد، پەرچەم بەدەنگێکی بەرز قیژاندی، زانیم ئیتر زێرەڤان گیانی سپاردووە.

بەردەوام هاوارەکانی سەیدۆ کە دەیگوت:

- بیانکوژن، ورەتان هەبێت... بژی کوردستان، بژی ئازادی.

تێکەڵ بە کیزەی گوللە و دەنگی تەقینەوەی ئارپیجی و بۆمبەکان دەبوو، پەرچەم بەرەو لای ئازاد ڕایکرد، پەلاماری بیکەیسیەکەی دەستیدا، خۆی هاویشتە ئەو دیوو سەنگەرەکە و بە پێوە دەستی کرد بەتەقەکردن، هەرچەندە هاوارمان لێکرد، هیچ سودی نەبوو، لەپڕ چەند فیشەکێک سنگ و ناوسکی پێکاو ئەویش شەهید بوو، ئازاد و دەسکۆ چوون زۆر بەزەحمەت تەرمی پەرچەم و بیکەیسیەکەیان هێنایەوە. شەڕەکە تا نزیکی خۆرئاوابوون درێژەی هەبوو، گوللە تۆپێکی دەبابە، دای لە سەنگەرەکەی لاچین و ئەوی هەپرون بەهەپرون کرد، ئای لەو ڕۆژەی لاچین،ئەم باسەی بۆ گێرامەوە، کەوا ئێستا بۆ ئێوەی دەگێڕمەوە،ئەمە دوا بە وشەیم لە "لاچین" ەوە بیستووە،ئەو گوتی: ئەوقارەمانێتییەی لە"مووسا" و دەستەکەیم بینیوە، لە پەراوەکانی مێژووشدا، وێنەی کەمە.

مووسا باڵەخانەیەکی بڵندی پشت ئێمەی کردبوو بەڕۆڤیا، لە مەتەرێزێکی بچوکەوە، بە قەناسەکەی بواری نەدەدا، هیچ جەنگاوەرێکی تاریکی سەر دەربهێنێت، بەقەد لەپی دەستێک دەربکەوتنایە، کەللەی سەری دەپێکان، ئەو زۆری لێکوشتن، بەداخەوە،ئەو ڕۆژە وا دیارشوێنەکەیان ئاشکرا کردبوو، گوللە تۆپێکی دەبابە،ڕۆڤیاکەی کردە ئامانج، باڵەخانەکە هەرەسی هێناو هاتەخوارەوە، ئەم دیمەنە، مەگەر دیمەنی تەقینەوەی دوو باڵەخانەکەی نیویۆرک، هاوشێوەی بێت، مووسا کەوتە ژێر دار و پەردووی ئەو باڵەخانە زەبەلاحە، ئیتر نەمانتوانی تەرمەکەی بیبینەوە، بۆ هەتایە لێمان ونبوو.

لەکۆبانێ، ئەو شەڕە لەدوایین هێرشەکانی جەنگاوەرانی تاریکی بوو، دواتر ئەوان،ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو دوا هەڵدەهاتن، تا تەواوی کۆبانێ و هەموو خۆرئاوای کوردستانیان لێ پاک کرایەوە.

ڕۆندک، قسەکانی تەواوکرد و قاچە دەستکردەکەی لە پێی توند کردوو، بەدارشەقەکەی هەستایە سەرپێ، دەستی برد، چەند کلینێکسێکی لە پاکەتەکە دەرهێنا و فرمێسکی چاوەکانی سڕیەوە، ڕوویکردە ئاسمان و گووتی:

خودایە، کەنگێ جەنگ و داگیرکاری، لەم وڵاتەی من کۆتایی دێت؟

هەواڵنامەی کتێب

# سیاسەت و پلانی زمانیی

# Language Policy & Planning



د. مستەفا ڕەزا مستەفا / زانکۆی چەرموو

هەواڵنامەی کتێب

بۆ قسەکردن لەسەر چەمکی سیاسەتی زمانیی، ناکرێت (پلانی زمانیی –Language Planning)، فەرامۆشبکەین، چونکە ئەم دوو چەمکە پێکەوە پەیوەستن و تەواوکەری یەکن، هەربۆیە ئێمە لەگەڵ سیاسەتی زمانییدا، لە بارەی پلانی زمانییشەوە دەنووسین،هۆکاری تەرخانکردنی ئەم وتارە بۆ (سیاسەت و پلانی زمانیی) دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئێستای زمانی کوردیی، چونکە پێمانوایە لەم قۆناغەدا بۆئەوەی زمانەکەمان لە هەژموونی زمانە بێگانەکان و دەستبالایی تەکنەلۆژیای زانیاریی و جیهانگیریی بپارێزین، هاوکات بۆ دارشتنی بەرنامەیەکی تۆکمەی زانستیی، بۆ گەشەپێدان و بژارکردن و ڕاژەکردنی زمانی کوردیی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییەکانی بەردەم زمانەکەمان لەم قۆناغەدا، بە باوەڕی ئێمە سیاسەتی زمانیی و ڕەنگرێژکردنی پلانێکی وردی زمانیی،کاری لە پێشینە و گرنگی لایەنە پەیوەندیدارەکانە، بە تایبەت دەسەڵاتی جێبەجێکردن – حکومەت، چونکە ئەوە حکومەتە ڕەنگرێژ و نەخشی سیاسەتی زمانیی دەکات و ڕێکارەکانی ئیدارەدانی ئارێشەکانی زمان دیاریدەکات و هەوڵی چارەسەرکردنی لەمپەر و کۆسپەکانی بەردەم

زمانەکە دەدات، هەر لەم ڕووەوە، زمانەوانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی (پیتەر ترادگیل،٢٠٢١: ١٨٢)، دەڵێت: (( ئەو چالاکییانەی کە حکومەتەکان سەبارەت بە زمان دەیکەن دەکرێت وەک هەوڵدان بۆ پلاندارِشتنی زمانیی نێوزەدبکرێن))، دیارە گرتنەبەری ئەو سیاسەتە زمانییەش لە دایکبووی دەوڵەت – نەتەوە و بیری نەتەوەگەرییە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا، چونکە بە هاتنەئارای ڕەوشێکی نوێ لە دوای یەکەم جەنگی جیهانیی و دروستکردن و دامەزراندنی چەندین کیان و دەوڵەتی نوێ لەسەر بنەمای نەتەوە و لێکهەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتە گەورەکان و دروستبوونی دەوڵەتی بچووکی نەتەوەیی وایکرد، کە ئەو وڵاتە تازە لەدایکبووانە لە هەوڵی بووژانەوە و گرنگیدان بە کەلتوور و فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی خۆیاندا بن، بێگومان یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی پێکهاتەی نەتەوەش زمانە، بۆیە کارکردن و دارِشتنی سیاسەتێکی زمانیی بۆ یەکلاکردنەوەی زمانی ستاندارد و چارەسەرکردنی فرەزمانیی و دانانی پلانێکی ورد بۆ کێشەی زمانی فەرمیی و کارگێڕیی و پەروەردە، هۆکاری لە دایکبوونی سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی بوون، هەر لەم بارەیەوە (لویس جان کالڤی،٢٠١٢: ١٥٤)، دەنووسێت: (( سیاسەتی زمانیی دەتوانێت دەست لە پەیوەندییەکانی نێوان زمانەکان لە ڕەوشەکانی فرەزمانییدا وەربدات، کاتێک وا پێویستدەکات زمانێکی نیشتمانیی لەنێوان چەند زمانێکدا هەڵببژێردرێت، یان فرەزمانیی لە ناوچەیەک چالاکبکرێت، یا زمانەکانی پەروەردە و فێرکردن و ڕاگەیاندن هەڵبژێردرێن....))،لەگەڵ ئەوەشداجاری وا هەبووە دارِشتنی سیاسەتی زمانیی ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی وەرگرتووە و لە پێناوی شەنوکەوکردن و ڕاژەکردن و دیاریکردنی پلەی زارێکدا نەبووە، تا وەک زمانی فەرمیی دەکاربێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە سیاسەتی زمانیی بۆ دژایەتیکردنی زمانێک و وەسەرخستن و خزمەتکردنی زمانێکی دیکە بووە، واتە بە مەبەستەوە دارِشتنی پلانی زمانیی بۆ پشتگوێخستن و ڕێگرییلێکردن و توانەوە و کوشتنی زمانێکی دیاریکراو وەڕێخراوە، بۆ نموونە وەک ڕەوشی زمانی کوردیی لە تورکیا و ئێران و سوریا و کەمتریش عێراقی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی، کە لە سێ وڵاتی یەکەمیاندا بە هەموو توانایەکی



سەربازیی و یاسایی و دارایی و رۆشنبیرییەوە هەوڵی چەپاندن و قەدەغەکردنی زمانی کوردیی دراوە و بە یاسا و دادگا و پۆلیس رووبەرووی ئەو کەسانە بوونەتەوە، کە زمانی دایک – زمانی کوردییان بەکارهێناوە.

سەبارەت بە پلانی زمانیی، بۆ یەکەمجار ئەم چەمکە لە لایەن (هۆگن)ەوە لە ساڵی ١٩٥٩ بەکارهاتووە، کە لە وتارێکیدا لە بارەی رەوشیی زمانیی لە وڵاتی نەرویج خستوویەتییەڕوو، هاوکات چەمکی سیاسەتی زمانییش لە ساڵی ١٩٧٠دا لەلایەن (فیشمان)ەوە بەکارهاتووە.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم دوو چەمکە، کە لە چوارچێوەی زانستی زمانی کارەکیی و بە تایبەت لە بواری زمانەوانی کۆمەڵایەتییدا کاریان لەسەر کراوە، لە رەوش و بارودۆخە جیاوازەکانی زمان و زارەکان لە وڵاتانی فرەزماندا دەکۆڵنەوە، واتە ئەم دوو چەمکە پەیوەستن بە بارودۆخی تایبەت بە گۆڕانی زمان و چارەسەرکردنی کێشەکانی فرەزمانیی و هەوڵدان بۆ دانانی زمان و رێنووسی ستاندارد، یان بە پێچەوانەوە سیاسەتی زمانیی و دارشتنی پلانی زمانیی بۆ رێگریلێکردن و کوشتنی زمانێک بووە، وەک رەوشی زمانی کوردیی لە تورکیا و ئێران و سوریا و کەمتریش لە عێراقدا، کە پێشتر خستمانەڕوو.

لە بارەی ناساندنی سیاسەتی زمانییەوە وتراوە (( بریتییە لە سەرتاپای ئەو رێگایانەی دەگیرێنەبەر لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتییدا)). کەواتە لەبەر رۆشنایی ئەو پێناسەیەی (لویس جان کالڤی)دا، بۆ سیاسەتی زمانیی، دەتوانین بڵێین سیاسەتی زمانیی تێکرای ئەو چالاکیی و رێکار و هێڵە گشتییانە دەگرێتەوە، کە حکومەت بە شێوەیەکی واقعییانە بۆ ئاراستەکردنی زمانێک و خزمەتکردنی و بەکارهێنانی وەک زمانی پێوەر لە بوار و کایە فەرمییەکاندا دەیگرێتەبەر، ئەمە جگەلەوەی کە حکومەت لە رێگەی پسپۆران و دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە چاودێری رەوشی زمان و زارەکان و بە تایبەت زمانی پێوەر دەکات و یاسا و رێنمایی تایبەتی بۆ دەردەکات بۆ چاودێرییکردن و بەدواداچوون و پێشخستن و گەشەپێدانی.

لە بارەی پلانی زمانییشەوە لە گۆشەی جیاوازەوە پێناسەی ئەم چەمکەیان کردووە، کە هەوڵدەدەین چەند روانگەیەک پێشچاوبخەین:

* پلانی زمانیی هەوڵێکی سیاسی دروست و ساخلەمە لە ئاکامی هەبوونی رەوشێکی سیاسی – کۆمەڵایەتی دروستدەبێت و هەوڵدەدات رەوشی خودی زمان لە وڵاتێکی یەکزمانیی بگۆڕێت، وێرای ئەمەش پلانی زمان چالاکییەکی حکومیی و جەماوەرییە بۆ هەڵبژاردنی زارێک لە زارەکانی نەتەوە، هەروەها پەرەپێدانی زمانێکی کارگێریی یەکگرتوو.

* پلانی زمانیی بریتییە لە هەوڵێکی درێژخایەنی بەردەوامی رێگەپێدراوی ئاگایانە، کە لەلایەن حکومەتەوە بۆ گۆڕینی ئەرکی زمان لە کۆمەڵدا رێکخرابێت، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەندییکردن.

کەواتە پلانی زمانیی بریتییە لە هەوڵی بە مەبەست و ئاگایانەی حکومەت و دەستتێوەردانی حکومەت لە کاروباری زمانیی لە ئاکامی رەوشێکی تایبەتی زمانیی بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی ئەو رەوشە، بە تایبەت لە کۆمەڵگە فرەزمانەکاندا، ئەم رەوشەش زیاتر لە ئاکامی نەبوونی زمانی ستاندارد و رێنووسی ستاندارد و نەبوونی فەرهەنگ و رێزمانێکی نوسراوی ئەو زمانەوە دێتەئاراوە، کە لەم کاتەدا ئەرکی حکومەتە دەستبخاتە ئەم جۆرە رەوشانەوە و هەوڵی چارەسەرکردنیان بدات.

ئەگەر لە روانگەی پێناسەکانی هەردوو چەمکی سیاسەتی زمانیی و پلانیی زمانییەوە، کە زیاتر بە ئەرک و کاری حکومەت ئەژماکراوە و لە دەسەڵاتی ئەودایە نەخشەرێگایەک بۆ چارەسەرکردنی ئارێشە و کێشەکانی بەردەم زمانەکان و هاوکات رێکارەکانی پاراستن و گەشەپێدان و خزمەتکردنی زمانەوە بگرێتەبەر، ئێمە لەم گۆشەنیگایەوە باسی سیاسەت و پلانی زمانیی دەسەڵاتی کوردیی و رەوشی زمانی کوردیی بکەین، ئەوا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، ئەوەی

لە ڕەوشی ئێستای زمانەکەمان دەخوێنرێتەوە ئاماژەدەری ئەو ڕاستییەیە، کە حکومەت لە ماوەی ٣١ ساڵی ڕابردوودا خزمەتکردنی زمانی کوردیی و گرنگیپێدانی، لە کارە یەکەمیین و سەرەکییەکانی نەبووە، نەک ئەمەش بەڵکو زۆرجار هەستدەکرێت لە پەراوێزی ئەو کارانەشدا نییە، کە حکومەت پلانی بۆ دارشتووە، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی کە تا ئێستا زمانی کوردیی (زمانێکی پێوەری) دانپیانراوی پاڵپشت بە یاسای نییە، ئەوەی کە هەیە ڕێچکەگرتنی دوو شێوەزاری زمانی کوردییە، کە هاوشانی یەکتر وەک زمانی ستاندارد مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و لە دامودەزگا فەرمییەکان و بوارەکانی پەروەردە و ڕاگەیاندن و ...هتد بەکاردەبرێن، کە ئەوانیش هەردوو شێوەی (بادینی و سلێمانی/سۆرانی) یە لە دیالێکتەکانی (کوردیی ژووروو، کوردیی ناوەڕاست)دا،دیارە ئەمە بۆ یەکلانەکردنەوەی ڕێنووسێکی ستانداردیش هەر ڕاستە، چونکە لە ئێستادا بە تایبەت لە ڕاگەیاندنەکاندا هەردوو ڕێنووسی/ئەلفبێی (ئارامیی و لاتینی) بەکاردێن، هاوکات لەگەڵ ئەوانەشدا نەبوونی چاودێریی و لێپرسینەوە و هەوڵنەدان بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردیی لە سەرجەم بوار و کایە گرنگەکانی ژیان و ژیاریی و لایەنە زانستییە جیاوازەکاندا، ئەمە جگە لە نەبوونی سیاسەتێکی ڕوون لە بواری پەروەردەدا بۆ قۆناغ و کاتی خوێندنی زمانی دووەم و سێیەم، چونکە ئەوەی دەبینرێت بە تایبەت لە خوێندنگە ئەهلییەکاندا هەر لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە گرنگییەکی زۆر بە زمانی ئینگلیزی دەدرێت و سەرجەم وانەکان بەو زمانە دەوترێنەوە، لەم ڕووەوە ئاڕاستەیەکی بەرژەوەندخواز هەیە، کە کار لەسەر پەراوێزخستنی زمانی کوردیی لە زۆربەی بوارەکان دەکات و لەم ڕووەوە زمانی کوردیی لە هەندێک شوێن خەریکە دەبێتە میوان و زمانانی تر دەبنە خانەخوێ، سەرەڕای ئەمانەش نەبوونی سیاسەت و پلانی زمانیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و دانانی سنورێک بۆ هەژمونی زمانەکانی بێگانە، بە تایبەت زمانی ئینگلیزی کە لەم قۆناغەدا لە بوارە سیاسیی و ئابووریی و زانستیی و ڕۆشنبیرییەکەوە هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ پێگەی زۆربەی زمانەکان نەک تەنها بۆ پێگەی زمانی کوردیی.

لە کۆتاییدا پاش خستنەڕووی هەردوو چەمکی (سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی)، ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە ئەم دوو چەمکە تەواوکەری یەکدین و دووانەیەکی لێکدانەبڕاون، ئەوە هەیە، کە سیاسەتی زمانیی چوارچێوە و هێڵە گشتییەکانی کارکردنی نێوان زمان و کۆمەڵ و ژیانی کۆمەڵە، پلانی زمانییش ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەیە، لە ڕەوش و بارودۆخە جیاوازە زمانییەکاندا، هاوکات ئەوەشمان بۆ ڕوونبووەوە، کە لە ماوەی دەسەڵاتی خۆسەریی کوردییدا، دەسەڵاتی جێبەجێکردن خەمخۆری جدیی زمان و کەلتور و ڕۆشنبیریی کوردیی نەبووە و هەوڵینەداوە سیاسەت و چوارچێوەیەکی زانستیی واقعی بۆ زمانی کوردیی دابڕێژێت، تا لەو چوارچێوەیەدا بتوانێت بە هاوکاری پسپۆڕان و شارەزایان پلانێکی ورد و بەرنامەی کاری جێبەجێکردنی ڕاژەکردنی زمانی کوردیی دابڕێژێت و زمانی کوردیی بۆ قۆناغی ئێستای ئامادەبکات، کە قۆناغی وەڵامگۆیی ئاخێوەری سەردەمی جیهانگیریی و تەکنەلۆژیای زانیاریی و سەردەمی هورووژم و باڵادەستی زمانێکی وەک ئینگلیزییە، ئەمە جگە لە نەبوونی پلانێکی ورد بۆ لابردن و نەهێشتنی ئەو کۆسپ و قۆرتم و تەگەرانەی کە وەک ئاڵنگاریی هاتوونەتە پێش زمانەکەمان.

سەرچاوەکان:

* لویس جان کالڤی، شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی، و.بەهادین جەلال، ٢٠١٢.

* پیتەر ترادگیل، زمانناسی کۆمەڵایەتی، و.حەسەن قازی، ٢٠٢١.

* ئومێد بەرزان برزو، توێژینەوە زمانەوانییەکان، بەرگی دووەم – ٢٠٢٠ .

* سەلام ناوخۆش، ناسیۆنالیزمی کوردی و زمانی کوردی، ٢٠١٦ .

# لەناو گوفەکدا، قەلەڕەش



جێگر بەختیار

هەواڵنامەی کتێب

**لە خوێنتدا**

گەنجێکی بوێریت، بازووەکانت ئەستوورن، باڵایەکی مامناوەندت هەیە، لە سەر قۆڵی ڕاستت تاتۆی قەلەڕەشێک کوتراوە. لەلای چەپی ڕوخسارت شوێن برینی چەقۆ هەیە. شوێن برینێکی چوار سانتیمەتری. لە فرۆشگایەک ڕۆژەکەت بەسەر دەبەیت، شەوانەش لە کافتریاکان خەریکی نێرگەلە کێشان و دۆمینەی. ڕۆژانە ئاسایی کارەکانت دەکەیت، وەک خووییەک زوو زوو تووڕە دەبیت و بە کڕیارەکانی هەڵدەڕێژیت. لە گۆشەنیگایەکەوە سەیرت دەکەم، خەریکی پاککردنەوەی فرۆشگاکەتی. دەلینگی پانتۆڵەکەت هەڵکردووە و مووە تەڕەکانی قاچت دیارن، سۆندەیەکی ئاوت لە دەستدایە، قونکە جگەرە،سەرەسیفۆن، توێکڵە گوڵەبەڕۆژە و پاشماوەکانی تر ڕادەماڵی.

لە دەرەوە با و بارانە، با پەنجەی پێت بەسەر نەعلەکانەوە دەتەزێنێت. خەریکە تەواو دەبیت لە شتنی فرۆشگاکەت.

– گوڵەبەڕۆژەتان هەیە؟

– بەڵێ قوربان لەناو ئەوڕەفەیە دایە.

بە پەنجەت ئاماژە بۆ لای ڕەفەیەکی چەرەزات دەکەیت. کڕیارەکە جامی سەرڕەفەکە بەرز دەکاتەوە

و مشتێک گوڵەبەڕۆژە دەردەهێنێت. هێشتا سۆندە ئاوەکەت بەدەستەوەیە و لە کڕیارەکە ڕادەمێنیت، کە بەدەم کرتاندنی گوڵەبەڕۆژەوە پرسیارت لێ دەکات؟

– کیلۆی بە چەندە؟

وردە وردە توێکڵی گوڵەبەڕۆژە دەخاتە سەر کۆنکرێتە شۆراوەکە.

– بێ زەحمەت توێکڵەکە فڕێ مەدە، تازە شتوومە.

– ئەی ئیشی تۆ لێرە چییە؟

تووڕە دەبێت و سۆندە ئاوەکە فڕێ دەدەیت و بە سەریدا دەشیڕێنیت:

– دەڵێیت بەرازی دەلەوچی.

دەمەقاڵێیەکی توند لە نێوان تۆ و کڕیارەکەدا ڕوو دەدا، کڕیارەکە پاڵێکت پێوە دەنێت و خەریکە بە پشتدا بکەویت. خۆت دەگریتەوە، پەلاماری شووشەیەکی پێپسی دەدەیت کە لەسەر مێزێکی بچووک، نزیک دەرگا دانراوە و بە هەموو هێزت بە سەری کڕیارەکەیدا دەکێشیت. خوێن لەسەری فیچقە دەکات و بە پشتدا بەردەبێتەوە. ئاو لە سۆندەکە دەڕژێت و خوێن لەسەری کڕیارەکە. ئاو و خوێن تێکەڵ دەبن و سوورێکی کاڵ فرۆشگاکە ڕەنگ دەکات.

### مێروولەی شەکر بەکوڵ

لە گۆشەیەکەوە سەیرت دەکەم، لەسەر کورسییەک دانیشتووی و قاچەکانت درێژ کردووە بۆ سەر مێزێکی بچووک. چاکەتێکی کڵاودارت لەبەرە و کڵاوەکەت خستووەتە سەرت. کتێبێکت بەدەستەوەیە و خەریکی خوێندنەوەی. ئیستێک دەکەیت و بیر لەوە دەکەیەوە، کە فۆتۆگرافیک بەلاتدا تێپەڕ بێت و بێ ئەوەی ئاگات لێ بێت وێنەیەکت بچرکێنێت. لە وێنەکەدا فۆکس بخاتە سەر حاڵەتی جل وبەرگ کار و کەسابەتەکەت، کە بەو حاڵەشەوە خەریکی خوێندنەوەیت. وێنەکەت لە سۆشیال میدیادا بڵاودەبێتەوە، خەڵکێکی زۆر هاوبەشی پێ دەکات، تۆش لە لای خۆت هاوبەشی پێ دەکەیت، بەڵام نازانیت لەسەر وێنەکە چی بنووسیت؟

نووسینێک کەڕیکلام بێت بۆ بارودۆخت و دانەبڕانت لە خوێندنەوە، یان ڕیکلام بێت بۆ چایخانە بچووکەکەت؟

لەو خەیاڵانەت دەپچڕێیت و دەچیتەوە سەر خوێندنەوە، لە ناو ڕستەکان خۆت لێ ون دەبێت، بیرت دەچێت لەسەر کاری. دوو گەنج بەرەوڕووت دێن،یەکێکیان جگەرەیەکی لەنێوان پەنجەکانی دایە و ئەوی تریان بەدەم سەیرکردنی شاشەی مۆبایلەکەیەوە ڕێ دەکات.

– چا هەیە؟

– ها، بەڵێ، بەڵێ.

کتێبەکەت بە کراوەیی دەمەوڕوو لەسەر کورسییەکە بەجێ دەهێڵیت، دەچیتە بەردەم کتری و قۆرییەکان.

– ئاوێکی گەرم بە پیاڵەکاندا بکە

– ئی من با کەم شەکر بێ

– با تۆزێک بەرەنگ بێ

– پڕی مەکە با بە سەرمدا نەڕژێت

– ڕەنگی بۆ وایە؟

پەلەپەل دەکەیت و کەمێک ئاوی گەرم بەسەر پەنجە گەورەتدا دەڕژێت و دەیسووتێنێت. فوو لە پەنجەت دەکەیت، بە دەستەکەی دیکە دەسکی کوپە چایەکە دەگریت و دانە دانە لەبەردەمی هەردووکیان دای دەنێت.

خەیاڵت هەر لای خوێندنەوەی کتێبەکەتە، هەوڵ دەدەیت لە مێشکتدا ئەوڕستەیەت لێ ون نەبێت، کە دوایین جار خوێندتەوە و دەستت هەڵگرت لە خوێندنەوەی.

دوو گەنجەکە دادەنیشن و بەدەم چا خواردنەوە قسە دەکەن، کابرای جگەرە بە دەست زەنگی مۆبایلەکەی لێ دەدات. سەیرێکی ئەملا و ئەولا دەکات، قونکە جگەرەکەی توڕ هەڵدەداتە دەرەوە. بە دەنگێکی بەرز وەڵامی پەیوەندییەکە دەداتەوە.

گەر بمەوێت دەتوانم لێرە هەموو ئەو قسانەت پێ دووبارە بکەمەوە کە لە زاری کڕیارەکە گوێت لێ بووە، بەڵام نایکەم، چونکە دەتەوێت بیرت نەچێت لە کام ڕستە، کتێبەکەت جێهێشت.

دوای کەمێک دانیشتن، یەکێک لە گەنجەکان بە تووڕەیی کوپی چایەکەی لەسەر مێزەکە دادەنێت؛

– ئەو چایە بۆ وا ساردە؟

هەواڵنامەی کتێب

- ساردە!
- بەڵێ.
- نازانم، ئاوەکەی گەرم بوو، دەستی سووتاندم.
گەنجەکەی تر دەست بۆ گیرفانی دەبات و پارەکەی دەردەهێنێت، پێنج سەت دینار دەخاتە سەر مێزەکە، دەیانەوێت هەستن و برۆن.
- کاکە هەزار دینار دەکات.
- بۆ؟
- چای بە پێنج سەتە
- گەشتیارییە! لە هەموو شوێنێک هەر دوو سەت و پەنجایە.
دەبێتە دەمەقاڵێی هەر دوو لاتان، یەکێک لە گەنجەکان پاشماوەی کوپە چایەکە بەڕوخسارتدا دەڕێژێت. لایەک لەڕوخسارت دەسووتێنێت. توند دەستت بەڕوخسارتەوە دەگریت، شەقێک لە سکی هەڵدەدەیت. گەنجەکەی دیکە پەلامارت دەدا و چەند بۆکسێک لە سکت دەدا. لەتاو گیانی شیرینی خۆت، دەست درێژ دەکەیت بۆ مەقەسێک، کە لەسەر مێزی بچووک لە نزیک دەرگا دانراوە، هەڵی دەگریت و لە سکی دەچەقێنیت. گەنجەکەی دیکە بە بینینی ئەو دیمەنە دەشلەژێت و لەوێ هەڵ دێ.
بە لا ڕوخسارێکی سووتاوەوە، کە لە دەستی ڕاستت مەقەسێکی بە خوێن هەیە، بەسەر لاشەیەک وەستاویت، لە لاشەکە دەڕوانی کە لەناو قاتێکی سەرتاپارەشدایە. بە پشتدا کەوتووە و کوپێک لە تەنیشتی پارچەپارچە بووە، چایەکەی ناوی ڕژاوە و مێروولە دەوریان لە شەکرە نەتواوەکە داوە.

## دانپێدانان ١

) ئێمە کەلاکی بۆگەنین و ژیان قەلەڕەشێکی چڵکن ( هەشت ساڵە خوێندنم تەواو کردووە، هێشتان هاوسەرگیرم نەکردووە، شاگردم لە فرۆشگایەکی سەر ڕێگەی سلێمانی - گەرمیان. باڵایەکی کورتم هەیە و ڕوخسارم گەنم ڕەنگە، چەند ساڵێکە فێری جگەرەکێشان بووم. سەرەتا قونکی جگەرە کە پاشماوەی کڕیارەکانم بوو لەناو تەپلەکەکان دەرم دەکرد و دەمکێشا، دواتر پاکەتم لە خاوەن کارەکەم دەدزی و لە سەر پلاستیکی سەقفەکە دەمشاردەوە، ئێستا پاکەت و چەخماخەم لە گیرفاندایە. حەز دەکەم ناتۆی قەلەڕەشێک لەسەر قۆڵیم بکوتم، قەلەڕەشم خۆش ناوێت، بەڵام لەیەکتر دەچین. ئەوان پاشماوەی گیانلەبەرەکان دەخۆن، لەسەر کەلاکی گیانلەبەرەکان دەلەوەڕێن، بە دەنووک گۆشتی گەنیو هەنجن هەنجن دەکەن و تیلمە تیلمە دەیخەنە قورگیان. پاشماوەی برینێکی چوار سانتیمەتری لەلای چەپی ڕوخسارم هەیە، لەڕێگەی چوون بۆ سەر کار پایسکلەکەم خلیسکا و بەربوومەوە، لای چەپیڕوخسارم لە دەسکی پایسکلەکە خشا، سەری چۆکم بریندار بوو. بەیانیان کاتژمێر حەوت دەچمە سەر کار و شەوان دوای کاتژمێر نۆ دەگەڕێمەوە ماڵەوە. لە سەرڕێگەم ڕەوە سەگی تۆری دەبینم کە دەمیان لە لاشەی ئاژەڵە تۆپیوەکان ناوە و ئێسکیان دەکرۆژن.
وەک خۆی ڕۆژانەی خۆم، بەیانیان جارێک و شەوانیش بەر لەوەی دای بخەم جارێکی دیکە فرۆشگاکە دەشۆم. لە فرۆشگاکەمان شیرنەمەنی، چا، شیر و خواردنەوە گازییەکان هەیە، لەگەڵ هەندێک بەرهەمی خۆماڵی دیکە .
بەر لەوەی فرۆشگاکە دابخەم خەریکی شوشتنیم. کڕیارێک سڵاوم لێ دەکات:
- گوڵەبەڕۆژەتان هەیە؟
- بەڵێ قوربان لەناو ئەورەفەیە دایە.
بە پەنجە ئاماژە بۆ لای ڕەفەیەکی چەرەزات دەکەم. کڕیارەکە جامی سەرڕەفەکە بەرز دەکاتەوە و مشتێک گوڵەبەڕۆژە دەردەهێنێت. هێشتا سۆندەی ئاوەکەم بەدەستەوەیە و لە کڕیارەکە ڕادەمێنم. بەدەم کرتاندنی گوڵەبەڕۆژەکە پرسیارم لێدەکات.
- کیلۆی بە چەندە؟
وردە وردە توێکڵی گوڵەبەڕۆژە دەخاتە سەر کۆنکرێتە شۆراوەکە.
- بێ زەحمەت توێکڵەکە فڕێ مەدە، تازە شتوومە.
- ئەی ئیشی تۆ لێرە چییە؟
دەستم دەکەمە مشت و توند نینۆکەکانم لە لەپی دەستم گیر دەکەم.

- بای دوو سەت و پەنجام بدەیە.
هەندێک گوڵەبەڕۆژە دەکەمە ناو کیسەیەک و لەسەر پێوانە کێشەکەی دادەنێم.
- کەمێک زیاتری تێکە، بۆ وا ڕەزیلی.
وەڵامی نادەمەوە، کڕیارەکە بەدەم کرتاندنی گوڵەبەڕۆژە فرۆشگاکە بەجێ دەهێڵێت. سۆندەی ئاوەکە هەڵدەگرم و دووبارە لە سەرەوە تا خوارەوەی فرۆشگاکەی دەشۆمەوە.
)لە قۆڵی چەپتدا هەست بە ئازار دەکەیت، کراسەکەی بەرت دادەکەنیت و دەچیت بەردەم ئاوێنە. سەیری دەکەیت ڕەش هەڵگەڕاوە. هەموو گیانت دەکەوێتە لەرزە، هەوڵ دەدەیت بانگی کەسێک بکەیت بێ هودەیە کەس بە فریاتەوە نایەت. نینۆکت لە ماسولکەی قۆڵی چەپت دەخشێنیت. جێگەی نینۆکەکانت دەبنە برین و دڵۆپ دڵۆپ خوێنیان لێدەتکێت. کە دڵۆپەکان بەر دەبنەوە بەر لەوەی بگەنە سەر زەوی دەبنە پەرەمووچیرەش. لە دەوری خۆت دەڕوانی، هەست دەکەیت سەرینێکیرەشیت و هەڵوەشاویەوە، با یاری بە پەرە مووچەکانت دەکات. نیگات دەکەوێتە سەر شوێن برینەکانی سەر قۆڵت، لە جێگەی برین پەڕی تازە سەریان دەرکردووە. وردە وردە قۆڵت ئازاری نامێنێت، قەلەڕەشێک لە جێگای ماسولکە لەسەر ئێسکی قۆڵت هەڵنیشتووە. زندەقت دەچێت، هاوار دەکەیت و قۆڵی چەپتڕادەوەشێنیت. قەلەڕشەکە هەڵدەفڕێت و لە چاوت وندەبێت، چاو دەگێڕیت دووبارە سیمای لەو دیوی پەنجەرە بەدیار دەکەوێت. دەچیتە دەرەوە، لێی نزیک دەبیتەوە لە شەقەی باڵ دەدات و دەفڕێت. بەدوایرادەکەی تا ناوەندی بازاڕ، دەتاسێی، ژمارەی قەلەڕەشەکان زیادی کردووە، ژمارەیەکی زیاتر قەلەڕەش دەبینی، لەسەر دوو پێ دەڕۆن، قەبارەیان گەورەترە،ڕەنگیانرەشتر، دەنووکیان درێژترە. سەیری خۆت دەکەیت تەنیا ئێسکە پەیکەرێک ماوی، ترس دات دەگرێت، هەوڵ دەدەیت لەناو بازاڕەکە دوور کەوییەوە،ڕادەکەی، هێدی هێدی ئێسکەکانت شی دەبنەوە و وردە خۆڵت لێ هەڵدەوەرێت. تەپەیەکت لێت و کەللە سەرت دەکەوێتە سەر گردە خۆڵێک. قەلەڕەشێک بەرەوڕووت دێت، هەست بەڕنووکی دەکەیت، کە لەسەر سەرت هەڵدەنیشێت( .

## بۆنی پارە

کاتژمێر هەشتی شەوە، تاک و تەرا ئۆتۆمبێل هاتووچۆ دەکەن، لەسەر کورسییەک دانیشتووی و بەناوڤیدیۆکانی سۆشیاڵ میدیادا دەگەڕێیت. ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل بەرز لە بەردەم فرۆشگاکەت ڕادەوەستێت. شۆفێرەکە دەناسێت،یانیش وا هەست دەکەیت کە دەیناسیت. گومان دەکەیت کچە مۆدێلیکە، کە زوو زوو ڤیدیۆکانی لە سۆشیاڵ میدیادا بڵاو دەکاتەوە. خەیاڵ دەتباتەوە؛
خەیاڵی یەکەم:
کچە مۆدێلەکە لە ئۆتۆمبێلەکەی دادەبەزێت، سەیری دەوروبەرەکەی دەکات، بەشێک لە فرۆشگاکان داخراون. ڕوو لەو فرۆشگایە دەکات، کە تۆی لێیە.
- سڵاو کورە قۆز.
- سڵاو خاتوون.
کچە مۆدێلەکە بەناو فرۆشگاکەدا دەگەڕێت و هەندێک شت هەڵدەگرێت. سەرت لەبەر خۆت ناوەتەوە و سەیری بەردەمی خۆت دەکەیت. بە بەردەمتدا دێت و دەچێت. بەئەنقەست سینگی لەشانت دەخشێنێت.
- تەمەنت چەندە؟
- بیست و شەش ساڵ.
- ئمم شەش ساڵ لەمن گەورەتری. ژنت هێناوە؟
- نەخێر.
دەستی بۆ سینگی دەبات و لەژێر کراسەکەی پێنج هەزاریەکی لوول دراو دەردەهێنێت، لە لووتت نزیک دەکاتەوە و دواتر خۆی بۆنی دەکات.
- ئاااح بۆنی چەند خۆشە، بۆنی بکە.
پێنج هەزارەکە لە لووتت نزیک دەکاتەوە، پێنج هەزارەکەی لێ وەردەگریت و دەچیتە ژووری پشتەوە تا ماوەی پارەکەی بدەیتەوە، پشتت لە کچەیەوە بە نهێنی چووکت دەخەیتە ژێر قایشی پانتۆڵەکەت، کچە مۆدێلەکە بە دواتدا دێت. لە کاتێکدا خەریکی کردنەوەی دەخیلەکەیت، کچەکە خۆی لەسەر مێزەکە درێژ دەکات و سەرتڕادەکێشێتە سەر

سینگی، هەست بە لینجایەک دەکەیت لەسەر سکت، هەڵدەدەیت خۆت ڕزگار بکەیت، زیاتر دەتکێشێت بەرەو خۆی.

خەیاڵی دووەم:

داوات لێ دەکەم سەیری کچەکە بکەیت، شەرم دات دەگرێت و سوور هەڵدەگەڕێیت. دەبێتە ئەڵقە لە گوێم، تا سەرنجی کچەکەڕابکێشیت زۆر لە خۆت دەکەیت. کچەکە بێ ئاگایە لە هەموو شتێک لە ئۆتۆمبێلەکەی دێتە خوارەوە، بەپەلە ئەو شتانە هەڵدەگرێت کە پێویستی پێیەتی. لە جانتا بچووکەکەی بیست و پێنج هەزار دینارییەک دەردەهێنێت و دەیداتە دەستت. بە بیانووی نەبوونی هەرماوی 1 تەواو، دەچێتە ژووری پشتەوەی فرۆشگاکە و بانگی کچەکە دەکەیت.

– خاتوون بەیارمەتیت.

کچەکە بەشوێنی دەنگت دا دێت و سەری لە دەرگارا دەهێنێتە ژوورەوە. توند دەستت لە ملی دەئاڵێنیت و پەلاماری دەدەیت، ڕای دەکێشیتە ژوورەوە و دەرگای لەسەر دادەخەیت. کچەکە دەخەیتە ژێر خۆت و جلەکانی بەری دەدڕێنیت. چرنووک لە لا چەپی ڕوخسارت دەدات و دەیرووشێنێت. بە بۆنکس لەدەمی دەدەیت، دەبووریتەوە. سادیستانە دەستدرێژی دەکەیتە سەری.

هۆرنێک لە خەیاڵ کردن دات دەبڕێنێت، سەرت بەرز دەکەیتەوە، لە ئۆتۆمبێلەکە دەڕوانیت، شۆفێرەکە جامی لایراست دەهێنێتە خوارەوە و بانگت دەکات؛

– کوڕە قۆز ئاوتان هەیە؟

– بەڵێ.

– دەبە ئاوێکم بۆ بێنە.

هەڵ دەستیتە سەر پێ، هەست بەلینجیەک دەکەیت لەسەر

سکت، سەیری قایشی پانتۆڵەکەت دەکەیت، کە چووکت لەبەر ناوە، هیچ شتێک دیار نییە و هەستی پێ ناکرێت.

دەبە ئاوێک دەبەیت و لە جامە نیوە کراوەکە ڕەوانی نێو

ئۆتۆمبێلەکەی دەکەیت. شۆفێرەکە لێت وەردەگرێت و دوو سەت و پەنجات پێدەدات.

– مێرسی.

**دانیشتنان ۲**

ویستت تاتۆ لەسەر قۆڵت بکوتی، ترسایت خەڵک ناوت بەد بکەن. لە زۆر شت دەترسییت، لە ئاژاوە، لە شەڕ، لە خۆشەویستی، لە ژن هێنان، لەڕاکردن لە خوێندنگە و لە خۆپیشاندان. حەز بە هەموو ئەوانەش دەکەیت.

کاتە بەتاڵەکانت بە خوێندنەوەیان بە نووسین پڕ دەکەیتەوە، کە برسی دەبێت کتێب ناخوێنیتەوە، سکت تێر دەکەیت. لە کاتێکدا خەریکی خوێندنەوەی، چەند کرپارێک دات دەبڕێنن. پرسیاری جۆراوجۆرت لێدەکەن و مامەڵەی کڕینت لەگەڵ دەکەن.

مامەڵەیان لەگەڵ دەکەیت و خەیاڵت لای ئەورستەیە، کە جێت هێشت و دەستت هەڵگرت لە خوێندنەوە. هەوڵ دەدا زوو بەڕێیان بکەیت و بچیتەوە لای خوێندنەوەکەت.

بێزاری دەست لە بینا قاقات دەنێت، توورەبوونت دەگاتە لوتکە. ئەوان بەرێ دەکەیت، بێ ئەوەی هیچت لێ بکڕن. دەچیتەوە لای کتێبەکەت و دەست بە خوێندنەوەی دەکەیت. دوو گەنج لێت نزیک دەبنەوە؛

– چا هەیە؟

– ها، بەڵێ بەڵێ.

کتێبەکە بە کراوەیی دەمەوڕوو لەسەر کورسییەکە بەجێ دەهێڵیت و دەچیتە بەردەم کتری و قۆرییەکان.

– ئاوێکی گەرم بە پیاڵەکاندا بکە.

– ئی من با کەم شەکر بێ.

– با تۆزێک بەڕەنگ بێ.

– پڕی مەکە با بە سەرم دانەڕژێت.

– ڕەنگی بۆ وایە؟

پەلەپەل دەکەیت و کەمێک ئاوی گەرم بەسەر پەنجەی گەورەتدا دەڕژێت و دەیسووتێنێت. فوو لە پەنجەت دەکەیت و بە دەستەکەی دی دەسکی کوپە چایەکە دەگرێت و دانە دانە لە بەردەمی هەردووکیان دای دەنێت.

خەیاڵت هەر لای خوێندنەوەی کتێبەکەیە و هەوڵدەدەی لەمێشکتدا ئەورستەیەت لێ ون نەبێت

هەواڵنامەی بێتر

بەر لەوەی دەست لە خوێندەوە هەڵگری دواین جار خوێنتەوە.
یەکێک لە گەنجەکان بە توورەیی کوپی چایەکەی لەسەر مێزەکە دادەنێت

– ئەو چایە بۆ وا ساردە؟

– ساردە!

– بەڵێ.

– نازانم، ئاوەکەی گەرم بوو، دەستی سووتاندم.

گەنجەکەی تر دەست بۆ گیرفانی دەبات و پێنج سەت دینار دەخاتە سەر مێزەکە، دەیانەوێت هەستن برۆن.

– کاکە هەزار دینار دەکات.

– بۆ؟

– چای بە پێنج سەتە.

– گەشتیارییە، لە هەموو شوێنێک هەر دوو سەت و پەنجایە

پارەکەیان لێ وەردەگریت و دەیخەیتە گیرفانت.
پارەکەی لە ناو گیرفانتدا هەڵی دەگلۆفیت و لوولی دەدەیت، ئاهێک هەڵدەکێشیت. هەڵدەدەیت بە سەریاندا هاوار بکەیت، بێ زاری، بێزاری.

## دانپێدانان ٣

خەریکی نووسینی چیرۆکێکی نوێم، کریارەکانم دام دەبڕێن، چەند جار دەست پێ دەکەم و دەست هەڵدەگرم؟ پلۆتی چیرۆکەکەم لێ تێکەڵ دەبێت.
هەوڵ دەدەم تۆڵە لە کریارەکانم بکەمەوە، چونکە نەیانهێشت بینووسم.

تێبینییەکەم/ من سادیست نیم.

تێبینی دووەم/ بە دوای کارەکتەرێکی بوێر دادەگەڕێم بۆ چیرۆکەکەم.

ئۆتۆمبێلی مۆدێل بەرز لەبەردەممرادەوەستێت، ئافرەتێک شۆفێری ئۆتۆمبێلەکەیە. وا خەیاڵ دەکەم کچە مۆدێلێک بێت، بەڵام کەسێکی ئاساییە. ئۆتۆمبێلە گرانبەهاکەی بێزارم دەکات، لەبەر خۆمدا دەڵێم: بەهۆی کەسانی گەمژەی وەکوو من ئەو خاوەنی ئۆتۆمبێلە و منیش پایسکل دەئاژووم. ئێمە بینەری زۆر بۆ ڤیدیۆیە هیچەکانیان کۆ دەکەینەوە و ئەویش لەسەر حیسابی ئێمە پارە وەردەگرێت.

ئەگەر نەترسابام لە ئۆتۆمبێلەکەی دەمهێنایە خوارەوە و زللەیەکم بە هەموو تینم لێ دەدا، ناوێرم.
بەرنامەی میمۆی مۆبایلەکەم دەکەمەوە و دەست بە نووسینی چیرۆکە نوێیەکەم دەکەم. هۆرنێک رام دەچلەکێنێت

– کوڕی قۆز ئاوتان هەیە؟

– بەڵێ.

– دەبە ئاوێکم بۆ بێنە.

مۆبایلەکەم دەخەمەوە گیرفانم، دەبەیەک ئاو دەبەم و لە جامە نیوە کراوەکەوەڕەوانی نێو ئۆتۆمبێلەکەی دەکەم، سەرنجم دەکەوێتە سەر خەتی مەمکی، سوخمەڕەشەکەی، لە ژێر فانیلە بێ قوولەکانی دیارە.
بە نهێنی چووکم دەخەمە ژێر قایشی پانتۆڵەکەم، دەبە ئاوەکەم لێ وەردەگرێت و دوو سەت و پەنجام پێ دەدات.

– مێرسی.

بۆنی پارەکە دەکەم، لە زنجیری پانتۆڵەکەمرا دەیخەمە نێو شۆرتەکەم.
پلۆتی چیرۆکەکەم بیر دەچێتەوە، دەست لە نووسین هەڵدەگرم.

## پاشوەن2

تێبینی سێیەم: چیرۆکنووس خەریکی شتنی فرۆشگاکەیە و کریارێک لەناو فرۆشگاکە هاتووچۆ دەکات. قونکە جگەرەیەک فڕێ دەداتە سەر کۆنکرێتە شۆردراوەکە و بە نوکی قۆندەرەکەی دەیکوژێنێتەوە.
چیرۆکنووس ناونیشانی چیرۆکێکی نوێ دەنووسێت (پەنجە براوەکان).
چوارەم: تۆ ئێستا کە ئەو چیرۆکەت خوێندەوە، تاوانی چیرۆکنووس دەزانی پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکە تا بە نزیکترین کات دەستگیر بکرێت.
پێنجەم: پلۆتی چیرۆکێکی نوێم لە خەیاڵدایە، هەڵی دەگرم تا لە زیندانی تاکەکەسی بینووسم.

١. هەرماو – ماوەی پارە

٢. پاشوتە- پاشەبەند

# بیرهات Thought
# (خواطر)



هێلین عەبدولجەبار/ هەولێر

هەواڵنامەی کتێب

دەقێکی ئەدەبییە لە شێوەی چیرۆک و نامەی ئەدەبی، تا ئەندازەیەکیش بە پەخشان، پەخشانە شیعر و شیعری ئازاد دەچێت. جیاوازییەکەی لەگەڵ شیعر و پەخشان ئەوەیە، هەستێکە بە خەیاڵی مرۆڤدا دێت وەک، ململانێ، ئەڤینی، دڵتەنگی، خەمۆکی، ئازار و خۆشی.زوان پەیڤەکانی بە ئازادی دەردەبڕێت. پانتاییەکی فراوانی هەیە و تێیدا نووسەر ئازاد دەبێت لە دەربڕینی ئەوەی لە خەیاڵیدا هەیە، بەبێ بوونی هیچ مەرج و بەربەستێک، خاڵییە لە کێش و سەروا، یاسایەکی تایبەتی نییە. ئەوەی پێویستە تەنێ گونجاندنە لە نێوان ئاواز و وشەکان بە زمانێکی سادە و ڕەوان، بۆیەش پێی دەگوترێ بیرهات.

"وەک ئەوەی ژیان بووبێتە پارچەیەکی لە قووتوونراو، هەموو وردەکارییەکان تێیدا ساردوسڕن.

**نزاکان لێکدەچن، پیرۆزبابییەکان وەک یەکدین، هەستەکانیش.**

**هیچ شتێکی جیاواز نییە وات لێ بکات هەست بکەیت لە شوێنێکی جودای ژیانی ئەوانیت!**

**وەک ئەوەی لە ژێر سێبەری درەختێک بۆرژابین لە زەمەنێکی جوان و هێشتە بەئاگا نەهاتبین."**

**شەهرەزاد**

بەڵام شیعر، هەستێکە لە ناخەوە و بە کێش و

سەروایەکی ڕێکوپێک دەنووسرێتەوە.
پەخشانیش هەست و سۆزێکی ناخە و دەنووسرێتەوە، پەیوەستیشە بە سەرواوە.
جوانی بیرهات لەوە وەدەردەکەوێت، وێنای هونەری تێیدا زۆرە، نووسەر لەسەر تابلۆیەکی جوان پێشکەشی دەکات. بە کورتی و پوختییەکەی دەناسرێتەوە، بڕێک جاریش بیرهات هەیە درێژ دەبێتەوە، دەبێت زێدەڕەویشی تێدا نەکرێت، تاوەکو بە سانایی بیرۆکەکە بگاتە خوێنەر.
هەندێکیان نووسراوەیین و دەوڵەمەندن بە وێنە و وشەی نەرمونیان و بەهێز لە دەربڕین.
بەشێکیانیش بە شێوەی زارەکی ئاماژە بە هەڵوێستێک یان پرسێکی تایبەت دەکات.
ئەوکاتەی مرۆ دەکەوێتە دۆخێکی تایبەت، سۆزداری بێت یان خەم، خورپەیەک بە دڵیدا دێت و خەیاڵی دەخاتە خزمەتی وشە و بیرهاتێک دەنووسێت.
هەندێک جاریش دۆخێکی کردەییە، هەڵوێستەکەیشی دەبێتە شای پەیڤان، دەست بەسەر هەستەکاندا دەگرێت و گرێی ئەو هەستە لە ناخدا وەدەردەنێت و ئیلهام بە مێشک و خەیاڵ دەدات، بە شێوەی دەقێک دادەڕێژرێت.
ڕەنگە دوای ڕوودانی بابەتێک بە ماوەیەکی کەم، هەستەکان بنووسرێتەوە، یانیش لە خەیاڵدا دەخولێتەوە و هەوڵی ڕێکخستنی ڕەوشەکە لەگەڵ وشەکان دەدرێت، بۆئەوەی دەقێکی سادە و بێ گرێ بخرێتە بەرچاو.
پێویستە هەندێک جاریش ناڕوونییەک هەبێت و فیکر بجوڵێنێت.
جۆرەکانی بیرهات (مرۆیی، ئەڤینی، خەم و ئازار، جیابوونەوە و کۆمەڵایەتی)ن.
ئەم جۆرە نووسینە لەو سەردەمە زێتر بایەخی پێدەدرێت، دەکرێت هۆکارەکەی سەردەمی پۆست مۆدێرن بێت، خوێنەر ئارەزووی لە درێژدادڕی و نووسینی کلاسیک نەماوە.
لە ئەدەبیاتی عەرەبی هەبووە، باو بووە لە سەردەمی زوو، ئێستەیش ڕوو لە زیاد بوونە و لە ئەدەبیاتی جیهانیش هەیە.
ئەدەبی کوردیش لێی بێ بەش نەبووە، کەسانێک هەن بیرهات دەنووسن، بەڵام ناوێکی تایبەتی بۆ دانەنراوە، بە دەقی ئازاد، نامەی ئەدەبی، شیعری ئازاد و تێکستی ئەدەبی ناونراوە.



# نازەنینێک
# هاتۆتە بەردەمی خەیاڵەکانم



هەواڵنامەی کتێب

محەمەد کوردۆ

بە منداڵی کە هێشتا وەک میوەیەک وا بووم
بە دارەوە
کە هێشتا نەمدەتوانی قۆپچەی سەردەستی
کراسەکەم دابخەم
زۆرجار هەر لە ئێوارەوە
تا کاتی خەو دەهات
خەیاڵم لای وێنەی کچە کافرۆشییەکە بوو
کە دایکم وێنەکەی هەڵواسیبوو بە دیوارەوە
لە ناو خەیاڵەکانمدا: دەبووم بە گەردانە و
بە گەردنە ساف و بێگەردەکەیدا دەرژامە
خوارەوە..!
ئێستا کە سەرم سپی بووە
نازەنینێک زۆر بە توندی
هاتوتە بەردەمی خەیاڵەکانم
نەک هەر کچە کافرۆشییەکە
هەموو کچ و ژنە جوانەکانی دنیای
خستۆتە کەنارەوە..!

# فڕین بووم
# لە بیری باڵندە چوومەوە



ڤان شێرزاد/چەمچەماڵ

من سەر بە گۆبەنێکی ترم
نەرمە قوڕی پەیکەرسازێکی مێینەم و عەورەتم باڵە،
باڵەکانم، بە کراسێکی تەنک دەچنە گەمەی دەستبازی
هەورەکان و ئۆقیانووسەکان دەبڕن
شەقەی بەزمیان دێ، لە کاکێشاندا زەمین دەخەنە
سەما و
بۆ بەربوونەوە گوڵلەی دەمی هیچ تفەنگێکی
نەگریس نایانگاتێ..
باڵێکم، سپێدەیەک لە میدیادا ئاژاوە دەنێتەوە
لە 'نها'یەکدا هەرای سیاسییەکان بەتاڵ دەکاتەوە
لە دەلاقەی نەزەرێکی کوێری نادیدە،
مۆمی فیتنەی ئاخیرەتی شەهوەتی ئەهریمەن
فووی لێدەکا..
باڵێکم، ئێوارەیەک سێوەکانم دەخاتە بەر تیری
مەکرکاران و
قەقنەسی دەچێتەوە حزووری ڕژان.
باڵەکانی من وەک باڵی کۆترەشینەی
کوڕە تازە هەڵچووەکەی دراوسێی کۆنمە
قەتیس لە فڕینی پاکیزەیی،
ئەو کوڕە کە کۆترەکانی بە ڕەچەڵەک دەچوونەوە

سەر پەلکەگیایی مێیەنەیی من و
یەک دڵۆپی تـۆوی ڕژاو بووین لە زێی مەریەمێکدا،
ئێرە، کە بۆ باڵدار بنمیچی قەفەزێکی زەین تێدا
بەرەلا نەبووە
فڕین دیسانەوە 'نزا' دەخاتەوە بەر بەردە باران و
بە ئاوی هیچ ئایەتێک بسمیل نابێ،
هەر لە تازە هەڵچووی حەوابوونەدا قرتاندن،
دەبووە زەماوەندی قوربانی "ئیبراهیم"ێکی تازەی
پەیامهێن..
دەمێک خۆم لە ژن بوون دەدزمەوە
کەمتیار ئاسا خۆم لە کڕ بوون وەردەدەم،
پاش ئەوەی لە تێراماندا دوو بڕین لە تەختایی
پشت دەژمێرم
تۆیەک دەبینم لـە پەنای کلکی کۆترێکەوە
زمانی حەز دەرژێنێتە پاکیزەیی هێلکەدان،
بێلەزەت لیک بە نەرمایی ڕاندا دەپرژێنێ.
دەترسم؛
دەترسم و بە لەرزێکەوە دەستم توند دەگووشمە
کۆشم
بە مشتێ تاریکی بە پرچی سیام
برسیکەی باڵ دادەپۆشم و
بەفرینی پشتم لە نەزەرت دەشارمەوە.
ئێوارەیەک کە خۆر لە نمایشی ئاوابوون دەگەڕایەوە
بە بەرچاوی منی کازیوە، چرای شەقام کـز و
غەمگین بوو
بەسەر ئەژنۆکانەوە پیادەم دەکرد
باڵەکانم لەترسی ئەو هەموو زەقە چاوە
بینین بێ حەیایە،
لەژێر کراسە درێژەکەم حەشاردابوو
لالووت لەو نسی یەی دوامکەوتبوو و
پڕ تریفە بەسەر زەرد و سپی شۆستەکەوە
سەمای بۆ نیشتنەوە دەکرد.
وەرە؛ سەر بکە سەر باسکی قەسیدەم هەنوکە بۆت
دەگێڕمەوە
کچێک کە هێشتا هەنگاوەکانی پێنەگەیشتبوو بووە
چیرۆک،
بەسەر پشتی پردێکەوە یەخەی زیندەگی بەردا و
کاغەزێکی فڕێدایە نێو بـا و تیایدا نڤیسیبووی:
"بریا دەمتوانی بیری قۆڕتان
وەک ئیستیکانە لێوار شکاوەکانی دایکم پاک بکەمەوە
خۆزی دەکرا لیباسی ڕەشی دڕاوی شەرەفتان
بە دەرزی و داوەکەی پیرەنەنێ بدورمەوە.
یا چ نەبێ...
بە سوفی ڕەنگاو ڕەنگ ئادەمیەتی ڕەنگ نەدیتووتان
بچنمەوە'
"قێژەیەک" لە پەنجەرەی باڵەخانەی ئەو بەر
شەقامەوە
منێک لەو کاول بووە بەئاگا دێنێتەوە
(باڵەکانی ژنێکە لە نێوان دەستە بزێوەکانی پیاوێک)
دەخلیسکێ ڕادەچڵەکم.
لەبەردەم تابلۆی ئەو لا دیوارە نیوە کەوتوەدا
بەبێ سەروبەری لە دامێنیەوە نووسراوە:
( ئێرە نابێتە نیشتیمانی باڵدار ) ناتوانم ببمە بـت.
لە ئایەتێکدا ئەم وەستێتەم دەرژێنمە زاکیرەی کۆتر،
کوکوختێ و پەرەسێلکەی دەلاقە و
هەیوانەکانی ئەو نێرینانەی
لە دیوەخان کووشتن دەکەنە گەمە و شەوچەرە..
بەردیدەیان دەخەم
ئەو دەمەی بەسەر مێزێکەوە تێکەڵ و پێکەڵ
دەچنەوە سەر "شلەی کرم بە گێزەری خنکاو لە
دۆشاوی تەماتە"
و بەدەم فرکردنی شەکرەشەرابی ئەوین
قرقینەیەکی تاڵ دەدەنەوە
و بە قوڵە کراس دەم دەسڕن،
سا تێدەگەم چەند درەنگ بوو ئەو ورتە ورتەی
من،
بەر لە درەنگتر بوون باڵەکانم توندتر لەخۆم گرێ
دەدەم
خۆم دەخەمە فرینێکی ئەبەدی و
بەسەر پەرەکانمەوە دەنوسم:
نیشتنەوە شکەستە و ڕووتوقوت کێوی دەبم.
دەفرم ....
ناهێڵم دەستەکانتان جارێکی تر
بگاتەوە بە عەدەمیەتی باڵ..

# پۆلێک بروسکە



تاهیر ئاهەنگەری

جەنگ
ناتوانێ کۆتایی بە باڵندە
بێنێ...

قەفەس
کۆتایی فڕین
نییە...

شەقامەکانی
ئێرە
هەموویان ناویان
شۆڕشە.

بە " بەرد " دەڵێم:
نەوەکەییم
ناو نا
خەبات.
کێوێکم
بەژانی برینێکەوە
شەهید

# مامۆستا هێمن: مان و نەمانی من موهیم نییە. ئێوە بمێنن، زمانی کوردی بمێنێ.

ئامادەکردن و ڕێکخستن: سەروەر سەعدوڵڵا
هەڵویست نەریمان

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی یەکەم



**له ڕاستیدا ئەم دیدارە تایبەتەی بەردەست، دیداری میدیای نووسراو، واتە ڕۆژنامە و گۆڤار نییە. بەڵکو دیدارێکی تەلەفیزیۆنییە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە ساڵێک پێش کۆچیدوایی مامۆستا هێمن، واتە ساڵی (1985)، کە لەلایەن تەلەفیزیۆنی سنە. سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری (سنە) سازدراوە. دەکرێت وەکو سەرچاوە و کۆڵەکەیەکی بەڵگەدار تەماشابکرێت. چونکوم شاعیر پەردە لەسەر چەندین لایەن و وێستگەی ئەدەبی و ڕۆشنگەریی خۆی هەڵدەداتەوە. ئەوەی سەرنجی خوێنەر بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت، هۆگربوونی هێمن و زمانەکەیەتی، بە چەشنێک ئەم قووڵبوونەوە و ئەویندارییەی بۆ زمانی کوردی تێیدا ڕەنگیداتەوە. کە مان و نەمانی ئەو وەکو ئاخێوەرێکی زمانی کوردی گرنگ نییە. چونکوم هەموو ئاخێوەرێکی زمان، چارەنووسی مردنە. بەڵام هیوای ئەو بەردەوامبوونی کورد و زمانەکەیەتی.**

**سەرنج: لە کاتی نووسینەوە و هێنانەسەر کاغەزی دیدارەکەدا، ڕەچاوی وشەسازیی و کوردی پەتی، تەنانەت ڕستەسازیی نەکراوە، بەڵکو وەکو ئامەنتێکی زانستی، ڕستە و وشەکانی مامۆستا هێمن دانراونەتەوە.**

**پرسیار: مەسەلەیەک کە گرنگە لێرەدا پرسیاری لەسەر بکەین (هۆرە)یە، ئەویش وەکو (بەیت) دەخوێندرێت، ئاوازی تایبەتی هەیە. دەگوترێت بەشێک لە گاتاکانی سەردەشت، وەکو ئاوازێکی تایبەت خوێندوویانە، بە ناوی (هۆرئامەنەنی ئاڤێستایە). کە دواتر گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و بووە بە (هۆرە)، ئەمڕۆش وەکو ئاوازێک ماوە. جا حەزدەکەین، بۆچوونی ئێوە سەبارەت بەو وشە و سەرچاوەکەی بزانین؟**

مامۆستا هێمن: من لە زمانەوانیدا شارەزاییم نییە، بەڵام لە بارەی ئەم وشەیەوە هەر بڕوام هەر وەک بڕوای مامۆستای گەورەمان زەبیحی وایە، کە پێموایە ڕاستەکات کە دەڵێت هۆرە، هەر یەکێک بووە لە (گالستان) و زۆر بە ئاشکرا کە وشەی هۆرە، وەک (هۆرەئاموزدا)، دێتە بەرچاو. پێموایە ئەم وشەیە هەر ماوەتەوە و بەم دەلیلە مامۆستا زەبیحی ڕاستدەکات.

**پرسیار: مامۆستا لە فارسیشدا (هورا)، بۆ دەنگێکی مونتەد بەکاردێت، من لەو باوەڕەدام ئەمەش، هەمان پاشماوەی (هۆرئامەنەن)ی ئاڤێستایە؟**

مامۆستا هێمن: پێموایە خراپی بۆ نەچوویت. بۆچل لە کوردیی خۆشماندا، وشەی (هەرا) ماوە. هەرا واتە بانگکردن بۆ لای خوا، کە وایە، هەر وشەیە پیتی (ه) لە پێشەوە بێت، تایبەت بە گاتایە و تا ئێستا ماوەتەوە.

**پرسیار: بە هەرحاڵ (هۆرە)، یان (هۆرا) هەر هۆرئامەنانی ئەو وەختەی گاتاکانە، کە وەکو (موناجات، ستایش) بەکارهاتووە؟**

مامۆستا هێمن: بەڵێ، مومکینە بە واتای دوعاکردنیش بێت.

**پرسیار: مامۆستا گیان ئێستا لە زەمینەی خۆتانا پرسیار بکەین، ئێستا بە چییەوە سەرقاڵن، خەریک کام کتێبن؟**

مامۆستا هێمن: وەڵڵا عەرز بکەم من ئێستا کاری تایبەتیم نووسینی کتێبێک نییە، بەڵکە لە سایەی کۆماری ئیسلامییەوە ئیجازەی ئێمەی داوە بە زمانی کوردیی بنووسین. شیعر بڵێین. شاعیرێکی کرماشانی و مەهابادی و یەکی ماکۆیی لە کن یەک لە سنە یەک کۆبکاتەوە، لەو شارەی خۆشەویستەی کە من بە دڵ خۆشمدەوێت. ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە ئاسۆیەکی ڕوونمان لە پێشدایە. من ئەلعان لە مەجەلەیەکدا کاردەکەم کە بە زمانی کوردیی خەریکین لە (ورمییە) بڵاوی بکەینەوە. بەداخەوە کاتەکانمان کەمن، زۆرمان هاوارکرد بۆ براکانی هەموو جێگایەک یارمەتیمانبدەن، بەڕاستی یارمەتیشاندین، بەڵام بۆ خۆتان دەزانن وەزعێتێکی

هەواڵنامەی کتێب

ناهەنجار(خراپ) لەو وەختیدا روویدا، بەداخەوە هەتا ئەو کەسانەی کە نامەیان بۆ ناردین لە (پیرانشار)، لە (سەرردەشت لە (سەقز)ەوە، ئێمە جوابیان بۆ دەنووسینیەوە، بێ جواب بۆمان بەردەست دەبێت، چونکو ئێمە نازانین بۆ ئاوا دەبوو، ئەمما ئەوەی کە ئێمە ئارەزوومانە، ئەوەیە کە موجەلەیەکی فەسلیحدی ئەقەل(بەلای کەمەوە)، بڵاوبکەینەوە. دیارە ئەو مەسولیتەی دوای رەخنەگران بیهاونە سەر ئەستۆی من ، بەڵام من دەمەوێت، ئەو موجەلەیەی بە زمانی ئەدەبی کوردی بڵاوبکەینەوە. ئەمما ئەوە دەلیل نییە، لەهجەکانی دیکەی کوردیمان لەبیربچێتەوە. ئێمە تکا لە هەموو قەڵەمبەدەستان دەکەین، کە شیعر، پەندی پێشینیان، ئادابورسومی کورد بە هەلجەی خۆیان بۆمان بنێرین، کە ئێمە لە گۆڤارەکەماندا بڵاوی بکەینەوە. بەتایبەتی زۆرمان پێخۆشە وێنەی لە دیمەنەکانی کوردستان، رەنگە خوا یارمەتیان بدات، یەکەم مەجەلەی، یان گۆڤاری کوردی دەبێت کە مسەوەریش بێت. جا ئێوە و هیمەتی ئێوە.

**پرسیار: مامۆستا مەجەلەکە ناوی تایبەتی هەس؟**

مامۆستا هێمن: نەخێر، خەریک نین ناوێکی تایبەتی بۆ دروستبکەین، گەرچی زۆرێک لە برایان، بەڵام چونکوم پێموایە موجەلەکە فەسلی دەبێت. ئومێدەوارم بگاتە جێگایەکی گەورەتر، لەبەرئەوەی ئێمە هەر بە ژمارەی بەهار و ژمارەی هاوین و ژمارەی زستان و ژمارەی خەزان دەریدەکەین.

**پرسیار: هەر بە کوردیی سۆرانی دەبێت؟**

مامۆستا هێمن: مەتنی (دەقێک)، یانی مەقالاتێک، چیرۆکێکن، کە بنووسرێ، دەبێت بە عەقیدەی ئێمە، ئەوەیە کە دەبێ بە زاراوەی سۆرانی بنووسرێ، حەتا ئەو حەقەمان داوە بە خۆمان، وە دەیدەین بە خۆمان، ئەگەر دەستیش لە نووسینی هەندێ بەتایبەت ئەو کەسانەی کە وشە دادەتاشن... ئێمە رێبازێکمان گرتووەتەبەر، ئەگەر پێویستمان بە وشە بوو لە فارسیش و لە عەرەبیسش کۆمەک وەربگرین لە جیرانی خۆمان کۆمەک وەربگرین. ئێمە پێمان وانییە، هیچ زبانێک بەتەواوی بتوانێ بەساغی مابێتەوە، تا کوردی ئێمەش بەساغی مابێتەوە. لەبەرئەوەی بە عەقیدەی شەخسی من کە یەکێکم لەو کەسانەی کە تکادەکەم لەو گۆڤارەیدابە عەقیدەی من، ئەگەر وشەی کوردیتان وەگیرنەکەوت، وشە عەرەبی، یان فارسییەکە بنووسن و موجەلە کە کوردی بێت.





**پرسیار: مامۆستاکان ئەو مەجموعە علمییەتان (گۆڤاری زانستی)، ئەوەی ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی، هەر خەریک ئەو گۆڤارەن، یان کاری فەرهەنگی تر؟**

مامۆستا هێمن:وەڵڵا سوپاس بۆ خوای، تا ئێستا پێنج کتێبمان ناردووە، وە ئەلان (ئێستا)، لە ژێر چاپدان، کە یەکیشان لەوان دیوانی (نالی)یە. ئەو شاعیرە گەورە بە شەرعەوەیە، کە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کوڕەکانی شەرحیان کردووە. ئەمی دیکە دیوانی (وەفایی)یە. ئەوجار دوو کتێبی نەسریشە (پەخشان). یەکیش فارسییە (کورد لە تاریخی بێگانەکاندا)، کە بە عەقیدەی من دەبوو، برا فارسەکان بزانین ئێمە لە تاریخدا چ زەجرێکمان کێشاوە. لەبەرئەوە ئەو کتێبەمان بە فارسییە، دەنا باقی دیکەمان لەژێر چاپدان و پێموایە زۆر زوو دەکەونە دەستی خوێنەوان ئینشاڵڵا.

**پرسیار: ئێستا نیازتان هەیە، کە ئینشاڵڵا ئیدامەی کوڕەکان، گۆڤارەکەتان بدەن؟**

مامۆستا هێمن: عەرزم کردی لەو ڕۆژانە لێیان پرسیم تۆ بۆ لە (ورمێ)یت، چ دەکەی؟ گوتم ئەمن، ئەگەر کارمەندێکی ڕەیمیش بووبام. ئەلان بازنشست (خانەنیش) دەبووم، بەڵام عیشق بە زمانی کوردی، عیشق بە ئادابوڕەسومی کوردی، عیشق بە خەڵکی کورد، منی وادار( ناچار) کردووە، بەو پیرییە، بەو نەخۆشییەوە بچم لەو کۆڕەدا، لەو موجەلەیەدا کاربکەم. ئومێدواریشم زۆر پتر سەرکەوتووبی، بەڵام شتێکی کە دەمویست لێرەدا بیڵێم، ئەوە بوو ئێمە کەسوکەرامەتمان نییە، بزانین ئاغای (حوسێن) یێک، لە (سەنندەج) هەیە و شاعیرە. دەبێ ئەو خۆی بە ئێمە بناسێ، کێ ناڵێ شاعیرە، شاعیر نییە. بەداخەوە ئێمە کە لە فکری ئەوەداین، کۆڕێکی گەورەتر تەشکیل بدەین، جا لە هەر جێگایەک بوو، بزانین کێ دەعوت دەکەین بۆ ئە کۆڕەی بزانین کێ دەبێ لەو کۆڕەدا خاوەن نەزەر بێ. لەبەرئەوەی تکا لە هەموو ئەو قەڵەمبەدەستانە دەکەم کە کوردیان خۆشدەوێ، کە ئەو میللەتە بێبەشەیان خۆشدەوێ، کە ئەو میللەتە لێقەوماوەیان خۆشدەوێ، لە ناردنی ئاسار (بەرهەم)ی خۆیان دریغی نەکەن.

**پرسیار: هیوادارین ئەوانەی کە گوێیان لێیە، بێن بە دەنگاتەوە، ئەوانەی کە مایەیەکیان هەیە. دەتوانن خزمەتێک بکەن بە کورد. بە هەرحاڵ هیوادارین بە مروری زەمەن کەموکوڕییش لاچێ، جەنابت کە لە ڕەئسی ئەو موجەلەیەی هەر بمێنی ئینشاڵڵا بۆ داهاتوو.**

مامۆستا هێمن: مان و نەمانی من موهیم نییە. ئێوە بمێنن، زمانی کوردی بمێنێ. من دەبێ ڕۆژێک هەر بمرم، بەڵام نە کورد دەمرێت، نە زمانەکەی.

# لە بارەی نووسینەوە

## د.ئەحمەدی مەلا:

## تێکڕای ئاینەکان، سەرەتا زارەکی بوونە و کاتیان بەسەردا تێپەڕیوە تاکو نووسراونەتەوە.

## - نووسین هەڵخستنی خودە بەسەر تەنافی وجوودا.

**دیمانە: هەڵمەت هۆشیار**



**تێڕوانین و بۆچوونی نووسەران و قەڵەم بەدەستان لەبارەی زۆر بابەت و کایەی ژیان و سیاسەت و کۆمەڵایەتی بەلای زۆرینەی خوێنەوارانەوە گرنگ و پڕ بایەخە هەریەکەیان بە جۆرێک بە پێیی خوێندنەوە و بیروبۆچوون و تێگەیشتنی خۆی لە بابەتەکە دەدەوێت، بەڵام ئەمجارە لەم دیمانە نوسراوەدا گەرەکمە بۆچوونی ژمارەیەک نووسەر بخەمە روو سەبارەت بە خودی نووسین و پرۆسەی نووسین ( ئەمە پرۆژەی کتێبێکە و لە داهاتوودا بلاّودەبێتەوە) لەم دیمانەیەدا شاعیر و نووسەری دیاری نیشتمان (د.ئەحمەدی مەلا) وەلاّمی پرسیارەکان بەمجۆرە دەداتەوە.**

**– نووسین لای تۆ چییە و مرۆڤ بۆ دەنووسێت؟**

کاتێک باسی نووسین دەکەین دەبێ بزانین مەبەستمان لە چ نووسینێکە، چونکە ناوەڕۆک و فۆرمەکانی نووسین لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکە دەگۆڕێن، تەکنیک و میتۆدەکان ئالوگۆڕیان بەسەردێت. من کاتێک شیعرێک دەنووسم بیر لە فۆرم و ناوەڕۆک ناکەمەوە، چونکە سەرباری ئەوەی کە شیعرنووسین ئەنجامی هەوڵ و تێرامان و ئەزموونە، بەلاّم وەک ئۆکتاڤیۆ باس دەڵێت، رستەی یەکەمی شیعرێک دیارییەکە بەلاّم نازانم لە کێی و لە کوێیەوە دێ. بە واتایەکی دیکە، ڕەنگە نیگایەک، ڕەنگێک، کەشێک وێنەیەک دەرگا بە رووی شیعرێک بکاتەوە. بەلاّم کاتێک رۆمانێک دەنووسم، بیر لە بابەتەکەی دەکەمەوە، واتە دەمەوێ چ شتێک بگێڕمەوە، ئەم گێڕانەوەیە کێ بیگێڕێتەوە، چۆن کەسایەتییەکان دروست دەبن، بە چ زمانێک قسە دەکەن، ڕووداوەکان و ڕیتمی نووسین و کرۆنۆلۆژیا و سەرەتا و کۆتایی چۆن دەنووسرێن، کۆی ئەم بابەتانە مایەی تێرامان و هێلکاریی و لێ وردبوونەوەن. بەپێچەوانەی کاری هونەرییەوە، کاتێک لێکۆڵینەوەیەک دەنووسم، ئەمە بە تەواویی دەچێتە خانەیەکی جیاوازەوە، واتە پابەندبوون بە میتۆد و بابەتی نووسین و هەڵبژاردنی زمانێکی ئەکادیمی و پەیڕەوکردنی ڕێساکانی لێکۆڵینەوەی زانستی ناچارم دەکەن کە بەشێوەیەکی زۆر جیاواز کارەکەم ئەنجام بدەم. راڤەکردن و پشتبەستن بە تیۆری و هێنانەوەی نموونە و بەڵگە و بەرپەرچدانەوە، تێکڕای ئەم خالاّنە دەبێ بە شێوەیەکی زانستی لەبەرچاو بگیرێن.

بەشی دووەمی پرسیارەکەت : ئایا مرۆڤ بۆچی دەنووسێت؟ مرۆڤ پێش ئەوەی بنووسێ قسە دەکات، قسەی کردووە، حەکایەتی گێڕاوەتەوە، باسی خۆی و ئەوانی دی کردووە، بیری کردووەتەوە و بیرۆکەکانی لە شێواز و فۆرمی جیاوازدا هەڵگرتوون، بۆیە کەلەپوورێکی زارەکی لە ئارادا بووە و دواتر ئەم حەکایەت و سەربوردە و حیکمەت و بۆچوونانە نووسراونەتەوە. تێکڕای ئاینەکان، سەرەتا زارەکی بوونە و کاتیان بەسەردا تێپەڕیووە، تاکو دوا شێکلیان وەرگرتووە و ئینجا نووسراونەتەوە. سەرەتای نووسین دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئور کەواتە ٣٥٠٠ ساڵ پێش زاین کە لە ناوچەی مێزۆپۆتامیای خواروو دۆزراوەتەوە. نووسینە سەرەتاییەکان هاوتەریب لەگەڵ دروستبوونی شارەکاندا دروستبوون بۆئەوەی مرۆڤەکان ناوی ئەو شتانە بنووسن کە هەیانبووە، یا ئالوگۆڕ و بازرگانیان پێوە کردوون.کاتێک باسی قۆناغی پێش مێژوو دەکەین، مەبەست لە قۆناغی پێش نووسینە، واتە شارستانییەتەکان هاوشان لەگەڵ نووسیندا پەیدا دەبن. قۆناغی گواستنەوەی لە زارەکییەوە بۆ نووسین، لێرەوە پەیوەندییەکەی دیکە لە نێوان نەوەکانەوە درووست دەکات و زاکیرە هەڵدەگیری.

**– نوسین هونەرێکی خواکردەیان خۆکردە،چۆن؟**

نووسین هونەرێکی مرۆڤانەی پەتییە، چونکە مێژووی هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەیەکی دیارییکراو کە پێی دەگوترێ هیلالی پەتی، واتە لە میسرەوە شۆڕدەبێتەوە بۆ مێزۆپۆتامیا و وڵاتی

هەواڵنامەی کتێب

شام. لەم ناوچەیەدا یەکەم شار و یەکەم دەوڵەت-شار و یەکەم نووسین سەریهەڵدا.

**- سێکوچکەی پەیوەندی نێوان نووسین و نووسەر و لەگەڵ خوێنەردا، چ جۆرە پەیوەندییەکە و چۆنراڤەی دەکەیت؟**

ڕایەڵی ئەم پەیوەندییە دەبێ بە کۆ بخوێندرێتەوە. چونکە سروشتی هەموو نووسینەکان وەک یەک نییە. نووسینی سەر پرسگەیەک کە تەنها زانیاریی پیشکەش بە هاولاتیان دەکات جیاوازە لە نووسینێکی هونەریی، لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکیی جیاوازە لەگەڵ ئەو نووسینەی کە لە سەر پاکەت و قوتوو کالاکاندا دەبنیرێت. نووسین و ئاماژەکانی سەر پلاکی هاتوچۆ لە پێناو ڕێنمایی جیاوازن لەگەڵ نووسینێکی دادایی، یا پارچە شیعرێک، هتد

بێگومان ئێمە لەم کۆنتێکستەدا باس لە نووسینی ئەدەبی دەکەین، ئەم جۆرە نووسینانەش هەموویان وەکو یەک نین. نووسینی شانۆنامەیەک هەندە بۆ دەرهێنەرێک دەنووسرێ، هەندە بۆ خوێنەر نانووسرێ، نووسینی شیعرێک هەندەی شاعیر بە دنیاوە خەریک دەکات، هەندە بۆ خوێنەرێکی دیارییکراو نانووسرێت. بەڵام لە هەموو بارەکاندا، ئێمە بەرامبەر بە خوێنەرێکی مەجازیی داین. هەموو جۆرە نووسینێک، خوێنەرێکی لەمجۆرەی لە پشتەوە شاردۆتەوە. کەواتە، بە بۆچوونی من زۆر ئەستەمە بتوانین سروشتی ئەم پەیوەندییە لێکبدەینەوە، چونکە سەربارێ سروشتی نووسینەکان ئەم پەیوەندییە دروست دەکەن، هەروەها هەموو نووسەرێکیش بە جۆرێک لەم پەیوەندییە دەگات. کاتێک نووسینێک سێخناخ دەبێت بە ئایدیۆلۆژیا هەڵبەتە ڕوخسارە نادیارەکانی خوێنەر زیاتر ڕوون دەبنەوە لە لای نووسەر، چونکە گواستنەوەی بیرۆکەکان ئامانجێکی دیارییکراوی لە پشتەوەیە. بە کورتی، ناوەڕۆکی هەموو ئایدیۆلۆژیایەک دەیەوێ پێمانبڵێ " من دەمەوێ ئەوها بێ" ئەمە پەیامە ئاشکراکەیەتی، بەڵام چۆن دەردەبردرێت، چ فۆرمێکی لەبەر دەکرێ، بە چ زمانێک دەنووسرێت؟ ئیدی ئەمە پەیوەندیی بە خودی نووسەرەکەوە هەیە.

**- زمانی نووسین دەبێ چۆن بێت؟ کەی ئاشکرایە نوسینێەدەبی و هونەریمان هەیە ، هاوکات نوسینی زانستی و تەکنەلۆژییمان هەیە، کە دوو دونیای لێک جیاوازن.**

ژۆرژ-لویس لوکلێر دو بوفۆن ١٧٠٧-١٧٨٨ دەڵێ " ستایل تەنها هەر خودی مرۆڤەکەیە" ئەریستۆش دەیگوت ' خەسڵەتی یەکەمی ستایل ئەوەیە دەبێ ڕوون بێت." بوفۆن خۆی زانا بوو، واتە هەندەی مەبەستی لە نووسینێکی زانستی بوو، هەندە مەبەستی لە دەقێکی شیعریی نەبوو، بەگوێرەی ئەریستۆش کە بە مامۆستای یەکەم ناودەبرێت و باوکی یەکەمی ڕەوانبێژییە کە دواتر کاریگەریی زۆری دەبێ بەسەر تێکڕای ڕەوانبێژیی دنیادا، ڕوونبوون ئامانجێکی دیداکتیکی لە پشتەوەیە.

بەڵام نووسەر زمانی نووسین دیاریی دەکات، ئەم زمانەش کە کاری ئەدەبی پێ دەنووسرێت بەرهەمی کار و سەلیقە و ڕچە تایبەتەکەی نووسەرە. وەک چۆن ئێمە تابلۆیەکی ڤان گۆگ لە تابلۆیەکی مۆنێ جیا دەکەینەوە، یا تابلۆیەکی پیکاسۆ لە تابلۆیەکی مایکل ئەنجیلۆ جیا دەکەینەوە کە هەر هەموویان بە ڕەنگ و فلچە و ڕووبەرێکی تەرخانکراودا ئیشیان کردووە، هەر بەو شێوەیەش مۆسیقای مۆزار لە هی شۆپان و هی شۆپان لە ڤیڤالدی جودا دەکەینەوە، هەر هەمووشیان نۆتەن لەسەر پارچە کاخەزێک، هەر بەو جۆرەش مامەڵە لەگەڵ زمان دەکرێ. ستایلەکان لەیەک جیا دەکەینەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تایبەتی زمانەوە.لەم ڕووەوە، پێویستە زمان بکەساندرێت، واتە خاوەن مۆرکی تایبەتی نووسەرەکەی بێت، ئەمەش قورسترین کارە لە بواری نووسینی ئەدەبییدا. زمان تەنها ڕێزمان و ڕێنووس و ڕستەسازیی نییە، بێگومان ئەمانە گرنگن، بەڵام ئەم سێ بەشە هەموو کەسێک دەتوانێ فێری ببێ، بەڵام کاری نووسین، یا زمانی نووسین کارێکی ئەلشیمییە، واتە گرتنەوە و گیراوەیەکی تایبەتە.

**- نووسین چ دۆخێک دەخوڵقێنێت ، چێژە یان ئازارە یاخود هەڵچوونی دەروونی؟**

پێشوەخت دەبێ بزانین چ ژەنرێکمان مەبەستە. هەموو دەقێکی شیعری خاوەن کەش و ئاووهەوایەکی تایبەتە، لەمەش تایبەتتر ئەوەیە کە دەقی شیعریمان هەیە لە یەک وێنە پێکهاتووە و هەشمانە وەکو قەسیدە-کتێب نووسراوە وەکو "گەڕانەوەی زەردەشت" کە سەفەرێکی شیعرییە، سەفەرە بە ناو بیابانێک بۆ گەیشتن بە مێرگێک، بەڵام دواجار ئایا مێرگ بوونی هەیە؟ مادام شیعر لەسەر تەزووەکانی هەڵچوون و داچوون ئیش دەکات، بێگومان هەموو خوێنەرێک بە جۆرێک ئەم تەزووانە کاری لێدەکات، هەموو خوێندنەوەیەکیش جیاوازە لە خوێندنەوەی پێش خۆی.

بەڵام کاتێک ڕۆمانێک دەخوێنینەوە، زیاتر وەکو دیمەنی ژیانی واقیعی دەردەکەون با واقیعی سیحریش بێ، با لێوالێوی فەنتازیاش بێ. سیستەمی کەسایەتییەکان مرۆڤی لە گۆشت و ئێسقانمان بۆ بەرجەستە دەکات، خاوەن باری دەروونی و زمان و دنیابینی خۆیانن، هەر لە ڕێگەی ئەو کەسایەتییانەوە ئێمەی خوێنەر سەیری دنیا دەکەین. بێگومان ئازار و خۆشەویستی و پرس و گومان و تێڕامان و شکست وهتد ڕەنگدەدەنەوە، ئەمەش پەیوەستە بە کەسایەتییەکانەوە. ڕاستە، هونەر ئاوێنەی واقیع نییە، بەڵام دیسانەوە دیوێکی دیکەی واقیعمان بۆ دەنەخشێنێ، ئەوەی بڵێ ژیان، باسی ڕەهەند و کایە جیاوازەکانیش دەکات.

**- ژیان بە بێ نوسین چۆن دەبێ،ئەگەر نەنوسین چی ڕوودەدات؟**

ڕاستە، ئەم قسەیە زۆر دووپات دەبێتەوە. زۆرجار لە زاری نووسەرانەوە ئەوە دەبیستین کە بە بێ نووسین ناتوانن بژین، بەڵام نووسەریش هەیە واز لە نووسین دەهێنێ.

ڕامبۆ یەکێکە لە نموونە هەرە لەبەرچاوەکان کە هەموو شیعرەکانی پێش تەمەنی ٢٠ ساڵ نووسی و ماڵئاوایی لە نووسین کرد.



ئەوەش ڕاستە کە هەندێجار مرۆڤ تووشی نووسین دەبێت، ئەم تووشبوونە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە هیچ نووسینێک ناگاتە لوتکە، بە تایبەت بە نیسبەت بە نووسەرەکەیەوە، بۆیە هەموو نووسینێک بانگەشە بۆ نووسینێکی دیکە دەکات و دەبن بەو زنجیرەیەی کە کۆتایی نایەت.

نووسین بۆ من،بەشدارییە، تەحەمولکردنی ئەم ژیانەیە، جوانکردنێتی، ڕاهاتنە..هتد هۆکارەکان زۆرن.

**- کرداری نووسین(نووسینەوەی خودە) گێڕانەوەی ڕووداوگەلێکە کە کارلێکت لەگەڵیان دا کرد و دنەی سۆزت دەدەن؟**

دواجار نووسین هەڵخستنی خودە بەسەر تەنافی وجووددا، واتە من چۆن دنیا دەبینم. ئەم خودەش دابڕاو نییە لەو زمانەی کە پێی دەنووسین، ئەم

هەواڵنامەی کتێب

زمانەش دابڕاو نییە لە مێژووی خۆی، هەر ئەو زمانەشە کە هەڵگری کەلتوور و دنیابینییەکە کە پڕن لە ڕووداو و دیاردە و بەسەرهات و هتد. هیچ خودێک تەنیا نییە و ناتوانێت بە تەنیا هەڵبکات، چونکە خود بەرهەمی کۆمەڵایەتییە وەکو ئەو زمانەی کە پێی دەنووسین. لەم نێوەندەدا، نووسەر هەوڵدەدات تایبەتمەندییەکانی خۆی بدۆزێتەوە و قسەی لەسەری هەبێت. نموونە، دەشێ ڕووداوێک ببێتە مایەی نووسینی ڕۆمانێک کە دواتر کاری خەیاڵاندنی بۆ بکرێ، چونکە دواجار هەموو ڕۆمانێک فیکسیۆنە، واتە دابڕاوە لە واقیع و دووبارە بەرهەمهاتۆتەوە. هەروەها خودی خەیاڵ بەشێکە لە واقیعی مرۆڤ، چونکە مرۆڤەکان بەرهەمیان هێناوە، ئێمە واقیعمان هەیە بۆیە خەیاڵمان هەیە، ئاژەڵان واقیعیان نییە، بۆیە خەیاڵیشیان نییە. جیاکردنەوەی خەیاڵ لە واقیع کارێکی تەعەسووفییە واتە زۆرەملێیە.

**ـ بەکورتی: ئایا خودنووسینەوە گرنگە؟یا نووسینەوە دۆخێک کە هەندێکجار مەرج نییە لەگەڵ خوددا یەکانگیربن؟ بۆچی و چۆن.**

من کاتێک خودی خۆم دەنووسمەوە، هەست ناکەم خودێکی دابڕاوە لە مێژوویییەکی دیارییکراو، چونکە دواجار من زمانێکم هەیە کە خۆم دامنەهێناوە، بەڵکو بە میرات بۆم ماوەتەوە. بۆیە هەرچۆنێک قسەی پێ بکەم، پێی بنووسم، ئەوانی دیکەش دەگرێتەوە. زمان ڕەهەندە قووڵەکەی مرۆڤە، زایەڵەکانی لە قووڵاییەکانی مێژووەوە دێن و دەگەنە ئێمە. ئێمە تەنها دەتوانین لە ڕێگەی شیعرەوە پاڵ بەو زمانەوە بنێین و بیکەین بە هی خۆمان، ئەمەش سنووری هەیە، هێڵێکی سوور هەیە پێت دەڵێ ستۆپ. ڕەنگە ئەمەش دوا سنوورەکانی لێکدانەوە بگرێتەوە. من ڕۆمانسیی نیم، تاکو باسی خودێکی قەدەری بکەم، باس لە خودێک بکەم دەستی لێ وەشێنرابێت، پەراوێزخرابێت و چارەنووسی بەرەوە خەرەندەکان پەلکێشی بکەن، چونکە گرنگە ئیرادە بۆ نووسین بگەڕێنینەوە. لە ناو نووسینەکاندا ئیرادەیەکی دەستەجەمعی هەیە کە هەمیشە بە ئاگاییەوە یەخەمان دەگرێت. ئەم هۆشیارییە گرنگە بۆ نووسین.

**– نووسین چی پێ بەخشیوی و چیتی لێسەندۆتەوە؟**

ڕاستییەکەی من نامەوی ئەم حیساباتانە بکەم. نووسین چی لێم سەندووە و چی پێم بەخشییوە، چونکە دواجار ئێمە یەکجار دەژین و دەبێ چارەنووسی خۆمان خۆمان دیاریی بکەین. قەدەر منی نەکردووە بە نووسەر، خودا منی وەکو نووسەر هەڵنەبژاردووە، هەروەها هەستیش ناکەم نووسینەکانی من گۆڕانکاریی گەورە دروست بکەن، کەچی نووسین بە نیسبەت منەوە گرنگیشە هەیە، واتە هەڵبژاردەیەکە، جۆرێکە لە ژیانکردن، جۆرێکە لە گەڕان بە دوای شوێنێک لە نێو ئەم بوونە، ئەمە جۆرە هەبوونێکە. نووسین و بیرکردنەوە و خوێندنەوە بە یەکەوە ئیش دەکەن. نووسین فێرمان دەکات وردتر بیر بکەینەوە، جۆرە لەزەتێکیش لە نووسیندا هەیە. چونکە دواجار سەرکێشییەکە بەرەوە دنیایەک کە هیچی لە بارەوە نازانین.

---

**ئەحمەدی مەلا:**

**لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی "تۆمار"ی ناوچەی شوان لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری کەرکوک تەواو کردووە و ئامادەیی لە بەغدا. لە ساڵی ١٩٨١ کوردستان بە جێدەهێڵێت .**

**کۆمەڵە شیعری (زەردک) لە ساڵی ١٩٨٨ بە چاپ دەگەیەنێت. ساڵی ١٩٩٩ ماستەر لە زانستەکانی زمان و دکتۆرا لە ئەدەبی بەراوردکاریی لە زانکۆی فرانش کۆنتێ وەردەگرێت. ئێستا مامۆستای مێژووی زمان و ئەدەبیاتی فەرەنسییە**

**. سەرەتاکانی بە شیعر و هونەری تەشکیلی و شانۆ دەست پێدەکات. هەروەها لە پاڵ شیعر و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، ڕۆمان و کاری وەرگێڕانی ئەدەبییش دەکات.**

# ڕەنگدانەوەی ئامێرە مۆسیقییەکان لەشیعرەکانی هێمن دا



هەولێر کتێب

ئاوات نادر

## پێشـــەکی

(ڕەنگدانەوەی ئامێرە مۆسیقییەکان لە شیعرەکانی هێمن دا) توێژینەوەیەکە دەربارەی ڕەنگدانەوە و ئامادەیی مۆسیقا لەنێو شیعرەکانی شاعیری گەورەی کورد "هێمنی موکریانی"، کە زۆر لێهاتووانە خۆی لە قەرەی ئەم بوارە داوە و لە بەشێکی زۆری شیعرەکانیدا ناوی هێناون، "هێمن" وەک لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێت هەر لەسەرەتاوە عیشق و خۆشەویستی بەرامبەر بە مۆسیقا و گۆرانی هەبووە، دانیشتن و ئامادەیی لە کۆڕی هونەرمەندان و گۆرانیبێژان، بەتایبەتی لەگەڵ هونەرمەندی گەورەی کورد'ماملێ" ڕاستی ئەم قسانەمان بۆ دەسەلمێنێت.

هەستی هونەری لای (هێمن) پاڵنەرێکی بەهێز بووە، بۆ بەرهەمهێنان و داهێنان لە دەقە شیعرییەکانی و بەخشینی وێنەی جوان و چێژ بە خوێنەرەکانی، هەروەها نزیکی شیعرەکانی لە ڕەسەنایەتی هونەری کوردی و تێکەڵ بە کلتوور و نزیک لە ڕۆحی هونەرمەندان و بوونی چێژێکی تایبەت لە شیعرەکانیدا کە بۆن و بەرامی مۆسیقای لێ دەتکێ، وایکردووە "هێمن" لە پێشەنگی ئەو شاعیرانە بێت کە شیعرەکانی کرابێتنە گۆرانی و هەموو ئەو هونەرمەندانەش کە شیعرەکانی "هێمن"یان هەڵبژاردووە بۆ گۆرانی لەڕیزی هونەرمەندانی پێشەنگن و هەموو ئەوانەن کە مۆرکی ڕەسەنایەتی بە هونەرەکانیانەوە دیارە.

جوگرافیا و ژینگەش بۆ خۆی کاریگەری هەیە لە سەرهەڵدان و داهێنان لە بواری گۆرانی و مۆسیقا، مەڵبەندی موکریان و مەهاباد و سابڵاخیش یەکێکن لەو شوێنانەی کە سەرچاوەی ئاوازی ڕەسەنی کوردەوارین، "هێمن"یش ئەم کاریگەرییەی بەسەرەوە هەبووە، هەر بۆیە بۆن و بەرامی هونەری ڕەسەن لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

تەوەرەی یەکەم: چەمک و زاراوەی مۆسیقا، مێژووی سەرهەڵدانی:

مۆسیقا یان مۆزیک بەشێکە لە هونەر، هاوشێوەی هونەری وێنەکێشان و شانۆ و بیناسازی، زمانێکی جیهانییە و ئەلیف بای تایبەت بە خۆی هەیە، وەک هەموو زمانەکانی تری جیهان ئەنووسرێ و ئەخوێنرێتەوە، هیچی کەمتر نییە لە زانستەکانی بیرکاری و کیمیا و فیزیاو زانستە مرۆڤایەتییەکان و...هتد،دیاردەیەکی سروشتییە و بەهۆی لەرینەوەی تەنێکەوە ڕوودەدات.

ناوی((میوز_ muse) بۆ خواوەندی شیعر دەگەڕێتەوە، کە ئەویش یەکێکە لە نۆ ژنە خواوەندی گریکییەکان کە کچانی (زیوس میخۆس) بوون، هەر یەکێک لەمانە سەرپەرشتی چالاکییەک یان هونەرێک دەکات: ((شیعری داستانی، مێژوویی، خۆشەویستی، گۆرانی، مەرگەسات، ستایش، سەماکردن، ساتیرا، ئەستێرە ناسی، نەریت وابووە کە شاعیری داستان پەنا بۆ 'میوز' ببات، بۆ ئەوەی لە کارەکەیدا یارمەتی بدات.))(عوسمان عبداللە،٢٠١١:١٦).

((وشەی مۆسیقا وەک زانا مۆسیقییەکان دەڵێن وشەیەکی یۆنانییە، بە مانای سەرتاپای هونەرە جوانەکان هاتووە، بەڵام لە دواییدا بە زمانی ساز و ئاواز وتراوە، چونکە لەو سەردەمەی یۆناندا شاعیرەکان شیعرەکانیان بە یارمەتی ئامێری'تار' خوێندوەتەوە) (صلاح رؤوف، ١٩٨٩، :٦).

گۆرانی و مۆسیقا، لەگەڵ ئەوەی دوانەی یەکترین، بەڵام گۆرانی زووتر سەری هەڵداوە و تەمەنی گەورەترە لە تەمەنی مۆسیقا، چونکە مرۆڤ هەر لە سەرەتای زمان پژانییەوە، تاوەکو هەموو ئەو کار و فرمانانەی ڕۆژانە ئەنجامی داون، هەروەها تێکەڵبوونی بە سروشت و ئاشنابوونی بەدەنگی گیانلەبەران، ئیتر ئەمە وایکردووە وردە وردە فێری ئاوازی پچرپچڕ بێت و لاسایی ئەو دەنگانەی چواردەوری خۆی بکاتەوە،()گۆرانی لە ناو ژانرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆردا جێگەیەکی گرنگی هەیە، هاوشانی ئادەمیزادە و لە بێشکەوە تا ژێرخاک هاوڕێی ژیانێتی، هاوبەشی ئیشکردنی ئادەمیزادە، شیرینکەری جەژن و شادییە، وەک تنۆکی شادی، لە کاتی حەسانەوەدا زاخاوی مێشک دەداتەوە.))(عیزەدین مستەفا ڕەسوول،٢٠١٠ :٦٩)، هەروەها سەبارەت بە دۆزینەوە و دروستکردنی

ئامێرەکانی مۆسیقا، بۆچوونی جیاواز هەیە لەم بارەیەوە، تەنانەت هەندێکیان زیاتر ڕووداوی ئەفسوناوین و زۆر جێگەی باوەڕ نین، بۆ نموونە: ئەفسانەیەکی چینی هەیە دەڵێت: ((باڵندەیەکی نەناسراو، ڕێنوێنی مرۆڤی کردووە بۆدۆزینەوەی ئامێری مۆسیقا، هەندێکی تریشیان ڕەهەندی ئایینی دەدەنە پاڵی و پێیان وایە سەرچاوەکەی بۆ ئایین دەگەڕێتەوە، چونکە لە دەقە ئاینییەکاندا باس لە دەنگخۆشی(داود) پێغەمبەر کراوە، بۆیە پێیان وایە لە لایەن پێغەمبەرانەوە ئامێرەکانی مۆسیقا دروستکراون.))(محەمەد حەمەباقی، ٢٠٠٢، ٣٥:).

سەبارەت بە شوێنی سەر هەڵدانی مۆسیقا دیسان بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێکیان دەیگێڕنەوە بۆ وڵاتی هیندستان، هەندێکی تریشیان بۆ بابل و بەشێکی تریشیان بۆ وڵاتی میسر و ڕای تریش هەیە دەیگێڕێتەوە بۆ وڵاتی ئێران، پێیان وایە لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ یۆنان و پاشان گەیشتوتە وڵاتانی ئەوروپا، بەڵام زانایانی بواری مۆسیقا هاتوون دەنگەکانیان بە شێوەیەکی زانستی و زمانێکی جیهانییان بۆ داناوە کە بریتین لە: (دۆ، ڕێ ، می، فا، سۆل، لا، سی)کە حەوت دەنگی سەرەکین، ((دەنگی مۆسیقاش چەند سیفەتێکی تایبەت بە خۆی هەیە،

١- پلەی دەنگ: ئەو سیفەتەیە کە گوێی ئادەمیزاد جیاوازی نێوان دەنگی نزم و دەنگی بەرزی پێدەکات.

٢- توندی دەنگ: ئەو سیفەتەیە کە گوێی ئادەمیزاد جیاوازی نێوان دەنگی بەهێز و دەنگی لاوازی پێدەکات.

٣- جۆری دەنگ: ئەو سیفەتەیە کە گوێی ئادەمیزاد جیاوازی نێوان دەنگەکانی پێدەکات بۆ نموونە دەنگی کوڕ و دەنگی کچ، یان جیاوازی دەنگەکانی ئامێرەکانی مۆسیقا))،(وریا ئەحمەد، ١٩٨٩ :٩).

## تەوەرەی یەکەم: ڕەنگدانەوەی گۆرانیو ئامێرە مۆسیقاییەکان لە شیعری کوردیدا:

مرۆڤ هەمیشە بۆ پشوودان بە لایەنی ڕۆحی و دەروونی، کاتێک تووشی خەم و پەژارەیەک دەبێت بۆ ئاوپەرژێن و هێور بوونەوەی پەنای بردووەتە بەر دەنگ و ئاوازی خۆش، هەروەها بۆ لایەنەکەی تریش بە هەمان شێوە هەر ڕاستە، کە ئەویش کۆڕی خۆشی و شادی و ئاهەنگە، هەستی هونەری هەستێکی دانەبڕاوە لە سروشتی مرۆڤایەتی، بەڵام ئەم هەستە لای شاعیران و ئەدیبان زیاترە، ئەویش لە ڕەنگدانەوەی بەرهەمەکانیاندا دەردەکەوێت، بە بیر و ڕای'محەمەد حەمە باقی' گۆرانی و مۆسیقا چووەتە ناو هەموو کون و کەلەبەرێکی ژیانی کوردەوارییەوە، هەروەک چۆن شایی و ئاهەنگیان پێ سازکردووە، ئاوەهاش شین و شەپۆریشیان پێ گێڕاوە، ئەمە جگە لەوەی لە کاروباری ڕۆژانەیان بەدەم کارکردنیان وەک: کاروباری دروێنە و جووتیاری و مەڕ دۆشین و شوانکارەیی و لای لایە بۆ منداڵ و ڕستن و چنین وتوویانە، ((تەمەنی گۆرانی کوردی، وەک تەمەنی گۆرانی هەر گەلێکی تری ڕووی ئەم دونیایە، لەگەڵ تەمەنی مرۆڤی کورد دایە.)) (محەمەد حەمەباقی، ٢٠٠٢ : ٤٣).

لە رابردوودا مەراسیم و بۆنە و ئاهەنگ و شایی لە کۆمەڵگەی کوردەواری بەبێ دەهۆڵ و زوڕنا و شمشاڵ و گۆرانی بەڕێوە نەچووە، تەنانەت کۆڕی زیکر و خوێندنەوەی مەولوود نامەی پێغەمبەریش(د.خ) هەروەها لەتەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندییەکاندا کۆڕ و زیکرەکانیان بەدەنگ و ئاواز و لێدانی دەف و ئاهو ناڵەی دەروێشانی تەریقەت بە جۆش و خرۆش تر بوونە، ڕەنگدانەوەی مۆسیقاش وەنەبێت تەنها لای شاعیران دەرکەوتبێت، بەڵکو لە پەندی پێشینانیش و هەندێک بەرهەمی ئەدەبی فۆلکلۆریدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە((هەمیشە ناوی ئەو ئامێر و گۆرانییە ڕەسەنانە لەناو گۆرانی فۆلکلۆری کوردی و شاعیرە کوردەکاندا هاتووە و شانازی پێوە کراوە.)) (عوسمان عەبدوڵلا، ٢٠١١ :١١١).

کاتێک گوزەرێک بە نێو دیوان و بەرهەمی شاعیراندا دەکەیت، ئەوەی جێگەی سەرەنج و تێرامانە ئەوەیە کە شاعیران لە شیعرەکانیاندا ناوی زۆربەی ئامێر و ئاوازە مۆسیقییەکانیان ئاماژە پێکردووە، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەناو کۆمەڵگەی کوردی ناسراون و

بەکاردەهێنرێن، وەک: دەف و دەهۆڵ و شمشاڵ و نای و ساز و عود، کە ئاوازی گۆرانییەکانیان پێ ڕێکخستوون،بۆیە شاعیران چ بۆ مەبەست بێت یان بێ مەبەست خۆیان لە قەرەی هونەری مۆسیقا داوە و کاریگەریشی لەسەریان بەجێهێشتووە، وەفایی لە شیعرێکدا دەڵێت:

**تاق جووت گرتیانە دەم، مورغانی خۆش دەنگ و سەدا**
**ساز و دەف، تەنبوور و بەربەت، چەنگ و نەی،**
**سەنتوور و تار(دیوانی وەفایی: ١٦٩).**

ئەگەر سەیرێکی ئەم بەیتەی شاعیری گەورە (وەفایی) بکەین دەبینین لێکدانی ناوی ئامێرەکانی مۆسیقاو چۆنێتی ڕیزکردن و گونجاندنیان لەگەڵ یەکتر لەڕووی دەنگەوە، ئیستاتیکیەتێکی جوانی بۆ شیعرەکە دروستکردووە، بۆیە ناوهێنانی ئەو ئامێرانە لە شیعرەکاندا شارەزایی شاعیران دەردەخات لەپاڵ شیعرەکانیان بۆ ئاواز و مۆسقا و گۆرانی، هەر کۆمەڵگەیەکیش مۆسیقای تایبەت بە خۆی هەیە کە لە کۆمەڵێک ئاواز و میلۆدی و ڕستەی مۆسیقی جۆراوجۆر پێکهاتووە، ((مۆسیقا لەبەر ئەوەی وشە و دەستەواژە یان وێنە نییە، هەست دەکەی هەناوەکیترین و دەروونترین هونەر بێت، بەڵام هاوکات چونکە وا دەکات گرووپ، یان تاقمێک لە بیسەران بەبیستنی هەست بە خزمایەتی و یەکبوون بکەن، بە بێ ئەوەی هیچ کۆسپێکی بێتە ڕێی، ئەوا کۆمەڵایەتی ترین هونەریشە.))(محەمەد تەقی فەرامەرزی:٢٠١٨).

لەبەرئەوە بایەخدانی شاعیرانی کورد بە مۆسیقا و ئامێرە مۆسیقییەکان دەرخستنی هەستی هونەری شاعیرانە، هاوکات پەیوەندی بە کلتووری کۆمەڵگەشەوە هەیە، چونکە نەتەوەی کوردیش هاوشێوەی سەرجەم نەتەوەکانی تری جیهان خاوەن کلتووری تایبەت بە خۆیەتی، مۆسیقاش بەشێکە لەو کلتوورە دەوڵەمەندەی نەتەوەکەمان، تەنانەت ئامێرێکی وەکو دەف هەمیشە ئامادەییەکی بەرچاوی هەبووە چ لە سەردەمی کۆن یاخود نوێدا، بەتایبەتیش لە کۆڕ و بۆنە ئاینییەکان.

## تەوەرەی سێیەم:ڕەنگدانەوەی چەمکە مۆسیقاییەکان لە نێو شیعرەکانی (هێمن) دا

"هێمنی موکریانی" جگە لەوەی وەکو شاعیرێک ناسراوە لەهەماکاتیشدا لە وەرگێڕاندا وەرگێڕێکی کارامە بووە، هەروەها پەخشان نووسێکی لێهاتووش بووە، لە بواری ڕۆژنامە نووسیشدا خامەی بە بڕشت بووە و لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەدا ئامادەیی هەبووە، سەرەڕای هەموو ئەمانەش لە کایە سیاسییەکەشدا کەسێکی چالاکبووە، ئێمە لێرەدا تەنها دەچینە بوارە شیعرییەکەی، لە شیعریشدا دەمانەوێ بواری مۆسیقا و ئامێرە مۆسیقییەکان بخەینەڕوو، کە لە شیعرەکانی هێمندا بوونیان هەیە. "هێمن"یەکێکە لەو شاعیرانەی هونەری مۆسیقا لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، ڕەنگە یەکێک لەو هۆکارانە ئەوە بووبێت لە پاڵ هۆگری بۆ بواری شیعر و ئەدەب، پەیوەندی بەو بارودۆخە جوگرافیایەشەوە بێت کە "موکریان و سابڵاغ و مهاباد"هەمیشە مەڵبەندی هونەر و شیعر و مۆسیقا و گۆرانی بووە،هەروەها بەهۆی نزیکیان لە هونەری گۆرانی و مۆسیقای 'فارسی'، وایکردووە کۆڕ و مەجلیسی گۆرانی و مۆسیقای کوردی لەو ناوچانە هەمیشە گەرم و گوڕبێت، نزیکی لە هونەرمەندانیش دیسان هۆکارێکی تر بووە، سەرەڕای هەموو ئەمانەش، ((گەلی کورد لەسەرەتای بوونیەوە تاوەکو ئەمڕۆ، خاوەنی هونەر و ئاواز و گۆرانی تایبەتی خۆی بووە.)) (کەریم شارەزا، ١٩٨٢:٥).

"مام هێمن" لە نێو دەقە شیعرییەکانیدا زۆر چەمک و زاراوەی لە بواری ئامێرە مۆسیقییەکان بەڕوونی ئاماژەی پێکردووە، تەنانەت لە هۆنراوەی"یادم بکەن" جگە لەوەی ناوی ئامێرێکی مۆسیقی دێنێت، باسی یەکێک لە هونەرمەندە دەنگخۆشەکانی هاوڕێی دەکات کە زۆربەی جار لە کۆڕ و مەجلیسە هونەرییەکان پێکەوە بوونە کە ئەویش"ماملێ"یە، وەک دەبینین لەو تۆمارە ڤیدیۆیانەی کاتی خۆی تۆمارکراون و بەشێکیان ماونەتەوە و لە ئێستاشدا لە تورە کۆمەڵایەتییەکاندا هەن، هەر یەک لە 'ماملێ' و 'هێمن' پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەبوو،

تەنانەت "هێمن" لە کۆڕی گۆرانییەکانی ئەودا شیعری خوێندووەتەوەو "مامڵێ"ش، هەندێک لە هۆنراوەکانی "هێمن"ی کردووە بە گۆرانی، لەو هۆنراوەدا داوا دەکات یادی بکرێتەوە بە لێدانی ئامێری مۆسیقا و "مامڵێ"ش بەدەنگە خۆشەکەی قەتاری بۆ بڵێت، هەروەک دەڵێت:

**لەو دەمەیداگوێ هەڵدەخەن بۆ تارێ**
**لەو دەمەیدا مامڵێ دەڵێ قەتارێ ل٢٥٢**

شاعیر لە هۆنراوەی"بەهاری لادێ"دا بەشێوەیەکی هونەری ڕەوان و کوردییەکی پەتی پڕ لە دەستەواژەی کوردیانەی ڕەسەنبە بەپشت بەستن بەو فەرهەنگە دەوڵەمەندەی کەلەپووری نەتەوەییمان. دێت وێنەی لادێیەکی کوردستان دەخاتەڕوو کە پڕاوپڕە لە وێنەی ئیستاتیکی، هەر لە قەڵبەزەی ئاو و جریوەی مەل و باڵدار و وێنەی ڕانەمەڕ و کانی ژنان و وەرزی ئیش و کار و فەرمان و فریدانی بەرگی تەمبەڵی ودەیان نموونەی جوانی تر دەنەخشێنێت، لە کۆتایشدا دێتە سەر ئاوازی خرخاڵی ژنان و بلوێری شوان و گۆرانی و لاوک و حەیران، هەروەک دەڵێت:
چ خۆشە خرمەکەی خرخاڵ و بازن و ژێر چەنەی کابان
**چ خۆشە نەغمەکەی بلوێر، چ خۆشە لاوک و حەیران**
**چ خۆشە دەنگی باللۆرە، چ خۆشە هۆوەری جوتیار**
**ل١٠٨**

"هێمن" لە هۆنراوەی"بلوێری شوان"دا وێنەی شوانێک پیشاندەدات کە لە نیوەشەودا دونیا خامۆش و بێدەنگە، ئەو بلوێرەکەی دەنێت بە لێویدا و کەشێکی پڕ لە چێژ و خۆشی دەخولقێنێت، کە هەرچی خەفەت و مەراقە نایهێڵێت، تەنانەت ئەو دەنگی بلوێرە لە لای شاعیر لە دەنگی تار و سازیش خۆشترە، هەروەک دەڵێت:

**نیوە شەوە دونیا خامۆش**
**دێتە گوێم ئاهەنگێکی خۆش**
**ئاهەنگێکی گیان پەروەرە**
**شادی هێنە خەفەت بەرە**
**ئاهەنگێکی دڵ نەوازە**
**تارە؟ پۆلۆنە؟ سازە؟**
**نا... نا... بلوێرە**
**جا وەرە گوێی بۆ ڕادێرە ل١٤١**

"مام هێمن" لە هۆنراوەی"بەهاری کوردستان"دا دێتە سەرباسی جوانی سروشتی بەهار لە کوردستان، هەموو ئەم دەنگ و ئاوازە سروشتی و جوانی بەخشانە ناگۆڕێتەوە بە ئاهەنگ و گۆرانی و دەنگی ساز و ئاوازی ئامێرە مۆسیقییەکان، هەروەک دەڵێت:

**شەماڵ هات بەکاڵە کاڵ**
**هەور بوون گەواڵ گەواڵ**
**پشکووت گوڵی گەش وئاڵ**
**بلبل کەوتە ناڵە ناڵ**
**دەشت وچیمەن ڕازاوە**
**کێو و بەندەن ڕازاوە**
**زۆنگ و چێتکە ژیاوە**
**گیا سەری پێوە ناوە**
**دیسان لە چیا و لە ڕازان**
**دێ سیرەی سەقر و بازان**
**پێم خۆشترن لە سازان**
**لە ئاهەنگ و ئاوازان ل١٥١**

"هێمنی موکریانی" لە هۆنراوەی"شینی گۆران"دا کاتێک هەواڵی کۆچی دوایی شاعیری گەورەی کورد "گۆران" بڵاودەبێتەوە، لەم هۆنراوەدا شینێکی بۆ دەگێرێت، دواتریش بە چەند دێرێک دێتە سەر وەسفی گۆران و پاشان وەسفی شیعرەکانی دەکات، کەپڕن لە جوانی و ڕەنگینی و مۆسیقا، هەروەک دەڵێت:

**هەستی پاک، مێشکی تازە، بیری نوێ**
**شیعری پڕ سۆز، قسەی بەتام و خوێ**
**دڵتەڕ و خۆش خەیاڵ و ناسک بین**
**بە هونەر شارەزا، وشە ڕەنگین**
**پێم پەری شیعر و مۆسیقا تۆران**
**بۆیی بردیانەوە سەرێ گۆران ل٢٠١**

شاعیر لە هۆنراوەی"شەنگەبیری"دا کە شیعرێکی تەواو پڕ لە چێژ و جوانی و ڕۆمانسییە، تێکەڵ بە بواری سیاسی و شۆڕشگێری دەکات، لە دوو کارەکتەری شوان و شەنگەبێریدا دەخاتەڕوو، وێنەی



شوانێک دەکێشێت کە لە پێناو خاک و وڵاتەکەی، تاکە دڵدارە جوانەکەی کە هەموو وێنەیەکی جوانی تێدا کۆکردۆتەوە، جگە لە ئەرک و فەرمانی خۆی و گوندەکەشی، هەموو ئەمانە بەجێدەهێڵێت و چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شان و ئەم ئەرکەی لە هەموو شت بەلاوە پیرۆزتر دەبێت، بەڵام خەیاڵی ئەوەش دەکات کاتێک نەمامی هەوڵ و خەباتی سەریگرت و نیشتمان رزگاری بوو، چەک دادەنێت و دیسان گۆچانی شوانییەکەی هەڵدەگرێتەوە و دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆی، بۆیە دێتە سەر ئاواز و مۆسیقا و دەنگی شمشاڵ و خرمەی بازنگ هەموو دەنگە سروشتییەکانی گوندەکەی.

**چێشتەنگاوان لە دەراوان کە خۆت لێ دەکرد پێخاوس**
**بە لەنجەولاری کێژانەت شەرمەزار دەبۆوەک تاوس**
**ئاهەنگی ژین و شادی بوو بەیانی کە تێکەڵ دەبوو**
**شمشاڵی من، خرمەی بازن، گرمە و هۆڕی مەشکەی گاوس**
**شەنگەبێری گراوی خۆم! وێنووسی جەمال و جوانی!**
**ئێستاش پاڵێنی وەک جاران لە شوان و مێگەل دەروانی؟**
**ل٢١٨**

"هێمنی موکریانی" لە هۆنراوەی "نالەی جودایی"

لە وێنەیەکی هونەری سۆزداریدا باس لە خەمی تەنیایی خۆی دەکات کە بێبەشە لە هەموو خۆشی ورابواردنەکانی ژیان، بۆیە پەنای بۆ مەیخانە و کۆڕی مەیخۆران بردووە، بۆ ئەوەی برێک لە خەمەکانی سارێژ بێت، دواتر خەمەکانی دەبەستێتەوە بە خەمەکانی نیشتمان و بەهەستێکی بەرز شیوەنێک بۆ نەتەوەکەی دا دەدا کە وەک خۆی بێبەشە لە هەموو مافە ئینسانییەکان، پاشان کۆمەڵێک وێنەی هونەری فۆلکلۆری و داستان تێکەڵ بە شیعرەکەی دەکات، بۆیە ناڵینی خۆی دەبەستێتەوە بە ناڵینی نەی و بلوێرەوە، تەنانەت ناڵینی خۆی لە ناڵینی نەی بەسۆزتر دادەنێت.

**گوێم دەیە ئەی دیدە مەستی قیت و قۆز**
**تا بناڵێنم وەکو بلوێر بە سۆز**
**نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر**
**جا چ نەی بیکا چ پیاوی دەربەدەر**
**بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە**
**شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە**
**لێم گەڕێ با دەربڕم سۆزی دەروون**
**لێم گەڕێ با هەڵوەرێنم ئەشکی روون ل٢٨٢**

شاعیر لە چەندین دێرە هۆنراوەی تردا باسی ئامێرەکانی مۆسیقا و گۆرانی و دەنگی خۆش و دەنگی بولبولیش کردوە، کە هەموو ئەمانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە "هێمنی موکریانی" لەپاڵ هۆنراوەکانیدا هەمیشە دەنگی خۆش و هونەر و ئاواز و گۆرانی بەشێکی تر بووە لە ژیانی تایبەتی خۆی و چێژی لەو کەشە هونەرییە وەرگرتووە، هەروەک لە چەندین دێرە هۆنراوەی نێو شیعرەکانیدا ئاماژەی بۆ کردووە.

**دەبێ بولبول لە من فێر بێ غەزەلخوێنی ، بەلام چبکەم**
**گرفتارم، چریکەم بەو گوڵ و گوڵزارە ڕاناگال٢٧٢**

**هەروەها لە شوێنێکی تردا دەڵێت:**

**شەپۆلێک مۆسیقای بەسۆز**
**هات و ڕابوورد بە بن گوێمدا**
**شوێنێکی بۆ خۆی کردەوە**
**لە ناخی دڵی تۆێ توێمدال٢٩٠**

**دیسان لە دێڕێکی تردا دەڵێت:**

**کونی گیراوی کۆنە شمشاڵم**
**خەونی ئاڵۆز و خاتیرەی تالمل٢٩٩**

**"هێمن" لە دێرە شیعرێکی تردا دەڵێت:**

**دەگەڵ بولبول بلێ حەیران و بەستە**
**خەلک شەیدا بکا بەو شۆر و هەستەل٣٠٩**

لە چوارینەیەکیشدا باسی دەنگی خۆش دەکات و دەڵێت:

**بەیان ئەنگووت و شەو ڕابوورد و من هێشتا خەوم نایە**
**دەخوێنن بولبول و قومری، بەلام قاسپەی کەوم نایە**
**خەیال دەمباتە جێژووانی شەوانی لاوەتی، ئەمما**
**خرینگەی بازنە و خرخاڵ وبەرمووری ئەم نایەل٤١٥**

"مام هێمن" باس لە"مام هەژاری" شاعیر هاوڕێی دەکات کە وەکو باڵندەیەکی دەنگخۆش هەمیشە لە خوێندنی نەغمەی خۆشدا بووە، کە مەبەست لێی شیعر وتن بووە هەروەک دەڵێت:

**ئەی مەلی خۆش خوێنی ئاوارە و تەرە و بێتاشیان**
**مۆژە بێ زوو دێیتەوە ناو میللەتی رزگاری کورد**
**بولبولە سەرمەستەکەی باخی موکریان! ئەو چەلیش**
**تێر بخوێنە، دەنگ هەڵێنە تۆ لەناو گوڵزاری کورد**
**ل١٧٤**

لەلایەکی تریش"هێمنی موکریانی" یەکێکە لە شاعیرانەی کە پێشەنگی وەرگرتووە لەوەی بەرهەمە شیعرییەکانی بەهۆی و ڕەسەنایەتی بوون و تێکەڵ بە دابونەریت و فۆلکلۆری کوردەواری و ڕوونی و پەتی زمانەکەی و گونجاندنی لەگەڵ گۆرانی و ئاوازی کوردی، بەشێکی زۆری لە هۆنراوەکانی لەلایەن هونەرمەندانی کوردەوە کراون بە گۆرانی و چانسی ئەوەشی هەبووە، کە ئەو هونەرمەندانەی کە شیعرەکانی "هێمن"یان کردۆتە گۆرانی لەڕیزی هەرە هونەرمەندە بەرزەکانن و لە دەنگە ڕەسەنەکانی کوردن، کە هەمیشە هونەرەکەیان لە پێناو مانەوەی ڕەسەنایەتی نەتەوەکەیان بەکارهێناوە.

سەرچاوەکان


أ-کتێب:
١- عیزەدین مستەفا ڕەسوول(٢٠١٠)، لیکۆلینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی ئاراس، چاپی سێیەم، هەولێر.
٢- صلاح رؤوف (١٩٨٩)، تیۆرەکانی مۆسیقا، چاپخانەی سومر، بەغداد.
٣- فؤاد رشید (٢٠٠٧)، دەقی ئەدەبی"ئەدگار . چێژ . بەها"چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٤- کەریم شارەزا (١٩٨٢)، مەقامەکانی سیوەی هونەرمەندی کورد لە تەرازووی ڕەسەنایەتیدا، چاپخانەی حسام، بەغداد.
٥- محەمەد حەمەباقی (٢٠٠٢)، مێژووی مۆسیقای کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم، هەولێر.
٦- وریا ئەحمەد (١٩٨٩)، ئامێرەکانی مۆسیقای کوردی، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.
ب- دیوان:
٧- محەمەد سەعید نەجاری، (١٣٨٩هـ)، دیوانی وەفایی، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە.
٨- وریا حەبیب،(٢٠٠٨)، دیوانی هێمنی موکریانی، پەخشانگای ئازادی، سلێمانی.
پ- نامەی ئەکادیمی:
٩- عوسمان عەبدوڵلا فەرەج، (٢٠١١)، ڕەهەندی مۆسیقی لە شیعرە کوردییەکانی(صافی)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
ت- ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی
١٠- تەیب نەجار، هونەر و پۆلێنی هونەر، ماڵپەڕی ژیان، ٨ی شوباتی ٢٠٢١.
١١- محەمەد تەقی فەرامەرزی، مۆسیقا و وێنە مرۆییەکان، ماڵپەڕی هەولێر، ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨.


هەواڵنامەی ...

## شیکردنەوەی دەقە شیعریەکانی

# (فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی)
# لە ڕوانگەی زمانی جەستەوە



زرار سەردار محمد

**پێشەکی**

زمانی جەستە ئەو هێماو ئاماژانەن، کە مرۆڤ لەگەڵ قسە کردندا ڕێکیان دەخات پەیامەکەی پێ تەواو دەکات. بۆیە هەمیشە مرۆڤ هەوڵدەدات جوڵەو هێماکانی جەستەی بکات بە تەواوکەری دەربڕینەکانی. ئاماژەکانی جەستە دەربڕی هەستە شاراوەکانی ناخن.بۆیە زۆرجار ئەوەی ئێمە بە زمان دەیڵێین بە جوڵە و ئاماژەی دیاریکراوی جەستە دەری دەبڕین. بۆیە زۆر ئەستەمە کاتێک کە قسە دەکەین هیچ جوڵەیەکی جەستە بەکار نەهێنین. لەبەر ئەم هۆکارەشە زمانی جەستە جێگەی گرنگی و بایەخی زۆربەی شارەزایانی ئەم بوارەیە و دەڵێن زمانی جەستە (٥٥٪) ئەو پەیامە دەگەیەنێت بە بەرامبەر. مرۆڤ هەوڵ دەدات زۆرجار جوڵەو ئاماژە جەستەییەکان جێگای دەربڕینەکانیش بگرنەوە. هەرچەندە ژیان ئاڵۆز بێت زمان هەمیشە هەڵدەدات لە شێوازێکی زۆر سادەو ساکاردا دەربکەوێت. بۆیە زمانی جەستە هەوڵدەدات بە کورترین دەربڕین زۆرترین مانا بگەیەنێت. لێرەدا ڕۆڵی ئاماژەکانی جەستە زیاتر دەردەکەوێت. دەبێتە بەژدارێکی چالاک و کارای ئاخاوتن.

گەر سەرنج بدەین بەرهەمە ئەدەبییەکانیش ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵن. بۆیە لە ناو سنوری دەقە شیعرییەکاندا ئاماژەکانی زمانی جەستە بەدی دەکرێت. پانتاییەکی زۆری دەقە شیعریەکانی (فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) داگیر کردووە. جێگەی گرنگ و بایەخی شاعیرە. زۆرترین سەرنجی شاعیر بۆ خۆشەویستەکەی لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئاماژە جەستەیەکانەوەیە. زمانی جەستە بەژدارێکی ڕاستەوخۆو کارای وێنە شیعرییەکانی شاعیرە. ئەم گرنگیدانە بە جەستە لەم چەند ڕووەوە هۆکارو پاڵنەری هەڵبژاردنی بابەتەکەمان بوو. زۆرجار مایەی دڵخۆشی و هێنانی ئارامیە و هەندێک جار مایەی ڕەشبینی و نائومێدیە. شاعیر زۆر لە هەستەکانی خۆی بۆ خۆشەویستەکەی بە زمانی جەستە دەربڕیوە. زۆرترین سەرنجی لە زمانی جەستەی خۆشەویستەکەیدا بینیوەتەوە. وەک لەم دەقە شیعریەدا دەڵێت.

چاوەکانت بێ دەنگ ئەدوێن نیگا ئەکەن زۆر شت ئەڵێن
ئەوەی بەدەم نایدرکێنیت ئەوەی لات بۆتە نهێنی
هەرکاتێک سەرنجیان ئەدەم ئاشکرا لێیان تێ ئەگەم

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:**

بریتیە لە شیکردنەوەی دەقە شیعریەکانی (فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) لە ڕوانگەی زمانی جەستەوە.

**سنوری لێکۆڵینەوەکە:**

سنوری کارکردنی لێکۆڵینەوەکە دیارکراوە، بەتەنها دیوانی شیعری (فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی). مان هەڵبژاردووە و لەناویشیدا تەنها کارمان لەسەر ئەو دەقانە کردووە، کە ئاماژەی جەستەیان تێدایە. ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی زانستی بابەتەکە بخەینەڕوو.

گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوە لەڕووی شیکردنەوەی زمانی جەستە بەم شێوە تایبەتە لەم بوارە دیاری کراوەدا زۆرکەمە. ئەوەی کەهەیە بەشێوەیەکی گشتی کاری لەسەر کراوە و زیاتر لەبواری زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا بووە ، وە کەمی ماوەی سنوری لێکۆڵینەوەکەمان گرفتێکی تربوو، کە نەمانتوانی کار لەسەر هەموو دەقەکان بکەین و ڕوونیان بکەینەوە. کارمان لەسەر چەند دەقێکیان کردووە. وەک دەوترێت مشتێک نمونەی خەروارێکە.

**هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:**

١- تازەیی لە بابەتەکەدا، چونکە تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەک لەم بوارەدا لەسەر دەقی شیعری ئەنجام نەدراوە.

٢- گرنگی و بایەخی زمانی جەستە. کە لە بەشێکی زۆری دەقە شیعریەکانی شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە.

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:

لە سنوری لێکۆڵینەوەکەماندا کارمان بە میتۆدی (شیکاری وەسفی). کردووە.

**بەشی یەکەم: چەمکی هێماو گرنگی زمانی جەستە لە ئەدەبدا.**

**تەوەری یەکەم: هێما وزمانی جەستە:**

لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا هێما بوونی هەیەوبەکاردەهێنرێت وگرنگی پێدەدرێت، جا ئەگەر هێمای زمانی بێ یان نازمانی،هێمائەوجۆر ەنیشانانەن،کەواتاکەیان لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی کۆمەڵ دیاری کراوە وەک نیشانەکانی بیرکاری. یان نیشانەکانی مۆزیقا، مرۆڤ لە کاتی ئاخاوتندا هەڵدەدات ئاماژەکانی جەستەی بە پێی ویست و خواستی پەیامەکەی بگونجێنێت. ڕەفتار و ئاماژەکان واتای تایبەتیان هەیە.بۆیە هەرچەندە ژیان لەهەموو ڕوویەکەوە ئاڵۆزتر بێت، بەڵام زمانی جەستە هەوڵدەدات بەکورترین دەربڕین زۆرترین مانا بگەیەنێت. لێرەدا ڕۆڵی ئاماژەکانی جەستە زیاتر دەردەکەوێت، دەبێتە بەشداریکی چالاک و کارای ئاخاوتنی مرۆڤ.ئەو زانستەی لەهێما دەکۆلێتەوەپێی دەوترێت (هێمالۆجی)،زانستێکە گرنگی بەلێکۆڵینەوە و پۆلێنکردنی هەموو جۆرە هێما یەک دەدات،بەزمانی ونازمانییەوە دەیەوێت پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا لەهێمادا ڕونبکاتەوە. زمانەوانان و شارەزایانی بواری زانستی زمان گرنگی زۆری پێدەدەن دەڵێن:((هێماکاری زۆرزیاتر لەزمانی هۆشمرۆڤی لە گیانەوەر جیاکردۆتەوە)). (محمدمعروف فتاح،٢٠١٠، ل.١١٢). چونکە هێماکاری کەمتر کاریکردووەتە بوون و ژیانی گیانەوەران.بەدەگمەن هەست بەبونی دەکرێت. بۆنمونە (خەت وئەستێرەی سەرشان،پارەوئاڵتون وخشڵ،لەبەرکردنی جلوبەرگ.....هتد)، کەئەمانە هەموولەژیانی ڕۆژانەدا دەبینین وهەریەکەشیان هێمایەکن بۆشتێک وپێیدەناسرێتەوەزۆرجارلەڕێگەی هێماوە چین و پلەوپایەی کەسەکان دەناسرێتەوە و جیادەکرێتەوە لە کەسێکی تر. بۆ نموونە لەبەرکرنی کراسی سپی هێمایە بۆئەوەی پزیشکەیان کۆتری سپی هێمایە بۆئاشتی.یان پۆلیسی هاتوچۆ بەجلوبەرگەیدا دەناسرێتەوە. لێرەوە دەچینە سەر قسە کردن لەسەر زمانی جەستە، کەواتە زمانی جەستە ئەو هێماو ئاماژانەن، کە مرۆڤ لەگەڵ قسە کردندا دەینوێنێت. سەرجەم جوڵەو ئیشارەتەکانی جەستەو ڕووخسار دەگرێتەوە ڕەنگدانەوەی لەسەرکەسایەتی مرۆڤ هەیە، وەکاریگەری لەسەر کەسی بەرامبەریش دروست دەکات، بۆیە کەم شت هەیە، کە مرۆڤ دەیەوێت بیکات یان هەیەتی جگە لەبەهای خۆی بەهایەکی هێمای نەبێت دەوترێت: ((زمانی جەستە بریتییە لە گواستنەوەی پەیام بەبێ ئەوەی زمان بەکاربهێنرێت، واتە وشەو دەنگ تیایدا بەکار نایات، بەڵکو پەنا دەبرێتە بەر شێوازی ئاماژەو هێماکاری زمانی چاو و جەستەیە، کە دوور لە دەربڕینی زمانی کاردەکەن)). ( شنە ئەبوو بەکر ئەحمەد، ٢٠٠٨، ل ٢٢). بۆیە جەستە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوەی کەسەکان و دەبێتە تەواوکەری دەربڕینەکان. لە شوێنێکی تردا دەوترێت: (جوڵەو ئیشارتەکانی ڕووخساری مرۆڤ لەگەڵ چۆنیەتی و قسەکردن و بەرزو نزمی دەنگ و بەکارهێنانی وشەکاندا ئاوێتە دەبن بەپێی بارودۆخی تایبەتی ئەو کەسە وئەو کۆمەڵگایە ڕەنگدانەوەو کاریگەرییان دەبێت).(ئاهەنگ شەفیق،٢٠١٩، ل ١٣٠). بێگومان جوڵەو هێماکانی جەستەی هەر کەسێک کەم و زۆر کاریگەری ئەو کۆمەڵگایەی لەسەرە، کە تیایدا پەروەردە بووە.

**تەوەری دووەم: چەمکی هێماو جۆرەکانی:**

هێما نوێنەری کەس و ڕووداوە بێ ئەوەی شتەکە لەو کاتەدا ئامادەبێت یان نا، بەم پێیە وشە دەچێتە خانەی هێماوە. چونکە نوێنەرایەتی شتێک دەکات خۆی نییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لێکچوون لە نێوان فۆرم و واتادا نییە، بەڵام پەیوەندی لەنێوان فۆرم و واتادا هەیە و ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتیە. بۆیە فۆرم و واتا بە هەردووکیان هێما پێکدێنن و پەیوەندیەکی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، بەجۆرێک باس لەهەریەکێکیان بکەین ئەوەی تریان ڕادەکێشێت. فۆرم بەتەنها نرخی نییە ئەگەر واتای نەبێت گوزارشتی لێبکات. هەر بۆیە ((سۆسێر پێی وایە ئەو پەیوەندیەی لەنێوان فۆرم و واتا هەیە وەکو دوو

ڕووی دراون ناتوانن لەیەک جیابکرێنەوە. بۆیە ئەم دوو زاراوەیە لەیەک جیانابنەوە و بەجیاکردنەوەیان هێماکە نرخەکەی ون دەکات)).(تارا موشیر، ٢٠١٩، ل ٩٠). کەواتە هێما گرنگی و سیمای تایبەتی خۆی هەیە لە نێوان مرۆڤەکاندا دەوترێت: ((هێما بریتیە لەو نیشانانەی،کە مرۆڤ بۆ لەیەکترگەیشتن یان وەک چەمکێک بۆبیرکردنەوە بەکاری دێنێ)). (محمد مەحوی،٢٠٠٩، ل. ٣٧).

هێماکان بەپێی ڕێکەوتنی مرۆڤەکان دروست دەبن. پاشان بەکاردەهێنرێن، لە پێناسەیەکی تر کە بۆ هێما کراوە دەڵێت: ((هێما بریتییە لەو نیشانانەی کە مرۆڤ بۆ لە یەکترگەیشتن یان وەک چەپکێک بۆ بیرکردنەوە بەکاریان دێنێ)). (محمد معروف فتاح، ٢٠١٠، ل١١٥). هێما پێوستی بەڕێکەوتنی کۆمەڵ هەیە تاوەکو بەردەوام بێت و بە یارمەتیدەرێکی گرنگی زمانی ئاخاوتن دادەنرێت وەک دەوترێت: (( هێما بەشێوەیەکی شاراوە و بێ دەنگ لەگەڵ جوڵاندنی لێوەکان بەبێ قسەکردن بەیارمەتی ئاماژەکانی چاو وبرۆ و لێو و دەم پەیامەکەی دەگەیەنێت. بەمەش بە پاڵپشتێکی باشی زمانی ئاخاوتن دادەنرێت)).(هاجر طیبی، ٢٠١٣، ل ٨). کەواتە هێمادانان مرۆڤەکان بە ویست و خواست و ئارەزووی خۆیان لە ناو کۆمەڵگادا ڕێکدەکەون شتێک بەهێما بۆ شتێک دابنێن.

لەم چەند پێناسەیەدا ئەوەمان بۆدەردەکەوێت،کە هێما مۆرکی کۆمەڵی لێدراوە گەرکۆمەڵ ڕێنەکەوێت لەسەری قابیلی ڕەتکردنەوەیە و کۆمەڵ بەکاری ناهێنێت، بۆ نمونە: (تابلۆکانی هاتوچۆ،گڵۆپی پەڕینەوە). کە ئەمانە بەپێی ڕێکەوتنی کۆمەڵ بووە.دەبێت ئاماژەبەوەش بدەین،کە هێماکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تردەگۆڕێت. تەنیا هەندێکیان نەبێت،کە لەسەرانسەری جیهاندا وەک یەکن بۆ نمونە: (کۆتری سپی هێمای ئاشتییە،شێر هێمای ئازایەتییە).لێرەدا باسی ئەوەدەکەین،کەهێماچەندجۆری هەیە؟ وە زمانی جەستە سەربەکام جۆریانە؟ هێما دووجۆری هەیە ئەوانیش:




أ- هێمای زمانی (دەمی)

ب-هێمای نازمانی (نادەمی)

أ-هێمای زمانی:

بریتیە لەو هێمایانەی کە مرۆڤ لە کردەی پەیوەندی و گفتوگۆ کردن یان نووسەران لە بەرهەمەکانیان پەنای بۆ دەبەن. پیتەکان هێمان بۆ دەنگەکان، واتە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا جگە لە بەکارهێنانی زمانی ئاسایی کۆمەڵگاکەی خۆی. لەگەڵیدا هێمای زمانیش بەکاردەهێنێت.ئەم شێوازی بەکارهێنانەش ڕەنگە بۆ پەیوەندیکردنی نێوان دووکەس بێت بۆئەوەی کەسی تر پێیان نەزانێت یان تێیان نەگات. یاخود بۆداپۆشینی مەبەستی سەرەکی لەلایەن نووسەرەوە یاخود وەک لایەنێکی ئیستاتیکی دەق نوسەران پەنای بۆدەبەن، گەر سەرنج بدەین

ئەم جۆرە لە هێما لەزۆربەی ژانرە ئەدەبیەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نمونە: (زمانی شیعری شێرکۆ بێکەس، یان زمانی نوسینی چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن، یان زمانی نوسینی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی... هتد). بۆیە ئەو دەقەی هەڵگری هێمایەکی زمانی قوڵ بێت دەقێکی باڵا و پڕ لە ئیستاتیکایە. هەمیشە خوێنەرێک دروست دەکات چالاک بێت و بگەڕێت بەشوێن ئەو مەدلولانەی کە ئەو دالە لە هەناوی خۆی هەڵیگرتووە. کەواتە بەکارهێنانی هێمای زمانی لە هەر زمانێکدا بەڵگەیە بۆ بەرەو پێشچونی ئەو زمانە، چونکە قسەپێکەرانەی ئەو زمانە توانیویانە لە بەکارهێنانی زمانی ڕۆژانە و بواری ئەدەبیدا هێمای زمانیش بەکاربهێنن.بۆ نمونە شێرکۆ بێکەس زۆربەی دەقە شیعریەکانی هەڵگری هێمایەکی زمانی قوڵە واتایەکی تری لە پشتەوەیە. کە جێگای سەرنج و تێڕامانی خوێنەرن.

ب- هێمای نازمانی

بریتیە لە گواستنەوەی پەیام بەبێ ئەوەی زمانی ئاخاوتن بەکار بهێنرێت. واتە وشەو دەنگ تیایدا بەکار ناهێنرێت. مێژوویەکی کۆنی هەیە، وەک دەوترێت: ((پەیوەندی ناگوتەیی لە ڕووی مێژووییەوە لە زمانی گۆکراو و زمانی نوسراو کۆنترە، بنچینەی دروستبوونی زمانە، هەموو ئەو پرۆسانەی لەیەکگەیشتن دەگرێتەوە کە ناکرێ بە نووسین یان بەقسەکردن دەرببڕێت، بۆیە گوێگر لەم جۆرە پەیوەندیکردنە بەزۆری پشت دەبەستێت بەهەستی بینین و شیکردنەوەی بەیاسا کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان)). (ئاقگە عومەر، ٢٠٢٠، ل ٥٧٢). تەنها هێما زمانیەکان بەس نییە بۆئەو بیرەیکە مرۆڤ دەیەوێت گوزارشتی لێبکات، بەڵکو مرۆڤ پەنای بۆهێمای نازمانیش بردووە بۆ گەیاندنی ئەوپەیامەی کەدەیەوێت بیخاتەڕوو.هێمانازمانییەکان مەبەستمان ئەو ئاماژە نازمنییانەن کە کۆمەڵ پەسەندیکردوون ومرۆڤ بۆ لەیەکترگەیشتن بەکاریان دێنێت، وەک پەنجە بەرزکردنەوە و ڕاوەشاندنی لەبریی هەرەشەکردن. لێرەوە ئەو دەروازەیەمان بەڕوودا دەکرێتەوە، کە بڵێین زمانی جەستە سەر بەجۆری (هێمای نازمانییە).

کەهەر یەک لە جوڵەکانی جەستە وەک: ( ڕوخسار،چاو، سەر، لەش ولار، نیگاو چاوتێبڕین، ڕاوەستان وجل وبەرگ...هتد).لەخۆ دەگرێت، هەریەک لەزانایان (ڤۆنت، مار، پیاجە) باوەڕیان وایە کە (( هێمای نازمانی سەرەتای زمانی قسەکردن بووە تائێستاش ئەوبزاوتنانەی وەک سەرلەقاندن و لێوگەستن و چاونوقاندن..زهتد، کە کە تا ئێستاش لەگەڵ زمانی ئاخاوتندا بەکارهێنانیان هەیە، کە ئەم جۆرە هێمایە لەکەسێکەوە بۆکەسێکی تر ناگۆڕێت و شرۆڤەو لێکدانەوەی ئەم جۆرە هێمایە لای هەموو کەسی یەک کۆمەڵگا وەک یەکە و پێویستی بەزانیاریی سروشتیە نەک فێربوون)).(تارا موشیر، ٢٠١٩، ل ٩٢ ).

گفتوگۆکردن و لەیەک گەیشتن دەتوانرێت بە هێمای نازمانی سەر بگرێت،لەگەڵ ئاخاوتن وگفتوگۆکردنی دەمیدا. کەئەمانە کلیلی ناسینی کەسەکانن، هەر بۆیە دەوترێت: ((هیچ پەیوەندییەکی زمانی نێوان دوو کەس بەبێ بەکارهێنانی جەستە و دەموچاو سەرناگرێت و بیری لێناکرێتەوە)). (محمد مەحوی، ٢٠٠٩، ل. ٥٣). کەواتە دەتوانین بڵێین کە،هێما نازمانییەکان بە بێ زمان کاریگەری لەسەر ئەدیب و شاعیر دروست دەکەن وێنەیەکی ئیستاتیکی بەهێز لە زیهنیدا دەنەخشێنن. بەڵام دەرخستنی ئەم کاریگەرییە یان بەرجەستە کردنی ئەم وێنەیە لە دەقەکاندا لە ڕێگەی زمانەوە دەبێت. کەواتە پەیوەندی (زمان و هێما) لە دەرخستندایە نەک لە کاریگەری ، چونکە دەرخستنی هێمانازمانییەکان لە دەقەکاندا هەر لەڕێگەی زمانەوەیە. گەر سەرنج بدەین لە دەقە شیعریەکانی شاعیرانی کۆن و نوێمان هەردوو جۆرەکەی هێما بەدی دەکرێت، ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە شیعرەکانیاندا بۆ دروستکردنی وێنەی شیعری.

**تەوەری سێیەم: گرنگی و بایەخی زمانی جەستە لە ئەدەبدا**

بێگومان بایەخ و گرنگی زمانی جەستە لەناو زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا خراوەتە ڕوو، بەڵام لێرەدا ئێمە

پەیوەست بە ئەدەبەوە گرنگی دەخەینەڕوو، گرنگی و بەهای ئاماژە نازمانییەکان لەوە دایە، کە وەک کێڵگەیەکی بەرهەمهێنانی وێنەی هونەری وایە بۆ شاعیران، ئەمە لەلای شاعیرانی کلاسیک و هاوچەرخیش زۆر بەڕوونی دەرکەوتووە. چونکە هەر یەک لە ئاماژە جەستەییەکان هەڵگری پەیامێکی تایبەتن و گوزارشت کردنە لە ناخ، گەر وردبینەوە لە دەقی شیعری کلاسیکی پیشاندان و خستنە ڕووی جەستەی یار و خۆشەویستەکەیان بەهۆی وێنە ڕەوانبێژییەکانەوە وەکو مەرجێکی شاعیر لە قەڵەم دەدرا، چونکە ( شاعیران هەوڵیانداوە هەر یەک لە بەشەکانی جەستەی یارەکەی بەجیا بە سروشت یان دەوروبەری بچوێنێت، ئاشکرایە وێنە هونەرییەکان لەخستنە ڕووی ئەم بەشانەی جەستەدا ڕۆڵێکی سەرەکییان گێڕاوە بۆ نموونە باڵای یار بە چنار، برۆکانی بە شمشێر، لێوەکانی بە لەعل، ڕووخساری بە یاسەمین، ڕوومەتی بە پەڕەی گوڵ، ددانی بەمرواری و...... ).(ئاهەنگ شەفیق ، ٢٠١٩، ل ٤٣) بێگومان هەریەک لەم وێنانە پەیوەندییەکی گونجاو لە نێوانیاندا هەیە و هۆکارە بۆ چواندنەکە. بەڵام ئەوەی لای ئێمە جێگەی سەرنجە کاریگەری زمانی جەستەیە لای شاعیران ئەم کاریگەرییەش دەقێکی ئیستاتیکی لێ بەرهەم هێناوە، بەڵام مامەڵە کردنی شاعیرانی نوێ جیاوازە و مامەڵەیەکی ورد و کورت برە، چونکە شاعیرانی نوێ خودی زمانی جەستەیان کردووە بە وێنە شیعرییەکە بەبێ گەڕانەوە بۆ هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەتایبەت چواندن. زۆر بەڕوونی ئەم کاریگەرییە لەلای شاعیرێکی وەک (فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) دیارە. بۆیە دەوترێت: (( دەق هەمیشە لە گۆڕاندایە و وێنەی جۆراو جۆر پێکدێنێ و ئاماری هەموو ئەم وێنانەش لە جەستەی ژندایە و کێڵگەی دەلالی وەرگرتووە و وێنە بەرهەم دێنێت. تابلۆیەکی هونەرییە بە وشە)). ( عبدالقادر حەمە امین، ٢٠٠٩، ل ٧٩). چونکە شاعیران هەمیشە بەدوای جوانیدا دەگەڕێن. بۆیە زیاتر لە هەموو کەسێک ئاماژە نازمانییەکان سەرنجی ڕاکێشاون و وێنەی ئیستاتیکی پڕ لە چێژی لێ بەرهەم دێنن. گەر جەستە لە شاعیرێکی ڕۆمانسی داببڕدرێت زۆر بەگران دەتوانێت دەقێکی بەرز بەرهەم بهێنێت. چونکە ئاماژەکانی جەستە هەڵگری هەریەک لەم تایبەتمەندیانەن.

١- زمانی جەستە هەست بزوێن و چێژ بەخش و کاریگەرە.

٢- سەرنجڕاکێش و پڕ لە واتای جیاوازە.

٣- کورتبڕ و پوختە.

٤- دەرخەری ئەو مەبەستانەیە کە زمان ناتوانێت بیڵێت.

کەواتە خستنە ڕووی ئاماژە جەستەییەکان لەلایەن شاعیرانەوە جیاوازبووە، هەریەکەو بەپێی ئەو دیمەنەی کەسەرنجی ڕاکێشاوە لەشیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆیە ئەم حاڵەتە لە زۆردەقی شیعری (فەریدوون عەبدول بەرزنجی) دا.دەرکەوتووە.زۆر بە وردی وەسفی جەستەی ئافرەت دەکات. جێگای سەرنجی بوون. ئاماژە جەستەییەکان ئیلهامی شاعیریان بزاندووە و شاعیر خۆی لە دەقێکدا دەڵێت: کەتۆ دەبینم شیعرم بۆ دێت. یاخود دەڵێت: هەموو ئیلهامێکی شیعرم لە جوانی تووە بۆ دێت.زۆر بەووردی سەرنج و ئاماژەکانی ڕووخساری خۆشەویستەکەی لەدەقەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. هەندێک جاریش باسی کاردانەوە ئاماژە جەستەییەکانی خۆی دەکات لەبەرامبەر خۆشەویستەکەیدا. واتە ڕەنگدانەوەی زمانی جەستەی خۆشەوستەکەی و زمانی جەستەی خۆی لە نێو دەقەکاندا بەدی دەکرێت، هێزی کاردانەوەکە ئاماژە جەستەییەکانی خۆی بەراورد دەکات بە دیاردەکانی سروشت.

### بەشی دووەم:دەقەکانی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی لەڕوانگەی زمانی جەستەوە.

### تەوەری یەکەم: ڕەهەندە جیاوازەکانی زمانی جەستە و ڕۆڵی لە شیعردا

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە بەکارهێنانی زمانی جەستە بۆ دەربڕینی ئەو هەستەی کە لە ناخدایە، وا دەکات زوو حاڵەتەکە بخوێندرێتەوە و لە

ئاماژەکە بگەین، بۆیە شارەزایانی دەروونناسی زۆر بە گرنگیە لەم حاڵەتە دواون(ئەلبێرت میهربیان) پێی وایەکە: ((ئاخاوتنی مرۆڤ تەنها (٧٪)ی وشەی تێدا بەکار دێت و (٥٥٪) ی لەڕێگەی زمانی جەستەوە دەبێت و (٣٨٪)ی بەڕێگەی ئاوازی دەنگیەوەیە،کە بەشێکی سەرەکی زانستی )پارا لینگویستیکە- paralinguistic)ەکە. کە زمانی جەستە بەشێکی سەرەیەکیەتی)). (ئالن پیز، ٢٠١٤، ل ٥).

گەر ورد لە دەقە شیعرییەکانی (فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) بڕوانین، زۆر بەڕوونی ئەم گرنگی دانە بە زمانی جەستەو ئاوازی دەنگی یار هەست پێ دەکرێت و لەدەقێکدا دەڵێت: (هەتا بدوێیت لەناو گوێما دەنگت زیاتر بەجۆش دەبێت). هەروەک ( دەقەکانی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت یەکێک لەو سەرنجە نائاسای و سەیرانە بریتییە لە بەکارهێنانی زمانی شیعری، گەرچی زمانەکەی سادەن بەلام هەڵگری کۆمەڵێک مانان بەهۆی لادان و وێنە ڕەوانبێژییەکانی).(زاهیر لەتیف و نیان نەوشیروان،٢٠٢١، وتار) ، بۆیە دەقەکانی شاعیر وەک دەقێکی کراوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت بەدەقێکی زیندوو لە قەڵەم دەدرێن، جوڵەکانی جەستە لەناودەقەکانی شاعیردا جێگای دەربڕینە زمانییەکان دەگرنەوە. بەسەرنجدان لە هێمای جەستەی(چاو) وەک ئاوێنەیەک وایە کە ڕووحی مرۆڤ تیایدا ڕەنگ دەداتەوە و دەربڕی هەموو پەنهانییەکانی ناخی مرۆڤە. کەواتە لێرەدا ڕەهەندە جیاوازەکانی جەستە دەخەینەڕوو، کە لە دەقە شیعریەکانی شاعیردا ڕەنگیان داوەتەوە. زمانی جەستە پۆلێن دەکرێت بۆ چەند جۆرێک ، کە بریتین لە:

١- ئاماژەکانی چاو

٢- ئاماژەکانی ڕووخسار

٣- ئاماژەکانی بەژن و باڵا

٤- ئاماژەکانی لێو

٥- ئاماژە ئیرۆتیکییەکان

هەر یەک لە ئاماژەکانی جەستە دەربری هەست و ناخی دەروونی مرۆڤن، بە بێئەوەی زمان بێتە گۆ ئەمان بەشێکی زۆری پەیامەکە دەگەیەنن. هەندێک جاریش بەهەماهەنگی لەگەڵ زمانی ئاخاوتن ئەو هەستە دەردەبڕن. بێ گومان هەریەکێک لەم بەشانەی زمانی جەستە هەڵگری ئاماژەی تایبەت بە خۆیانن هەندێک جار یەک ئەندامی جەستە هەڵگری چەند ئاماژەیەکی جیاوازە و پێویستە ورد بین لە سەرنجدان لێیان. بۆ نمونە (چاو) ئەندامێکی زۆر چالاکی جەستەیە، کە هەڵگری چەند ئاماژەی جیاواز و دژبەیەکە لەتەوەری دووەمدا هەر یەک لەم ئاماژانە لەسەریان دەوەستین و نمونەی شیعری بۆ دەهێنینەوە.

**تەوەری دووەم:شیکردنەوەی دەقە شیعرەکانی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی لە ڕوانگەی زمانی جەستەوە.**

١- ئاماژەکانی چاو:

یەکێک لەچالاکترین ئەندامانی جەستە چاوە، چونکە بەهۆیەوە لەنهێنیەکانی دەروون و ناخی بەرامبەر تێدەگەین، هەرچەندە مرۆڤ دەتوانێت بەزۆر لەخۆکردن بەسەر تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانیدا زاڵ بێت، بەڵام بەشێکی زۆر لە پەنهانیەکانی دەرونمان بەخۆش و ناخۆشەوە لەڕێگەی چاوەوە دزەدەکات. بۆیە دەوترێت:(( چاو یەکێکە لەڕێگە گرنگەکان بۆدەرکەوتنی ئەو هەستانەی کە مرۆڤ هەیەتی بەرامبەر ئەو دەوروبەرەی کە تیایدا دەژی، سوور هەڵدەگەڕێت لە کاتی ڕق و کینەدا، بەفرمێسک دەبێت لە کاتی خۆشەویستی و سەرگەرمیدا زەق دەبێت لە کاتی سەرسوڕماندا نیونیگا دەبێت لە بیرکردنەوەو تێرامانداا)). ( هەورامان عەلی، ٢٠١٢، ل ٣٨). لێرەدا دەقەشیعرییەکان شاعیر شیدەکینەوە لە ڕوانگەی ئاماژەکانی چاوەوە. شاعیر لە دەقی(چاوەکان)دا دەڵێت:

چاوەکانت بێ دەنگ ئەدوین
نیگا ئەکەن زۆر شت ئەڵێن
ئەوەی بەدەم نایدرکێنیت
ئەوەی لات بۆتە نهێنی
هەرکاتێک سەرنجیان ئەدەم
ئاشکرا لێیان تێ ئەگەم ( دیوانی شاعیر، ل ١٩٨)

یەکێکە لەو دەقە شیعریەی، کە زۆر بە ڕوونی گرنگی و بەهای زمانی جەستەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە بەتایبەتی چاو. بەئاشکرا ئەوە دەخاتەڕوو، ئەوەی کە زمان ناتوانێت بیدرکێنێت، ئاماژەکانی چاو دەتوانن ئەوە بکەن. گەر سەرنج بدەین هارمۆنیەتێکی زۆر جوانی لە نێوان(چاو و دەم و ناخ)دا. پێکهێناوە، چاوی پێش زار خستووە لە ئاشکرا کردنی ئەوەی لە ناخیدایە، بۆیە شاعیر ئەو هەستە پڕ لە جوانییەی کە لەڕێگەی جەستەوە دەری بڕیوە هەرگیز زمان ئەوەی بۆ نەکردووە، واتە گەر جەستە و ئاماژەکان نەبوونایە شاعیر چۆن گوزارشتی لە خۆشەویستەکەی بکردایە؟ واتە چۆن وێنەیەکی پڕ لە جوانی دروست بکردایە؟ مەگەر بەس بیوتایە یار دەنگی خۆشە یان قسەی خۆشە یان دڵی پاکە یان دڵی پیسە ...هتد. کە ئەم وەسفانە ئەگەرین و چێژو لەزەتمان پێ نابەخشن و ئەوکات سەرجەم وێنەی شیعری شاعیران دووبارەوە سواو دەبوون. شاعیر لە دەقی (نیگای حەزێکی ئاوارەدا) دەڵێت:

ئەوەندەی سەیری چاوەکانت
دەکەم
ئەوەندەی کە ئەڕوانم و
ئەمەوێت لێیان تێ بگەم
تێ ناگەم و
وادیارە خۆم لە گێژاوی سەرنجەکانتا ون ئەکەم. ( دیوانی شاعیر، ل ٧٦)

سەرەتا لە ناونیشانی شیعرەکەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نیگای خۆشەویستەکەی بەرەو ئاوارەیی و نائومێدیی بردووە. دیارە شاعیر نەیتوانیوە ئەوەی لە نیگای چاوانی خۆشەویستەکەیدایە بیخوێنێتەوە. یەکێک لە سیحری زمانی جەستە ئەوەیە، کە پێویستی بە شارەزای و هەوڵدانێکی زۆر هەیە بۆ تێگەیشتن لێی چونکە ئاماژەکان فرە مەبەستن پێویستی بە خوێندنەوەی ورد هەیەتا لێک جیابکرێنەوە. بۆیە لێرەدا نیگای چاوی یار شاعیری هێندە مەست و شەیدا کردووە، کە نەتوانێت لێی تێبگات و بەرەو تەنیای و ڕەشبینی بردووە.بۆیە دەوترێت: (( هێزی کاریگەری و کاردانەوە لای شاعیر چاوی یارە، بۆیە بەردەوام داوای سەیرکردن و گۆڕینەوەی نیگای لی دەکات، ئەم سەیرکردنە دروستکردنی پردی ڕووحی نێوان شاعیر و یار و گواستنەوەی خەمی ناخی شاعیرە بەخۆشەویستی و خۆشی و ژیان دۆستی)). (کۆنتێکست، ٢٠٢١، ل ٢٣٩ ).

شاعیرلە دەقی( خۆشەویستیش بە مۆدێلە) باسی هەڵوێستی گۆڕینی خۆشەویستەکەی دەکات و دەڵێت:

چاوەکانت سەرنجەکانی گۆڕاوە
کوا ئەو چاوەی تێ ڕوانینە کانی منی
تیا ئەتواوە. (دیوانی شاعیر، ل ١٢٠)

شاعیر زۆر بەڕوونی باسی سەرنج و نیگای خۆشەویستەکەی دەکات کە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ڕوانین و سەرنجیەکانی یار ئەوەی تیا ناخوێندرێتەوە، کەلای شاعیر جێگای سەرنجی پڕ لە ئارامی بووە. دیارە تاکە ڕێگەی هەستکردنی شاعیر بۆ گۆڕانی هەستی خۆشەویستەکەی چاوە. شاعیر لە دەقی (کە ئەتبینم شیعرم بۆ دێت) دا دەڵێت:

لێوەکانت بادەی مەستین
چاوەکانت کانگای عیشق و خۆشەویستین
پێ ئەکەنی فریشتەکان دێنە خواری
خەم دات دەگری لێشاوی خەفەت ئەباری
باڵات هەمووی لە شیعرێکی نازدار ئەچی.
کە ئەتبینم دەروونی پڕ هەست و سۆزم ئەکرێتەوە(دیوانی شاعیر، ل ١٦٨)

ناونیشانی شیعرەکە بۆخۆی ئەوە دەخاتە ڕوو کە شاعیر لەڕێگەی زمانی جەستەوە حەزی خۆشەویستی و ئیلهامی شیعری بۆ دێت وسەرئەنجام دەقێکی وا باڵاو پڕلە چێژی لی بەرهەم دێنێت بە ناوی (کە ئەتبینم شیعرم بۆ دێت). شاعیر لە ڕێگەی هەر یەک لە ئاماژەکانی (لێو ، چاو ، پێکەنین، باڵا )وە. وێنەیەکی ئیستاتیکی بەرزی لی بەرهەم هێناوە. کە گونجانێکی جوانی لەنێوان هەریەک لەم پێکهاتانەدا کردووە بەیەکەوە تابلۆیەکی پڕ لەجوانی لی دروست کردووە.



شاعیر لە دەقی (کەی ئەگەینە دوا بەندەری خۆشەویستی)دا دەڵێت:

لەو ڕۆژەوە لە تیشکی چاوت بێ بەشم
وشکە سەرچاوەی گریان و هۆنراوەشم (دیوانی شاعیر، ل ١٤٠)

لێرەدا شاعیر زۆر بەڕوونی باسی ئیلهام وەرگرتنی شیعری دەکات لە ڕێگەی تیشکی چاوەوە. مەبەست لە تیشکی چاو چیە؟ وەک لە بەشی دووەم باسمان کرووە، کە چاو سحرێکی زۆر بەهێزی هەیە بۆ گەیاندنی ئەو مەبەستەی هەیە لە نێوان دوو کەسدا. هەڵبەت تیشکی چاوی یار بۆ شاعیر تیشکی پڕ لە خۆشەویستی و عیشقە پڕ لە وزە و هێزە ، تیشکی ڕازیبوونە بەڵێندانە تیشکی بەیەکەوە بوون و لێکدانەبرانە.

٢- ئاماژەکانی ڕوخسار:

بە یەکێک لە بەشە چالاکەکانی جەستە دەژمێردرێت، چونکە سەرچاوەی زانیاری و پەیامی نەدرکێنراوی دەروونە. بۆیە حاڵەتە جیاوازەکانی ڕووخسار گوزارشتی جیاواز لەخۆ دەگرن.وەک (خۆشی و ناخۆشی و ترس و سەرسوڕمان و تووڕەیی و بێزکردنەوە...... هتد). بۆیە دەبێت ورد بین لە خوێندنەوەی ئەم شێوازە جیاوازانە، بۆیە

دەوترێت: (( بەتەنیا خوێندنەوەی یەک هێما لەوانەیە واتای تەواوی خۆی نەبێت و بەهەڵەدا بچین لە خوێندنەوەدا)). ( مینە ، ٢٠٠٧، ل ٣٤ ). شاعیر هەمیشە لە خۆشەویستی و عیشقی قوڵی لە ڕووخساری یارەکەیدا بینیوە و پاڵنەرێکی باشی شۆڕشی بیری خودی شاعیر بووە. واتە لای شاعیر بڕینی عیشق لە ناخەوە بۆ جەستەو بەتایبەت دەرکەوتنی لەسەر ڕووخسار کاریگەری زۆری هەبووە. بە عیشقی ڕاستەقینەی زانیوە. وەک:

شاعیر لە دەقی (دابڕان) دا دەڵێت:

بەڵێ گیانە هۆگرت بووم
خۆشەویستیت هەر زوو دیاری دا لەسەر ڕووم
تاوای لێهات هەموو خەڵکی لە چاوانما
تۆیان ئەدی
هەتا بویتە کانگای عیشقی ئەبەدی (دیوانی شاعیر، ل ١٦٢)

کەواتە شاعیر دەیەوێت ئەوە بۆ خۆشەویستەکەی بسەلمێنێت کە کاریگەری خۆشەویستی ئەو لەسەری نەک هەرلەسەر دڵ و دەروونی بەڵکو لە سەر ڕووخسارو چاویشی ڕەنگی داوەتەوە. ئەم دەقەی ئەوە دەسەلمێنێت، کە زمانی جەستە چەندە گرنگ و بەبایەخ بووە لەلای. بۆیە کاریگەی عیشقی خۆشەویستەکەی لە سەر ڕووخسار و چاوی خۆی دەرخستووە نەک دەم و زمانی. شاعیر بۆلەجیاتی (خۆشەویستیت هەر زوو دیاری دا لە سەر ڕووم) نەیوتوە:(خۆشەویستیت هەمیشە ویردی سەر زمانم بوو). واتە بۆ لە جیاتی ڕووخسار زمانی بەکار نەهێناوە؟

لەبەر ئەوەی بەدڵنیاییەوە کاریگەری زمانی جەست بەهێزترە وەک لە کاریگەی زمانی ئاخاوتن. بۆیە شاعیر زۆر زوو هەستی بەم کاریگەرییە کردووە زمانی جەستە پانتاییەکی زۆری دەقە شیعرییەکانی داگیر کردووە.

شاعیر لەدەقێکی شیعری بێ ناو نیشاندا جارێکی تر سەرنجی ڕووخساری خۆشەویستەکەی دەیگەیەنێتە کەناری ئارامی لە خەم و خەفەت بەدووری دەکات و دەڵێت:

دانیشتن لەگەڵ تۆ خۆشە
سەرنجت گوڵاو پرژێنە
چرپەی نەرمت خەم ڕەوێنە
کە ئەجوڵی عەترت لێ ئەرژێ (دیوانی شاعیر، ل ٢١٠)

لەم دەقەداشاعیر بۆ نەیوت ( کە ئەدوێی عەترت لێ ئەرژێ؟). بەدڵنیاییەوە جوڵە بەزمانی جەستە دەردەبردێت و زیاتر لە زمانی ئاخاوتن سەرنج و نیگای شاعیر ڕادەکێشێت. بەواتایەکی تر (دواندن یان قسە کردن) ڕەنگە تەنها یەک خوێندنەوە هەڵبگرێت، بەڵام( جوڵە یان سەرنج) هەست بزوێنە هەڵگری خوێندنەوەی جیاوازە وەک (ڕازیبوون، یان ئارامی ڕەوینەوەی خەم و خەفەت .... هتد)

شاعیر لە دەقی (خۆشەویستی) دەڵێت:

چیم داوە لە خۆشەویستی
چیمە بەسەر داخ و مەینەت و خەمەوە
بەڵام لەگەڵ یەکەم نیگای سیحراویتا
خۆم ئەبینم بەناچاری باوەشت بۆ ئەکەمەوە. (دیوانی شاعیر، ل ٢١٤)

بە سەرنجدان لە تەواوی دەقەکە بدەین ئەوپەڕی نائومێدی و ڕەشبینی باڵی بەسەر دڵ و دەروونی شاعیردا گرتووە.بۆیە گەیشتووەتە لوتکەی نائومێدی و ڕەشبینی بۆ دوورکەوتنە و وازهێنان لەو هەموو عیشق و خۆشەویستیەی کە لێی ئەبارێت. بەڵام ( شاعیر و خۆشەویستی) دوانەیەکی لێکدانەبڕاون. ئەم ڕۆیشتن و گەڕانەوەیە لە دەروونی شاعیردا خوێنەر دەبات بەرەو ترس و خەمێک و دواتر گەڕانەوەی بۆ باوەشی عیشق و خۆشەویستی، ڕەنگە ئەم جۆرە لە یاری کردن جۆرێک بێت لە چێژ، بەڵام شاعیر لەپڕ زۆر بە زیرەکانە لە کۆتای دەقەکەدا بۆ خۆ دەرباز کردن لەم خەم و خەفەت و مەراقە دەلاقەی تروسکای هیواو ئومێد دەکاتەوە بۆ گەڕانەوە بۆ عیشق و خۆشەویستی کە ئەویش (نیگای سیحراوی یارە) خۆی تیا دەبینێتەوە بە باوەش کردنێک بەیەکدا. ڕووح بەرەیدا دێتەوەو ئارام دەبێتەوە. بۆیە گونجانێکی زۆر هەیە لە نێوان ( نیگای سیحراوی و باوەش بەیەکدا کردن).

چۆن؟ چونکە ئەنجامی دابڕانێکی زۆر و گەیشتنەوە بەیەکتری لە ڕێگەی باوەش بەیەکدا کردنێک ئەو تاسەو دوورییە بیر دەچێتەوە. دەروون ئارام دەکاتەوە.

٣- ئاماژەکانی لێو:

یەکێکی تر لە ئاماژە جەستەییەکان لێوە،هەندێک ئاماژەی جۆراوجۆر دەنوێنێت. وەک ( زەردەخەنە، ماچکردن، ڕازیبوون بە شتێک، پێکەنین، پەراوێز خستن..... هتد). بەڵام ئەوەی لای شاعیر جێگەی سەرنجی بووە. پێکەنین خۆشی دەربڕینە. کە لەگەڵ هەستی خۆشەویتیدا یەک دەگرێتەوە، شاعیر لە دەقی (بۆ ٨٤ ) دا دەڵێت:

لێوی عاشق زەردەخەنەی لێ ئەبارێ و
لەناخەوە بە کوڵ ئەگری ئەی هەورکە دەبباری
تابزانم فرمێسکی من بەخوورترە یان بارانت (دیوانی شاعیر، ل ١٤٣)

دوو دژی بەیەکەوە کۆکردووەتەوە، کە زەردەخەنە بە لێو گریان بە ناخ. بۆیە شاعیر ئەمەی درک پێ کردووە. ئەوەی زمانی جەستە کردوویەتی بۆ داپۆشینی ئەو هەستەیە کە لەناخیدایەو ئازاری دەدات. کەواتە مەرج نییە هەمیشە ئەوەی لەسەر ڕووخسار دەردەکەوێت ڕاستبێت، شاعیر شارەزایەکی باشی زمانی جەستە بووە، بۆیە دەڵیت ناخت شتێکە و لێوت شتێکی تر.

شاعیر لە دەقی (کەئەتبینم شیعرم بۆ دێ)دا دەڵێت:

لێوەکانت بادەی مەستین
چاوەکانت کانگای عیشق و خۆشەویستین(دیوانی شاعیر، ل ١٦٨)

گەر تەماشا بکەین شاعیر( لێو چاوی) ی پێکەوە کۆکردووەتەوە، چونکە هەماهەنگیەکی زۆر هەیە لە نێوانیاندا، چونکە پێکەوە دەتوانن سەرنجی شاعیر ڕابکێشن و مەستی بکەن تا ئەو کاتەی تابلۆیەکی هونەری بەرزی لێ بەرهەم دێنێت. بۆیە لێو چاو پێکەوە دەتوانن پەیامێکی کاریگەر بگەیەنن.

٤- ئاماژەی بەژن و باڵا:

مەبەست لەسەرجەم ئەندامی جەستەیی ژنە، کاتێک کە لارولەنجەی پێدەکات. زۆر جێگەی سەرنجی

هەواڵنامەی کتێب

بەرامبەرە و راکێشانێتی بۆ داوی خۆشەویستی، شاعیر لەدەقی (بەیادی گۆران)دا دەڵێت:

ئێوارەیە دەماگەڕێ و شەقامەکان لەگەڵ خۆتا مەهەژێنە

ئەو لاوانی لەسەر ڕێتان دڵیان مشتێک گۆشت و خوێنە

ئێوارەیەو خەڵکی هەموو چاوەڕوانن تابەتاسەوە بۆت بڕوانن (دیوانی شاعیر، ل ٦)

شاعیر زۆر بەڕوونی باسی کاریگەریی لارولەنجەی یار دەکات، کە بە تێپەڕبوونی بە بەردەم لاواندا چەندێک دڵی گەنج و لاوان دەهەژێنێت. هەژاندن ماناکەی قوڵە کە ڕەنگە دڵی گەنجەکان بەرگەی نەگرێت. ئەم هەژاندنە بە هۆی زمانی جەستەوە ڕوودەدات. ئەوەی مەبەستی ئێمەیە کە ئەوە زمانی جەستەیە هێندە کاریگەری دروست دەکات تاحاڵەتی هەژاندن. وە هۆکارە بۆ نەخشاندنی تابلۆیەکی هونەری بەرز.

٥- ئاماژە ئیرۆتیکییەکان:

باسکردنی جەستەی ئافرەت لە دەقی شیعری شاعیردا زۆر جار تەنها بۆ دەرخستنی لایەنی شۆخ و شەنگی و جوانی لەش و لاری بووە. لەسەرجەمی دەقە شیعرییەکانیدا ئەوە بەدی ناکەین کە بۆ مەبەستی لایەنی سێکسی وترابێت. بۆیە دەوترێت: (( دەقە شیعریەکانی تەنها لە دیدی تێڕوانینێکی ئیرۆتیکیانە و بەنرخ و بەهای مرۆڤانە و خۆشەویستی دەروونی و ڕووحیەوە دەربڕاون. واتە خۆشەویستی زاڵە بەسەر جەستەدا)). ( ئاهەنگ شەفیق، ٢٠١٩، ل ٥١). کەواتە دەقەکانی پەیوەست بەئاماژە تابووەکان تەنها بۆ خستنە ڕووی جەستەیە وەکو پەیکەرێکی جوان و سەرنجڕاکێشە.

شاعیر لە دەقی ( رابردوو وا بە شوێنتەوە) دەڵێت:

گرنگ نییە گوێم پێ بدەی یان نەدەی

ئەی مامۆستای گەورەترین خۆشەویستی

تۆخۆت فێری ماچت کردم

ئێستا بۆ بێ ماچم ئەکەی (دیوانی شاعیر،ل ٤٢)

کانگای خۆشەویستی و عیشقی شاعیر لە (ماچ)دا کۆبوەتەوە. گەر ئەوەشی لێ ببڕێ چۆن دەروونی ئارام بێت.

لەسەر خۆشترین ئاوازی لەرینەوەی مەمکەکانت

ئەی کچی شۆخ دەستم بگرەو زیاتر لێم نزیک بەرەوە (دیوانی شاعیر،ل ٧٠)

هەست شاعیر هەستێکی ئیرۆتیکیانەیە بۆ دەربڕینی ئەو هەستەی، کە لە ناخیدایی کە هەستی خۆشەویستی و ئاوێتەبوونە، نەک هەستی سێکسی و وروژاندن.

شاعیر لەدەقێکی تردا دەڵێت:

تۆ هەموو شەوێک بەڕووتی لەبەر پەنجەرەی شیعرێکما

سەما ئەکەی تریفەی مانگ ئەبێتە کراسی بەرت

ئەستێرەکان دەبنە قردێلەی سەرت (دیوانی شاعیر،ل ١٤٢)

خستنەڕووی ڕووتی جەستەی ئافرەت لای شاعیر بۆ دەرخستنی ئەو پەڕی هۆگربوونێتی بۆ ئافرەت، بەڵام تەنها وەک دەرخستنی لایەنی جوانی و چێژ وەرگرتنە، شاعیر لەڕێگەی ئاماژەی جەستەی ئافرەتەوە توانیویەتی ئیلهامی هەستی جوان و وێنەی پڕ لە ئیستاتیکی دەربڕێت. شاعیر لە ڕێگەی زمانی جەستەوە جوانترین وێنەی شیعری بەرهەمهێناوە وەک( تریفەی مانگ کراسی بەرت بێت و ئەستێرە قردێلەی سەرت بێت). زمانی جەستە بنیادێکی ئیستاتیکی دەقە شیعریەکانی شاعیرە.

## ئەنجام

لە کۆتای لێکۆڵینەوەکەمان بەم ئەنجامانە گەیشتین:

١- ئاماژەکانی زمانی جەستە، وەک کێڵگەیەکی بەرهەمهێنەری وێنەی ئیستاتیکین بۆ شاعیر، تاوەکو لەڕێگەیانەوە تەواوی هەست و بیری شاعیر بوروژێنێت. بۆئەوەی شیعرێکی زیندوو بەرهەم بهێنێت. گونجانێکی زۆر وردی لە نێوان زمانی جەستەو ئاماژەکاندا دروست کردووە.

٢- ئاماژە جەستەییەکان بەڕوونی لە ناو دەقە شیعریەکانی شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام زۆرترین ئاماژەیەک جێگەی سەرنجی شاعیر بووە و لەزۆرترین دەقی شیعریدا دەرکەوتوو ئاماژەکانی

(چاوە).

٣- لایەنێکی گرنگی زمانی جەستە ئەوەیە، کە زۆر جار ئەوەی جەستە دەتوانێت بیڵێت زمان ناتوانێت. بەپێچەوانەوە بۆ شاعیریش ڕاستە زۆر جار شاعیر ئەو هەستە پڕ لە جوانییەی کە لە ڕێگەی جەستەوە دەری دەبڕێت هەرگیز زمان ئەوەی بۆ ناکات. واتە گەر جەستە و ئاماژەکان نەبوونایە شاعیر چۆن گوزارشتی لە بەرامبەر بکردایە؟

٤- ڕەنگدانەوەی ئاماژەکانی زمانی جەستە لەهەندێک حاڵەتدا گەشبینی بۆ شاعیر هێناوە. بۆ ئارام بوونەوەی دڵ و دەروونی پەنای بۆ بردووە، کە لە دەقە شیعریەکاندا ئەمە بەڕوونی دەرکەوتووە.

٥- لە بەشێک لەدەقەکاندا شاعیر نەیتوانیوە پەی بەو نهێنییە ببات، کە لە نیگای چاوانی خۆشەویستەکەیدا هەیە. بۆیە ئەمەش وای لێکردووە شاعیری بەرەو ڕەشبینی بردووە.

٦- ئاماژە جەستەییەکان، تاوەکو کۆتا ویستگەی ئارام بونەوەی رووح و دەروون دەتبەن، کە ئەمە زۆر بەڕوونی لە دەقی شاعیردا دیارە، کە ئەویش باوەش بەیەکداکردن و ماچ کردن و تێر لە نیگا ڕوانینی یەکترە. واتە خاڵی کۆتای مەبەستی شاعیر بۆ دەربڕینی هەستی خۆی بۆ خۆشەویستەکەی لە ڕێگەی ماچ و باوەش بەیەکدا کردنێک تێر لە ئامێز گرتنی یەکتری بە کۆتا هێناوە.

٧- کاریگەری ئاماژە جەستەییەکان زۆر بەڕوونی لە دەقە شیعریەکاندا ڕەنگی داوەتەوە و سەرنجی شاعیریان ڕاکێشاوە، کە زیاتر ڕەنگدانەوەی هەستی پڕ لە عیشق و خۆشەویستی شاعیرە بۆ بەرامبەر.

سەرچاوەکان

* کتێب:
١-ئالن پیز. (٢٠١٤). زمانی جەستە، وەرگێرانی سلاح سەعدوون، چاپخانەی ئارین، هەولێر.
٢- هەورامان عەلی (٢٠١٢). چۆن ڕووخساری مرۆڤ دەخوێنیتەوە و پەی بەنهێنیەکانی دەبەیت، چاپ و پەخشی ڕینما، سلێمانی.
٣- فەرەیدوون عەبدوول بەرزنجی. (٢٠٠٤). دیوان، چاپی یەکەم، چاپخانەو ئۆفسیی تیشک، سلێمانی.
٤-فەرەیدوون عەبدوول بەرزنجی.(٢٠١٨). دیوان، کتێبخانەی یادگار بۆ چاپ و بلاو کردنەوە، سلێمانی..
٥- مینە، (٢٠٠٧). زمانی جەستە (درۆو هێماکانی درۆکردن)، چاپخانەی ئاوینە،سلێمانی.
٦- محمد مەحوی.(٢٠٠٩). زانستی هێما واتاو واتا لێکدانەوە، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی
٧- محمد مەعروف فتاح.(٢٠١٠). لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەلێر.
ب- نامەی ماستەرو دکتورا:
٨-ئاهەنگ شەفیق حەمە بچکول.(٢٠١٩). گوتاری جەستە لەڕۆمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
٩-هاجر طیبی.(٢٠١٣). الرمز التاریخی فی شیعر، شهادە الماستر، جامیعة المسیلة، الجزائیر.
١٠- شنە ئەبوبەکر ئەحمەد. (٢٠٠٨). زمانی جەستە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

پ- گۆڤار:
١١-تاڤگە عمر حەمەصالح.(٢٠٢٠). ئاماژە جەستەییەکان لە شیعری نالیدا،گۆڤاری زانکۆی کەرکوک، ژمارە(١٥).
١٢- تارا موشیر صالح.(٢٠١٩). پەیوەندی نێوان زمان و هێما لەگەل واتاو وێنە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(٥).
١٣-زەیتو شێخانی.(٢٠٠٧). زمانی جەستەو ڕۆڵی لەژیانی ڕۆژانەماندا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١١٩).
١٤- عبدالقادر حەمە ئەمین محمد،(٢٠٠٩). ژن لەدەقەکانی قوبادی جەلیزادەدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٢٥).
١٥- لوقمان ڕەئوف، (٢٠٢١). خۆشەویستی لە شیعرەکانی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجیدا، گۆڤاری کۆنتێکست، ژمارە (١١-١٢).
ت- ماڵپەری ئەلیکترۆنی:
١٦- زاهیر لەتیف کریم و نیان نەوشیروان فوئاد. (٢٠٢١)، خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ دەقی کراوەو داخراو- فەرەیدون عەبدول بەرزنجی بەنمونە، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک. خاک تیڤی. سلێمانی.
www.khaktv.net

هەواڵنامەی کتێب

# فەلسەفە هونەرێکە بۆ ژیان



هەواڵنامەی کتێب

نووسینی: عبدالسلام بنعبد العالی

وەرگێڕانی: شالاو خالید

««بە ئەندازەی ئەوە گرنگی بە فەیلەسوفێک دەدەم کە تا چەند دەتوانێت پێشەنگ بێت... بەشێوەیەک پێشەنگیەکە دەبێت لە میانەی ژیانێکی ئاشکراوە ببەخشێت نەک تەنها لە ڕێگای پەرتووک و دانراوەکانەوە، مەبەستم ئەوەیە کە پێویستە لەسەر ئەو ڕێبازە بێت کە فەیلەسووفەکانی یۆنان خەلکیان بە گوێرەی فێردەکرد، واتە زیاتر لە ڕێگای سیما و دیمەن و شێوە و جل و بەرگ و خواردن و نەریتەکانەوە وەک لەوەی کە دەوترا یان تەنانەت لەوەش کە دەنووسرا»»

نیچە لە کتێبی"شۆپینهاوەر وەک پەروەردەکارێک"

««ئەوەی سەراسیمەم دەکات ئەوەیە کە هونەر بووەتە شتێک کە پەیوەندی بە هیچەوە نەماوە تەنها شتەکان نەبێت، نەک بە کەسەکان یان بە ژیانەوە... بەلام ئایا ناکرێت ژیانی هەر کەسێک تابلۆیەکی هونەری بێت؟ بۆچی دەبێت گلۆپ و مالا بابەتێک بن بۆ هونەر ، بەلام ژیانمان بەو شێوەیە نەبێت؟»»

میشێل فۆکۆ

شتەکە پەیوەست نییە بە پەرۆشی بۆ ئاراستە بوونگەراییەکان، یان فەلسەفە دێرینەکانەوە، جا ڕۆژهەلاتی بن، یان یۆنانی. ئامانجمان گەڕاندنەوەی فەلسەفە نییە بۆ ڕابردووە گریکیەکەی، بۆ پێش ئەوەی ببێت بە سیستەمگەلی تیۆری و ڕێبازی هزری، بۆ شێوە حیکمەتیەکەی ئەو ڕۆژانەی کە هونەرێک بوو بۆ ژیان، یان شێوازێک بوو لە ژیان و 'خۆشەویستی دانایی ' بوو.

بە هەرحال ئەم گەڕانەوەیە کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەو ڕابردووە بارودۆخ و هەلومەرج و هۆکاری خۆی هەیە، چونکە ملکەچی سرووتگەلێکە و لە بنەماگەلێکەوە دێت و ڕەچاوی بەهاگەلێک دەکات کە ڕەنگە لە ژیانی هاوچەرخماندا هیچ جێگەیەکی نەبێت. ئەوانە بەهاگەلێک بوون کە دەبوو تاک پرچەک بکەن دژی تۆقینەکانی بوون و جۆرەکانی بەدبەختی مرۆیی وەک ترس لە مردن یان ئازار، گەڕان بەدوای دلنیایی و دابینکردنی ئارامی ، ڕێکخستنی ئارەزووەکان و هاندان بۆ قایلبوون. کارەکە لە ڕێگای پەیوەستبوون بە "قوتابخانە" وە بەڕێکوپێکی یان چاولێکردن لە گەورەی تیرەیەک و دۆستایەتیکردنی حەکیم – پێشەنگێکەوە بەدیدەهات. مێژوو ناوی هەندێک لەو حەکیمانەی بۆمان پاراستووە کە ئاسان نییە لەبیریان بکەین، بۆ نموونە فیساگۆرس و ئەبیکۆر و دیۆجین و بیرۆن و سێنیکا و مارکوس ئۆریلیۆس. فەلسەفە لە هەمان کات دا هەلبژاردنی شێوازی ژیان بوو، مومارەسەیەکی چارەسەرخوازی بوو کە بنچینەکەی لە گوتارێکی پالپشتیکەر دا دەبینیەوە وەک ئەوەی کە ئەمڕۆ دەروونشیکارەکان دەیکەن. بەهای گوتەی فەلسەفی لەوەدا نەبوو کە پاساوێکی ئەبستراکت بێت بۆ تیۆرێک، بەلکو لەوەدا بوو کە وەک کردەوەیەک لێیدەکەوتەوە، ئەرکەکەی بەدەستهێنانی زانیاری دا نەبوو بەلکو لەوەدا بوو چۆن وەرگر دروستبکات و ڕایبهێنێت.

لەبەرئەوە زۆرینەی ئەو فەیلەسوفانە نەیان نوسیووە، یا با بلێین پێویستیان بە نووسین نەبووە، بۆ نموونە سوکرات هەروەها دیۆجینی سەگباوەڕ(سینیک) و بیرۆنی خاوەنی قوتابخانەی گومانگەراکان. چونکە گوتاری فەلسەفی لەو "قوتابخانانە" دا بیناکردنی



سیستەمە تیۆرییەکان نەبوو یان ڕێبازگەلێک بن فێربکرێن و نەوە بۆ نەوە بگوازرێنەوە، بەڵکو هۆشیاریەک بوو بە شێوازی ژیان و پاڵپشتیکاری ڕەفتار و دامەزراندنی تەرزی ژیان بوو. بەمشێوەیە بۆ نمونە ستۆیکەکان(ڕەواقیەکان) گوتەی فەلسەفی لە فەلسەفە جیادەکەنەوە، بە ڕای ئەوان ئەخلاق و لۆژیک و سروشت چەند بەشێکن کە "گوتار"ی فەلسەفی پێکدەهێنن، بەڵام فەلسەفە لە خودی خۆی دا، بە گوزارشتی یەکێک لە مێژوونووسە هاوچەرخەکانی فەلسەفە" مەبەست لە تەرزی ژیانی فەلسەفی لای ئەوان تیۆرێکی فەلسەفی دابەشکراو نییە بەسەر بەشەکان دا، بەڵکو کردەیەکی تاقانەیە لەوەدا نمایندە دەبێت ژیانێکی ستۆیکیانە بژی لە ڕووی لۆژیک و سروشت و ئەخلاقەوە" .

لەم حاڵەتەدا وادیارە قسەکردن لە فەلسەفەیەکی لەمشێوەیە لەمڕۆدا زۆر قورسە، نەک تەنها لەبەرئەوەی کە فەلسەفە پەرەسەندنێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە و لە ڕاهێنانە ڕوحیەکان و مومارەسەکان ژیان و هونەرەکانی ژیان جیابۆتەوە، لەبەرئەوەش بووە بە تیۆر و دانراو و مەعریفەیەکی پسپۆری کە بە زمانێکی تەکنیکە گوزارشتی لێدەکرێت، بەڵکو لەبەرئەوەی چەمکی حیکمەت بەمشێوەیە قورسە کە لە ژیانی هاوچەرخمان دا جێگایەکی گونجاو بدۆزێتەوە، چونکە ئەوەی مۆرکی لەم ژیانەداوە ئەوەیە کە هیچ مەودایەک نادا تا پشتێبکەیت و لە 'گۆشەکەت" دا دابنیشیت و هەستەکانت لەکاربخەیت و پەنجەرەکانت دابخەیت، ئەو ژیانە ڕەنگە لەگەڵا بەهاگەلی خۆپارێزی و دڵنیایی و ئارامی و گوێپێنەداندا دژبێتەوە... ئەو ژیانە "گرنگیپێدەدات" و "دروستتدەکات" و جەستەت و ئارەزووەکانت و باوەڕەکانت ڕێکدەخات، لە میانەی ڕیکلامەکانیەوە ئیشگگرە بەسەر سەلیقە و کات و پشووەکانیشتەوە، وازلەوەش بێنە کە لە ژیانی هاوچەرخمان دا خودی 'هونەری ژیان' بووە بە "هونەری ژیان – لەگەڵا' ، خۆپەروەردەکردن بووە بە ڕێکخستنی کۆمەڵگا، ئەوەی پێشتر دەدرایەپاڵا فەلسەفە بووە بە پسپۆری زانستە کۆمەڵایەتیەکان.

کەواتە بەگەڕخستنی چەمکی فەلسەفە – حیکمەت لە بەستێنی (سیاق) مۆدێرنەی فەلسەفی دا ئاسان نییە. بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە پێویستە لەسەرمان بە گەڕان بۆ درێژکراوەی حیکمەتە دێرینەکان لای هەندێک لە فەیلەسووفە مۆدێرنەکان کۆڵا بدەین، بەڵکو ناچارمان دەکات بە گەڕاندنەوەی ئەو شێوازەی کە حەکیمێکی ڕۆژهەڵاتی یان یۆنانی فەلسەفەی پێ زیندوودەکردەوە، لەو ڕووەوە کە فەلسەفە "داهێنانی سۆبێکت (خود)" ە، ئەو داهێنانەی کە فۆکۆ دەیخاتە ژێر ئەو شتەوە کە پێیدەڵێت "ئیستاتیکای بوون" .. ئەوەی پێویستە جەختی لەسەر بکەینەوە ئەوەیە کە چەمکی "ئیستاتیکای بوون" لەو ڕووەوە کە داهێنانی سۆبێکت (خود)ە ناگەڕێتەوە بۆ ئاراستەیەکی تاکگەرایی تێپەڕێنەر، مانای وازهێنان و نکۆڵیکردن نییە لە ڕەهەندی سیاسی ژیانی مرۆیی. ئەمڕۆ هیچ هونەرێکی ژیان بوونی نییە جگە لە هونەری ژیان – پێکەوە. ئەم سۆبێکتە لە چوارچێوەی ملکەچکردن و زۆرلێکردن دەبێت، بەڵام لە میانەی مومارەسە ئازادیخوازیەکانەوە دروستدەبێت. لێرەدا فەلسەفە دەبێتە جۆرێک لە چارەسەر بۆ نەخۆشییەکانی سەردەم و بەرگریەک لە دژی شێوەکانی ساختەیی کە مۆرکی خۆی لە ژیانی هاوچەرخ داوە، هەروەک لە لای گریکەکان فەلسەفە وابوو.

وەک ئەوە خۆجیاکردنەوەیەی کە حەکیمەکانی گریک دەیانکرد لەبارەی ئەوانەی ڕای خۆیان دەردەبڕی، خۆجیاکردنەوە لە ژیانی هاوچەرخ دا شێوەی گوێپێنەدان و هەڵچوون وەرناگرێت، بەڵکو شێوەی بەرگریەک وەردەگرێت کە ئازادی خۆی بەدەستدەهێنێت و ' هێزەکەی کارادەکات' ئەو کاراکردنەی کە دۆلۆز پاش سپینۆزا و نیچە پێیوایە کە کاراکردنی شادیە، بەوەی کە غەمگینی بەربەستێکە لە نێوان مرۆڤ و ئەو هێزەدا کە هەیەتی و ئەو تێکۆشانەدا کە دەتوانێت.

---

سەرچاوە:

الفلسفة فنا للعيش، عبدالسلام بنعبد العالي، دار توبقال للنشر، ۲۰۱۲، ص ۱۱– ۱۵



# مرۆڤی بێ پەیام

هەواڵنامەی کتێب

ئیبراهیم ناودەشتی

نووسەری ناوداری ڕوسی، نیکۆلای ڤاسیلیڤیچ گۆگۆل (١٨٠٩- ١٨٥٢)،لە چیرۆکی (پاڵتۆ) مەرگەساتی فەرمانبەرێک دەگێڕێتەوە بە ناوی (ئەکاکی ئەکاکیڤیچ)، کە لە یەکێک لە وەزارەتەکاندا کار دەکات.

ئەکاکی ئەکاکیڤیچ ناونیشانی فەرمانبەرێتیی (ڕاوێژکار)ە، بەڵام کارەکەی بریتییە لە نووسینەوەی بەڵگەنامەکان وپاکنووسکردنیان.لە پیشەی میریدا مەرج نییە ناونیشانی فەرمانبەرێتیی پەیوەندیی بە کارەوە هەبێت، یان ڕەنگە ناونیشان لە کار نزیک بخرێتەوەو بە پێچەوانەوە، بە ئامانجی ئەوەی (بەرگ)ێکی گونجاوو بێ کەموزیاد بۆ کەسی پەیوەندیدار ئامادە بکرێت، ناونیشان بەرگێکی پێشوەختە دروواوەو دەکرێتە بەری فەرمانبەری تازە دامەزراوو هەتا خانەنشینبوون یان مردن لە گەڵیایەتی.فەرمانگەکان ڕیزێک ناونیشان بەکاردەهێنن بۆ کارمەندە دامەزراوەکانیان و هەر ناونیشانێکیش بڕە مووچەیەکی بۆ دیاریکراوە.
ئەکاکی، ناوو ناونشانی هەبوو، هاوکات ناوبانگی بە (باشماچکین) ڕۆیشتبوو، (وەک دەرئەکەوێ لە وشەی -باشماک-ەوە وەرگیراوە کە مانای پێڵاوە).

مرۆڤی بەرایی پێ خاوس بووە و بە دیاریکراوی نازانرێت لە چ قۆناغێکی پێشڤەچوون، پێڵاوی بەکارهێناوە بۆ ئاسوودەیی و پاراستنی پێیەکانی لە درک، بەرد و داری تیژ، مار و دووپشک، هەروەها خۆڕازاندنەوە. هەموو کەلوپەل و داهێنراوێک فەرمانێکی هەیە، فەرمانی پێڵاویش خزمەتگەیاندنە بە خاوەنەکەی. لە گەڵ ئاڵۆزبوونی ژیانی مرۆڤ و گردبوونەوەی لە فۆرمی دەستە، تیرە، هۆزو دەوڵەت، فەرمانی پێڵاو وەک خۆی ماوەتەوە بەڵام لە بەرامبەر مانای دیکە بەکار هاتووە. لێرەوە هاوشانی گەشەکردن، دوو چین دروست بوون، یەکەم چینێکی سەردەست، دووەم چینێکی بێدەسەڵات، کە چینی دووەم خزمەتی چینی یەکەمی کردووە.
گۆگۆل لە پێناوی چی نازناوی پێڵاوی نووساندووە بە فەرمانبەر؟ دەخوازێت پێمان بڵێت فەرمانبەر پێڵاوە یان لە ڕووی واتاییەوە فەرمانی پێڵاو دەبینێت؟ خوێنەرانی چیرۆکەکە، دەگەنە ئەو ئەنجامەی نووسەر چیرۆکی واقیعی و بەڵگەنامەیی نەنووسیوە، تا پێمان وا بێت ئەمە ڕێکەوتە، یان کەسێک هەبێت نازناوی بنەماڵەیی (پێڵاو) بێت، لەبەرئەوەی ئەو کەسەو باوانی فەرمانبەر بوون، بەڵام ئەو بەکارهێنانەی پێڵاو، بێ پێشینە نەبووەو نییەو لە کولتوری کۆمەڵگاکان نموونەی هەیە.
دە هەزار ساڵێک لەمەوبەر، بە هاتنی قۆناغی کشتوکاڵی، ململانێی ڕەگەزیی لە نێو نێر و مێی مرۆڤەکان دروست بوو، نەریت و یاسا و هەموو پێدراوەکان بە لێکدانەوەی خەونەکانیشەوە چوونە تەک بەرژەوەندیی ڕەگەزی باڵادەست و ڕەتاندنی ڕەگەزی ژێردەستەکراو. جێی سەرنجە لە ژێر سەردێڕی (پێڵاو)، ئیبن سیرین شیکردنەوەکانی خستووەتەڕوو: (لێکدانەوەی پێڵاو لە خەودا ژنە. ئەگەر پێڵاوی تازەی لە پێدا بێ ژن دەهێنێ، ئەگەر پێڵاوەکانی ڕەش بێت ئەو ژنە ژنێکی دەوڵەمەند دەبێت، ئەگەر پێڵاوەکان سەوز بێت ئەوا ژنەکە ژنێکی چاک و خێرخواز دەبێت، ئەگەر پێڵاوەکان سوور بێت ژنێکی داوێنپاک و هاودەم دەبێت، بەڵام ئەگەر پێڵاوەکان زەرد بێت ئەوا ئەو ژنە ژنێکی نەخۆش دەبێت). لێرەدا ئاشکرایە کە ئامرازی پەیوەندی (ی) مەبەستی (پیاو)ە کە لە خەودا پێڵاو یان شتێکی تر لە پێ دەکات!
پێڵاو پێناسەی جۆراوجۆری تری وەرگرتووە و وەکو بیروبڕوا و چەکیش بەکارهاتووە: چارلی چاپلن لە فلیمێکدا، لەبەرئەوەی هەژارە و هیچ شک نابات، پێڵاو لێدەنێت و دەیخوات وەک ڕیسواکردنی سیستەمی سەرمایەداری. مەلا عەلی-ی شاعیر پێش لە سێدارەدانی شانازی بەوەوە دەکات: (سەربەرزییە کە پێڵاوم دەبینم، بە سەر سەری دوژمنەوە لە بەرزین). سەدام حسێنی ستەمکار وەک منەتکردن بەسەر هاووڵاتییەکانی دەڵێت: (عیراقییەکان پێپەتیبوون، من پێڵاوم کردە پێیان). مونتەزیر زەیدی-ی ڕۆژنامەنووس، لەبری وشە،

پێڵاو دەگرێتە ڕووخساری جۆرج بۆشی کوڕ!

گۆگۆڵ لە شوێنێکی تردا دەیەوێت پێمان بڵێت بازدانی کۆمەڵایەتی و گۆڕینی پێگەی چینایەتی لە ڕێگەی مووچەی مەمرەومەژیی فەرمانبەرێتییەوە ئەستەمەو بەردەوام قەدەر لە سەرووی چارەنووس و ژیانی فەرمانبەرەوە وەستاوە. دوای لەدایکبوونی ئەکاکی، چەندین ناو پێشنیاز دەکەن بۆ دایکی کە بە پێویستی دەزانێ (ناوێکی پیرۆز لە منالەکەی بنێ)، دواجار بڕیار دەدات هەر ناوی باوکی منداڵەکەی لە کۆرپەکەی بنێت، واتا ئەکاکی کوڕی ئەکاکی، (ڤیچ) وەک پاشگر لە زمانی ڕوسیدا بە واتای کوڕ دێت.

باوانی ئەکاکی، بابەکێکیشیان بێت، فەرمانبەرن،وەک نەفرەتێکی هەمیشەیی بە دوای وەچەو بنەماڵە، منداڵی فەرمانبەر-یان خستووەتەوە. لەنێو ئەو بازنە دووبارەبووەدا، گۆگۆڵ پێشبینی داهاتووش بۆ کۆرپە لەدایکبووەکە دەکات و دەڵێ: کاتێک ئەو منداڵە (ئەکاکی) تەعمید دەکرێت ڕاستەوخۆ دوای لەدایکبوونی دەست دەکات بە گریان، لە دەموچاوە گرژەکەیدا وا دیارە بە تەمای ئەوەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان ببێتە فەرمانبەر.

ئەکاکی ئەکاکیڤیچ نموونەی فەرمانبەرێکی بێ کەموکوڕییە، بزغوویەکە لە ماشێنی زەبەلاحی دەوڵەتدا. لە کاتێکدا فەرمانبەرانی دیکە خەریکی گاڵتەوگەپ و سەرگەرمی وەختی کارکردنیانن و دوای دەوامیش پەیوەندی و پابەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانیان جێبەجێ دەکەن، ئەو بە پێچەوانەی هەموویانەوە، دڵ و زەینی نووساوە بە کاری نووسینەوەی بەڵگەنامە فەرمییەکان و پاکنووسکردنیان، ئەمە لەسەر تەندروستیی کەوتووەو دووچاری مایەسیری کردووە، ڕایەڵەی سۆزداری و خێزانیی فەرامۆش کردووە، هاوڕێی نییە و لە دەرەوەی تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، لە ڕووی دەروونییشەوە هیلاک و نامۆو نائاشنایە بە گاڵتەو پێکەنین و تەنانەت خەندە، بووەتە مایەی گاڵتەجاڕیی فەرمانبەرانی دیکە و هەندێ جار سەر دەکەنە سەری و ئازاری دەدەن، نرخ و بەهایەکی لای ئەوانی تر نییە، ڕێزلێگیراو نییە و بە هۆکاری ئەوەی ئەویش لە لای خۆیەوە بەشدارییەکی بچووکی لە پابەندییە کۆمەڵایەتییەکان نییە، هەستێکی نامۆیی شێوە بەردینی هەیە، بە کورتی بەرجەستەی حاڵەتێکی سەخت و دژوار دەکات کە لە زانستی کارگێڕیدا پێی دەووترێ سووتاندنی وەزیفیی یان دەروونیی.

سووتاندنی وەزیفیی (الاحتراق الوظيفي- Occupational Burnout) بریتییە لە فرەبەکارهێنانیوزەی خۆ، لەپێناو وەڵامدانەوە بە داواکارییە زۆروزەبەندەکانی کاری زیادە و لە دەرەوەی برست و توانا. سوتاندنی وەزیفیی یان دەروونیی هاوشانە بە حاڵەتی پەیوەندیداری دیکەوە، وەک هیلاکی دەروونی، کە متمانە-نەبوونە بە خودو هەستکردنی کارمەندە بەوەی سەرچاوە سۆزدارییەکانی لە بن هاتووە، هەروەها سڕبوونی هەستوسۆزو داماڵرانیەتی لە تایبەتمەندییە کەسییەکان.

ئەکاکی ئەکاکیڤیچ لە لایەکەوە بەردەوامە و بە زەوق و سەلیقەیەکی جوانەوە پاکنووسی بەڵگەنامەکان دەکات و کارەکانی خۆی بە (باشترین شێواز) ڕایی دەکات، لە لایەکی ترەوە گوشاری لە توانابەدەری کار دووچاری ڕەتاندنی دەروونیی و جەستەیی کردووەتەوە، لە ژینگەی خێزانی و کۆمەڵایەتی دووری خستووەتەوە کە تەواوکەر و هاندەری کاری وەزیفیین نەک دژبەر، کاتێک یەکێک لە بەرپرسەکانی کارێکی بەرزتری پێدەسپێرێت کە وەکو پاداشتێک وایە بۆی، کارە تازەکە ڕەت دەکاتەوەو بۆ کارە پاکنووسییەکەی دەگەڕێتەوە، باری تەندروستیی کە مەرجی ئەنجامدانی هەر کار و ئەرکێکی دروستە، لە ئاکامی خۆهیلاککردنی لە ڕادەبەدەر، دەکەوێتە ژێر هەڕەشەو مەترسیی جدییەوە. هەوڵ و کۆشش و پەرۆشی ئەو بۆ کارەکەی ئەگەر لە ماوە و مەودایەکدا بەرزبوونەوەیەکی باڵای بەخۆیەوە ببینێت و کاری ناوازە و نموونەیی پێ ئەنجام دابێت، ئەوا ئەو هەڵکشانە وەزیفییە تا

سەر نییە و ئاراستەی کێرڤەکە دابەزینێکی ناکاو و دراماتیکی بەخۆیەوە دەگرێت، کە بە بێهوودەیی و نەخۆشکەوتنی و مردنی کۆتایی دێت.

سەرەڕای هەموو ئاڵنگاری و کێشە ئاماژەپێکراوەکان، ئاڵنگارییەکی تر کە ڕووبەڕووی فەرمانبەر بە گشتی دەبێتەوە کێشەی هاتوچۆیە لە شوێنی نیشتەجێبوونەوە بۆ فەرمانگەو بە پێچەوانەوە، کە لەبەر زەحمەتی و پرکێشەیی ژیانی ڕۆژانە و قەرەباڵغی ڕێگەوبانەکان، هەندێ لە دامەزراوەکان دەرماڵەیەکی تایبەت تەرخان دەکەن بۆ کارمەندەکانیان کە لەسەر ئەرکی خۆیان، هیلاکی هاتن بۆ فەرمانگەو گەڕانەوە لێی دەگرنە ئەستۆ و هۆکارەکانی گواستنەوەی فەرمانگە بەکار ناهێنن، پۆشاک و جلوبەرگی پێویست دابین دەکەن بۆ وەرزەکان و بە تایبەتی لە ڕۆژانی سەرماوسۆڵە و بەفرو باراندا. هەتا ئەگەر هەموو تەگبیرو مشورخۆرییەکیش لەم بوارەدا لەبەر چاو بگیرێت، وەلام و چارەسەر نییە بۆ هەندێ ژینگەی ناهەموارو دژوار، ڕوسیا یەکێکە لەو وڵاتانە، کە سەرماوسۆڵە و بەستەڵەک تەنگ بە بەشێکی فەرمانبەرەکان هەڵدەچنێت و تووشی نەخۆشی و نەساغی جۆراوجۆری پەیوەست بەو ژینگە ساردەیان دەکاتەوە.

ئەکاکی ئەکاکیڤیچ، تەنها پاڵتۆیەکی کۆن شک دەبات کە ساڵانێکی زۆرە بەکاریدەهێنێت و پینەی جۆراوجۆری لێدراوە، پاڵتۆیەک کە (کەوڵە کۆنێکە)و هیچی تر. ئەو، چیرۆکێکی سەیرو پێکەنیناوی هەیە لە گەڵ پیترۆڤیچ-ی بەرگدروو. کاتێک هەموو جارێ ناچار دەبێت پاڵتۆی تاین چاک بکاتەوەو پینەی دیکەی بەسەردا لێبدات، کە لەبەر کۆنی و بێ کەڵکی، پاڵتۆکەو خاوەنەکەشی بوونەتە مایەی نوکتە و پلارو گاڵتەجاڕی خەڵکی. بەرگدرووەکە نازانێت کوێی (بە ناو پاڵتۆکە) بدروێتەوەو داوا لە ئەکاکی دەکات دەستبەرداری ئەو شتە سەیروسەرەیە بێت کە هێشتا پاڵتۆی پێدەوترێت و دانەیەکی (تازە) بکرێت یان بە دروونی بدات، گۆگۆڵ دەنووسێت (وەخت بوو وشەی -تازە- کوێرایی بێنێ بە چاوی ئاکاکی-دا، دەمودەست چاوی کەوتە ڕەشکەوپێشکەو هەرچییەک لەبەردەمیا بوو وەک تەمتومانی لێهات)... (پاڵتۆیەکی تازە؟ ها؟ ئەکاکی وەک بە دەم خەوەوە بزرکێنێ ئەوەی وت، پاشان وتی: بەڵام... نرخەکەیم پێ هەڵناستێ).

جاری دووەم لە ڕۆژێکی تردا و بۆ هەمان مەبەست سەردانی بەرگدروو دەکاتەوە، بەڵکو قایلی بکات بە پینەو سەرپینەی دیکە پاڵتۆکەی بخاتەوە سەر حاڵێکی کەمێ باش، بەڵام بەرگدرووەکە پێی دەڵێ بێ سوودە و دەرزییەکی بەرکەوێت شیتەڵ دەبێتەوە، (ئەکاکی کە زانی هەر ئەبێ پاڵتۆیەکی تازە بکا، خەم و خەفەت دایگرت. ناهەقیشی نییە؟ ئەو پارەیە لە کوێ بێنێ؟ ڕاستە لە بەرە جەژناندا بە تەما بوو بەخشیش وەرگرێ، بەڵام هەر لەوە پێش دابنابوو کە ئەو پارەیە چۆن خەرج بکات. ئەبوو پانتۆڵێکی لێ بکڕێ و هەقی پینەکردنی پێڵاوەکانی کە قەرز بوو بە سەریەوە بیداتەوە بە پینەدۆزەکە. هەروەها سێ کراس و دوو دەست جلی ناوەوە -کە ناشێ ناوی بەرین- بە دروستکردن بدات).

نرخ و هەقدەستی پاڵتۆی تازەو هەر پێویستییەکی تر، ئەگەر بە مووچەی ماوەدار (بۆ نمونە مانگانە) مسۆگەر نەکرێت، ڕێگەیەکی ناچاری تر دەستەبەری دەکات، ئەو شێوازە ئەفسوناوییەش لە ژیانی فەرمانبەران و کەسانی کەمدەرامەتدا پێی دەوترێت (پاشەکەوت). ئەکاکی شێوازێکی زیرەکانە و سەرنجڕاکێشی پێڕەو دەکرد بۆ داپۆشینی خەرجییە ناکاوو هەڵتۆقیوەکانی، کە نووسەری چیرۆک بەم شێوەیە دەیگێڕێتەوە: (ئەکاکی وا فێر بوو بوو لە هەر ڕۆبڵێ کە خەرجی بکردایە بەشێکی کەمی لێ لائەداو ئەیخستە سنووقێکی بچکۆلەی داخراوەوە. درزێکی کردبووە بنکەکەی، لەوێوە تێی فڕێ ئەدا. هەموو شەش مانگ جارێکیش ئەچوو پارچە دراوە مسەکانی ئەژمارد و ئەیگۆڕینەوە بە پارچە زیوی پچکۆلە و لەجێی دائەنان. بەم چەشنە پاش چەند ساڵێک دەیبینی کە چل ڕۆبڵ زیاتری لەم ڕۆبڵە پەزمەندەکراوانە

پاشەکەوت کردووە).

سەرەڕای ئەو ڕێگەچارە )ئەفسووناوی(یەی پاشەکەوتکردن، هێشتا کورت دەهێنێت لە بەرامبەر زێدە خەرجیی کرینی پاڵتۆیەکی تازە، بۆیە ئەکاکی بڕیار دەدات بە لایەنی کەمەوە ساڵێک خەرجییەکانی کەم بکاتەوە. ئێواران چا ناخواتەوە، بە شەویش چیتر چراکەی داناگیرسێنێت، کە ئیشی نووسینیشی هەبێت لە ژووری پیرێژنە خاوەن-ماڵەکەدا دەیکات، کە بە ڕێگاشدا بڕوات بە ئەسپایی لەسەر نووکی پەنجە دەڕوات تا پێنەی پێڵاوەکانی جارێکی تر بەرنەبێت، بە دەگمەن جلەکانی دەشوات لە ترسی ئەوەی شی نەبنەوە، کە دەشچێتەوە ماڵەوە گورج جلەکانی دادەکەنێت و قەدیان دەکاو دیزداشەیەکی کەتانی کۆنی هەیەو خێرا لەبەری دەکات.

خۆشترین ڕۆژی ئەکاکی، ئەو ڕۆژەیە کە بەرگدروو پاڵتۆکەی بۆ تەواو دەکات و دەیکاتە بەری، خەریکە شادەمەرگ بێت، ڕاستەوخۆ ڕوو دەکاتە فەرمانگەکەی، لەو ژوورەی تەرخان کراوە بۆ جلهەڵواسین دەیکات بە سنگێکدا، ئەوجا سەرنجێکی دەداو لە گەڵ ئەوانی تردا بەراوردی دەکات، دوایی فەراشەکە ڕادەسپێرێ کە بە تایبەت ئاگای لە پاڵتۆکەی ئەو بێت، هەواڵی پاڵتۆ تازەکە وەک ئاگری ناو پووش بە ناو فەرمانگەدا بڵاو دەبێتەوە، فەرمانبەران پیرۆزبایی لێدەکەن و ورکی لێدەگرن و داوای لێدەکەن کە لە سەر شەرەفی پاڵتۆ تازەکەی ئاهەنگەشەوێکیان بۆ ڕێک بخات، بۆ خۆلادان هەوڵ دەدات بۆیان بسەلمێنێت کە پاڵتۆکەی تازە نییەو هەر کۆنەکەی جارانە. یەکێک لە بەرپرسەکانی لە جیاتی ئەو ئەرکی ئاهەنگە شەوەکییەکە دەگرێتە ئەستۆی.

دوای ڕۆیشتن و بەشداریکردن، نیوەی شەو گێژو هێزلێبڕاو بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە، ڕێ ون دەکات و تووشی دەبێت بە دوو کەسی خراپەکارو پاڵتۆکەی لێدەستێنن، ئیدی لەم ڕووداوە شوومەوە بەدبەختییە گەورەکەی ئەکاکی دەست پێدەکات.

سەرلەبەیانی دەچێتە لای بەڕێوەبەری پۆلیس، سەرەتا بەڕێوەبەر گوێ بۆ چیرۆکە سەیرەکەی پاڵتۆکە شل دەکات بەڵام لەباتی ئەوەی سەرنج بداتە ناوەڕۆکی باسەکە، ئەکاکی بە پرسیاری لەم بابەتە دادەگرێت (بۆچی ئەوەندە درەنگ گەڕایتەوە ماڵێ؟ لە کوێوە هاتی؟ لە چ ماڵە سۆزانییەک ئەو شەوە مایتەوە؟).

کاتێک بەڕێوەبەری پۆلیس سوودێکی بۆ ئەکاکی نابێت، کەسێک ئامۆژگاریی دەکات کە پێویستە خۆی بگەیەنێتە (پیاوێکی گەورە) تا لایەنە بەرپرسەکان ڕاسپێرێت بۆ دۆزینەوەی پاڵتۆکەی. دەچێتە لای ئەو بەرپرسەی بە هەموو جۆرێ هەوڵ ئەدا بە پیاوی گەورە بزانرێت، کاتێک دێت بۆ فەرمانگە، پێویستە گشت فەرمانبەرە بچووکەکان لەبەر پێپلیکەکەدا کۆببنەوەو بچن بە پیرییەوە، کە لە گەڵ فەرمانبەرێکی خوارەدەستی خۆشیدا بکەوێتە گفتوگۆ، هەمیشە بە شێوەیەکی ڕەق و ناخۆش لە گەڵی دەدوێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر لە گەڵ چەند هاوڕێیەکی وەکو خۆی بێت، زۆر ژیرانەو بە ئەدەبانە هەڵسوکەوت دەکات. ئەکاکی دوای سەردانیکردنی بۆ ئەو (پیاوە گەورەیە) نائومێد دەبێت، دەگەڕێتەوە ماڵەوەو لە ڕێگا سەرمای پەتریسبۆرگ لێیدەدات و نەخۆش دەکەوێت.

ئەکاکی ئەکاکیڤیچ وەک زۆربەی فەرمانبەرانی تر، دواجار دەمرێت (بێ ئەوەی کارێکی گەورە بهێنێتە بەرهەم). ئەم ڕستە ناخهەژێنەی (پاڵتۆ)، پرسیاری جەوهەریی مرۆڤە دەربارەی ژیانی چاک، کە مرۆڤەکان لە خۆیانی دەکەن و دەخوازن ژیانێکی مانادارو بوونێکی ڕەسەن و ناساختە هەڵبژێرن کە شایستەی تێکۆشان بێت لە پێناویدا.

چەند ڕۆژێک دوای مەرگی، کارگوزارێکی فەرمانگەکەی، فەرمانێک بۆ ئەکاکی دەهێنێت کە دەستبەجێ لە ئۆفیس ئامادە بێت، بێ ئاگا لەوەی کە مردووە. لە کارگێڕیی میریی عیراقییدا پێی دەووترێ ئاگادارکردنەوە (إخطار) بۆ ئەو فەرمانبەرانەی چەند ڕۆژێک بێ هۆکارێکی زانراو دەوام ناکەن، کە پێویستە لە ماوەی هەفتەیەکدا پەیوەندیی بە فەرمانگەوە بکەن ئەگەر لە ناو وڵات

بن و لە ماوەی مانگێکدا ئەگەر لە هەندەران بن.

چیرۆکی ئەکاکی یان پاڵتۆکە لێرەدا کۆتایی نایەت، چونکە ویژدانی مرۆیی ئەگەر ستەمیشی لێبوەشێتەوە لە هەندێ ساتدا بە ئاگا دێتەوە، ئەوەی ئەکاکی کوشت سەرماوسۆڵەی پەتریسبورگ نەبوو، پیریتییەکەشی نەبوو کە ئەکاکی لە سەرووی پەنجا ساڵەوە بوو، ئەو گشت تەمەنی خۆی لە پێناو فەرمانگەکەیدا بەخت کرد، بێجگە لەو ماوە کورتە نەزانراوەی نێوان لەدایکبوونی و پەیوەندیکردنی بە ڕاژەی میرییەوە، دەشێ بڵێین تۆمەتبار یان تاوانباری سەرەکی لە مردنی ئەکاکی کۆمەڵگا خۆیەتی، بکوژ دیارە لەبەرئەوەی دەوڵەت و دامەزراوەکانیشی لە لایەن نوێنەرانی کۆمەڵگاوە بەڕێوە دەبرێن. ئەکاکی ڕاستەوخۆ دوای مردنی و بە چەند ڕۆژێک، دەبێتە سەرچاوەی چیرۆکی سەیروسەمەرە و هاوکات ترسناک لە ویژدانی کۆمەڵایەتی و میللی.

ڕاستە ئەکاکی تۆماری پێچرایەوەو هەر یەک ڕۆژ دوای مردنی، فەرمانبەرێکی تازە لە شوێنی دانرا، لێ لە سەرانسەری شاری پەتریسبورگ هەواڵێک بڵاو دەبێتەوە (کە لە نزیک پردی کالینکینە، بە شەو تارمایی فەرمانبەرێک دەرئەکەوێ، ئەیەوێ پاڵتۆیەکی فڕێنراو بسێنێتەوە. هەر کەسێ بەوێدا بڕوا پاڵتۆکەی لە شان ئەکاتەوە. ئیتر بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەو کەسە. دەوڵەمەندە یان هەژارە، ئاغایە یان خزمەتکارە، پاڵتۆکەی پێستە-پشیلەیە یا سمۆرەیە یا قەیفەیە یا پێستە-سەگلاوە یا ڕێوییە یا ورچە. بە کورتی پەلاماری هەموو فەروو و پێستەیەک ئەدا کە بۆ لەبەرکردن دەست بدا).

زوو دەیناسنەوە کە ئەکاکی-ە و هەمووان ڕادەکەن لەبەری و دەتۆقن، حکومەت فەرمان بە پۆلیس دەدات کە بە زیندوویی بێت یان بە مردوویی تارماییەکە بگرن، بەڵام بێهوودە دەبێت.

(پیاوە گەورەکە) یەکێکە لەوانەی کە زۆرترین ئازاری ئەو(نەگبەت)ەیان داوە لە ژیانە بەدبەختەکەیدا، دەبێتە نێچیرێکی ئاسانی تارماییە ترسناکەکەو پاڵتۆکەی لێدەسەنێت، هەرچۆنێکە خۆی ڕزگاری دەبێت لە تووڕەیی و بۆنی قورسی مەرگی ئەکاکی.لە ڕاستیدا هەر دوای ڕۆیشتنی ئەوکاتەی ئەکاکی لە سەردانە کورتخایەنەکەیدا، بەرپرسەکە نەختێ خەفەت دەخوات بەرامبەر ئەوەی بە توندی و تووڕەییەوە ڕووبەڕووی ئەو هەژارە ببووەوە، هەندێ هەستی بەرز لە دەروونییدا هەبوو کە (بەرپرسیارێتیی) بەری گرتبوون، بەڵام جار-جار ڕێگەیان دەدۆزییەوە بۆ ناو دڵی، ئەم بیرکردنەوە ناوەکییە بە ئاگاهاتنەوەی ویژدانی مرۆڤە لە ئاستە تاکەکەسییەکەیدا. هەروەها سەبارەت بە دەرکەوتنی ئەکاکی وەک تارمایی، بە مانای ئەوە دێت کە ئەو فەرمانبەرە بچووکە تێکشکێندراوەش، دەتوانێت یاخی بێت و تۆڵە لە ستەمکارانی بکاتەوە.

□

پاڵتۆ‌لە سەردەمەکەیدا، ڕەخنەیەکی توند بوو لە کۆمەڵگای پڕ لە ستەم و ڕێساو یاسای باڵادەست کە لە قازانج و بەرژەوەندیی کەمینەو لە دژی زۆرینەی کۆمەڵگا بوو. سەردەمێک، مرۆڤی لە مرۆبوونی خۆی شۆردبووەوەو بواری ئەوەی بۆ نەهێشتبووەوە کە بیر لە مانای ژیان و ئاکامی بوونی بکاتەوە، کەرامەت و کیبریای مرۆڤی خستبووە خزمەت بەگەڕخستنی ماکینەی بێ بەزەی دەوڵەت، ئەو چیرۆکە بە چەند وشەو ڕستەو پەرەگرافێکی کەم بەڵام تۆکمەو دەوڵەمەند بانگەوازێک بوو بۆ گێڕانەوەی شکۆمەندی و باڵابوونی مرۆڤ و پایەدارکردنی دادپەروەری و ڕەخساندنی هەلی ژیانێکی شایستەو مانادار.

پاڵتۆ بە شێوازێکی کۆمیدی نووسراوەو بە تراژیدیا کۆتایی هاتووە. ڕەخنەگران لەو بڕوایەدان (پاڵتۆ) لە ئەدەبی ڕوسی و جیهانیدا بێ وێنە بووە، بۆیە دوای ئەو شاکارە، وەرچەرخانێکی مێژوویی لە ئەدەبی گەلانی تر ڕوویداو کاری گەورەی بەدوادا هات، مرۆڤی بەزیندراوو وردوخاشکراو، لە وێنەی ئەکاکی ئەکاکیڤیچ، بوونە کاراکتەری سەرەکی. نەجیب مەحفوز یەکێکە لەو نووسەرانەی کە لەسەر ئەو هێڵ و تەوژمە کاری کردووە.

# تراژیدیا لە نێوان گریگی کۆن و فەلسەفەی بوونگەراییدا



دیدار ئەنوەر ئەحمەد

هەواڵنامەی کتێب

هەڵبەت لێرەدا دەمانەوێت تیشک بخەینە سەر چۆنییەتی دارشتنی تراژیدیا یان مەرگەسات و ئاکامەکانی و بەراوردکارییەک بکەین لەنێوان ئەم دوو سەردەمە جیاوازەی تراژیدیا و گۆڕانکاریی لە چۆنییەتی دارشتنەوەی شێوازی تراژیدیا و هۆکارەکانی.

بۆیە گەرەکە ئێمە لەلای ئەفلاتون و ئەریستۆتێلیس و مارتن هایدیگەر، هەر سێ چەمکی تراژیدیا، لاساییکردنەوە، هونەرمەند و شاعیر بەباشی شرۆڤە بکەین.

تراژیدیا لە ژیاری گریکیدا بۆ زیاتر لە پێنج سەدە پێش زایین دەگەڕێتەوە. لەو سەردەمەدا گریکییەکان وەک پێویستی و پیرۆزییەکی ئایینی مەراسیمی تراژیدییان ئەنجام داوە، هەربۆیە تراژیدیا کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هەبووە.

هەروەها لەسەر سەرهەڵدانی بنەڕەتی وشەی تراژیدیا (tragoidia)، کە بە مانای 'گۆرانیی ئاسک' دێت دوو بۆچوون هەیە:

یەکەم هەندێک دەڵێن لە کاتی ئەنجامدانی مەراسیمی تراژیدیا گریکییەکان لەگەڵ گرووپێک میوزیکژەن، کە میوزیکی خەمگینیان دەژەنی و لە هەمان کاتدا ئاسکێکیان سەربڕیوە و کردوویانە بە قوربانی وەکو هێمایەک بۆ ناخۆشی و تراژیدیا.

هەندێکی دیکە دەڵێن ئەو هونەرمەندانەی درامای تراژیدییان پێشکەش کردووە ئەو جلوبەرگەی دەیانپۆشی لە پێستی ئاسک دروست کرابوون، بۆیە ئەو ناوەیان بەسەردا دابڕاوە.

لەگەڵ باسکردنی ئێستێتیک و گەڕانەوە بۆ مێژووی هونەر ئەستەمە ڕۆنەچینە نێو چیرۆکەکانی سۆفۆکلیس و ڕەخنەی ئەفلاتوون و ئەریستۆتێلیس دەربارەی تراژیدیا، بۆ باسکردنی تراژیدیاش گەرەکە لە میمێزیسەوە دەست پێ بکەین.

میمێزیس لای گریکییە کۆنەکان بەهایەکی هونەرییانەی مەزنی هەبوو، فەیلەسوفان و هونەرمەندانی ئەوکات ئاوڕێکی جیدییان لێ دابووەوە.

"ئەفلاتوون میمێزیسمی بە میتافیزیکی فەلسەفەکەیەوە گرێداوە". و دەبێژی: میمێزیس لاساییکردنەوەیە، چونکە دەروێنەی جیهانی ئەمپیرییە، ئەمەش لەبەرئەوەیە ئەفلاتوون جیاوازیی لەنێوان دوو جیهاندا دەکات. جیهانی (ئێدێ)کان و جیهانی (ئەمپیری) یان جیهانی ڕاستەقینە و جیهانی نا-ڕاستەقینە، "ئێمە لە نێو جیهانە نا-ڕاستەقینەکەدا هەین، ئەم دوو جیهانە ئەگەرچی جیاوازن، بەڵام لەیەکدییش دەچن، چونکە یەکێکیان وەرگێراوی ئەوی دیکەیە، جیاوازییەکەیان تەنها لە فۆرمدایە'. "ئەفلاتون جیهانی ئێدێکان یان جیهانی ڕاستەقینە ناودەنێت جیهانی نموونەیی و ئەم جیهانە بەڕاستی و جوانی و چاکە و نەمریی وەسف دەکات.'



بەڵام لەنێو ئەم جیهانە نا-ڕاستەقینە و وەرگێراوەدا، کە مرۆڤ بە هەستەوەرەکانی دەرکی دەکات نەک هۆشی، هیچ ڕاستەقینەیەک پەیدا نابێت، ئەوەی هەیە وێنەیەکی وەرگێراوی ڕاستەقینەیە، کە لە جیهانی ئێدێدا هەیە.

"لە هونەریشدا بۆ نموونە هونەری شێوەکاری بەهەمان شێوەی بابەتەکان وەرگێراوی ئەو هەبووانەن لە نێو جیهانداو لە دەرەوەی بابەتەکەدا هەن" ، "ئەگەر هونەرمەندێک لە تابلۆیەکیدا وێنەی درەختێکمان بۆ دروست بکات درەختی نێو

هەواڵنامەی کتێب

تابلۆکە نوێنەرایەتیی (تمپیل)ی درەختی دەرەوەی تابلۆکە دەکات، ئەم نوێنەرایەتیکردنە بە دیدی ئەفلاتون دەبێت بە لاساییکردنەوە، یان میمیزیس (mimesis)".

ئەمەش دووجار لە ڕاستییەوە دوورە، یان لاسایی لاساییکردنەوەیە، چونکە وێنەی ئەو درەختە لاساییکردنەوەی ئەو درەختانەیە، کە لەنێو ئەم جیهانە نا-ڕاستەقینەی ئێمەدا هەن و درەختەکانی نێو ئەم جیهانەش لاسایی فۆرمی درەختی نێو جیهانی ڕاستەقینە (ئیدێ)ن، واتە هونەر ڕاستیناس نییە و لە تەک لاساییکردنەوە و ناڕاستەقینەدا خەریکە، هەر لەبەر ئەمەیە ئەفلاتون هونەر بە نزم



دادەنێت.

لێرەدا ئەو پرسیارەی کە گرنگە ئەوەیە، ئایا بەلای ئەفلاتونەوە چ پەیوەندییەک لەنێوان تراژیدیا و لاساییکردنەوەدا هەیە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە گەرەکە ڕووبکەینە هەڵوێستی ئەفلاتوون دەربارەی شاعیران و لەوێوە بۆچوونی ئەفلاتوون دەربارەی ئەم دوو جۆرەی شانۆ (کۆمیدیا و تراژیدیا) بخەینەڕوو.

ئەفلاتوون دەربارەی شاعیران دەڵێت: "شاعیرە لاساییکەرەوەکان لە هۆمیرۆسەوە کۆپی ڕاستی دەناسن، ئەوەی باسی دەکەن ڕاستی نییە، ئەمەش لەو خاڵە دەچێت، کە پێشتر دەربارەی هونەری شێوەکاری باسمان کرد، کە بەبێ ئەوەی زانیاریی دەربارەی پینەچێتییەوە هەبێت وێنەی پینەچیمان بۆ دروست دەکات... شاعیر وشە و گوتە وەکوو ڕەنگ بۆ وێنە هونەرییەکەی بەکاردەهێنێت، ئەو بەبێ ئەوەی بزانێ ئەوانە چین بەکاریان دەهێنێت. کەسانی نەزان وادەزانن چاک باسی پینەچێتی و جەنگ یان شتێکی دیکە دەکات، هەروەها شاعیر دەنگێکی هارمۆنی و مۆسیقی بە وشەکانی دەدات و ڕیزیان دەکات، ئەگەر هۆنراوەکەی لەمانە ڕووت بکەیتەوە لە دەموچاوی ئەو لاوە دەچێت، کە بەرەو پیری دەڕوات نە جوانە و نەچاکیشە."

کەوا بوو شاعیر لەلایەک لاسایی دەکاتەوە و لەلایەکی دیش بە ئاواز و وشەکانی کاریگەریی لەسەر سۆزی بینەر نەک هۆشی دادەنێت، بەمەش شتێکی نزم لەگەڵ شتێکی ئاست نزمی دیکەدا یەک دەگرێت و شتێکی نزمتر دێتە کایەوە.

کێشەی لاساییکردنەوە لێرەدا لەوێدایە، کە کەسێک لەگەڵ لاساییکردنەوەدا ڕاهات و خۆی گونجاند ئیدیی ڕەسەنایەتیی خۆی لەدەست دەدات" کەسێک لە منداڵییەوە لاسایی بکاتەوە، لاساییکردنەوە دەبێت بە بەشێک لە سروشت و خۆرسکی ئەو کەسە و لەنێو دەنگ و جوڵە و هەڵسوکەوتیدا ڕەگ دادەکوتێت.'

هەروەها شاعیر کاتێک شیعرێکی تراژیدی دەنووسێت خۆی هیچ زانیارییەکی دەربارەی تراژیدیا نییە و نواندنیشی تێدا ناکات و هەروەها ئەو ئەکتەرانەی نواندن لە شانۆیەکی تراژیدی دەکەن بەهەمان شێوەی شاعیرەکان لە دوو ڕووەوە کارێکی نزم ئەنجام دەدەن، یەکەم لەبەر ئەوەی ئەو کارەی دەیکەن لاساییکردنەوەیە نەک ڕاستی، دووەم دەیانەوێ بەو هونەرەی پێشکەشی دەکەن کار لەسەر دەروون و سۆزی بینەر بکەن و واخۆیان نیشان بدەن، کە هەمان کێشە و ئاریشەی ئەو پاشا و پاڵەوانانەیان هەیە، کە دووچاری دۆخێکی تراژیدیی ناخۆش بوونەتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

لە لایەکی دیکەوە کاتێ هەندێک لە شانۆنامەکانی گریکی ئەنتیک دەخوێنیتەوە، زۆربەیان بەشێوەیەک دارێژراون، کە مرۆڤ بە هۆی ملکەچ نەبوون و پابەند نەبوون بە فەرمانی خواکانی گریک، دوچاری چارەنووسێکی ناخۆش و خراپ دەبێتەوە، بەڵام ئەفلاتوون بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە پێی وایە خودا واتە ڕاستی و چاکە و هەرگیز خراپە بەرانبەر مرۆڤ ناکات. بۆیە دەڵێت نابێت ئەو شاعیرانەی تراژیدیا دەنووسنەوە، ڕێگەیان پێ بدرێت چارەنووسی خراپی مرۆڤ بدەنە پاڵ خودا یان " ئەگەر کەسێک هۆنراوەیەک بۆ ئازارەکانی نیوب یان خانوەکەی پیۆلۆپسی داستانی ترۆی یان لەو بابەتانە بهۆنێتەوە پێویستە ڕوونی بکاتەوە، کە ئەمانە کاری خوا نین، ئەگەر کاری خوایش بن ئەم ئازار و ئەشکەنجەیە سوودی هەیە، ڕێگە نادەین شاعیرێک ئازاردانەکە بە خراپ و گەندەڵی دابنێت و بە کاری خوای دابنێت، ئێمە بۆ سەقامگیریی دەسەڵاتەکەمان بەرێکوپێکی بەرانبەر ئەوانەی خوای چاک بە سەرچاوەی خراپە دادەنێن دژرادەوەستین، ئەم چیرۆکانە نارێک و زیانبەخشن... ئەمە یەکێکە لە یاساکان و شاعیر دەبێت بەتەواوی پەیرەوی بکات، دەڵێین خوا هۆی هەموو ڕووداوەکان نییە و تەنیا کاری چاکەی لێ دەوەشێتەوە."

هەروەها هەموو ئەو ڕووداوە ناخۆش و تراژیدییانەی بەسەر مرۆڤدا دێن خودا بە هیچ شێوەیەک دەستی تێدا نییە و خودا لەبەرئەوەی چاکە هەرگیز کاری خراپەی لێ ناوەشێتەوە.

هەروەها نابێت چیرۆکی تراژیدی بۆ منداڵەکان بگێردرێتەوە و لەو چیرۆکانەدا خوداکان بە کەسی خراپەکار بچوێنرێت، "نابێت دایکەکان بە گێرانەوەی چیرۆک لەبارەی خوداکانەوە وەکوو ئەو بێگانانەی بە شەو خۆیان بە شاردا دەکەن منداڵەکان بترسێنن، ئەم چیرۆکانە سووکایەتی بە خوداکان دەکەن و هاوکات منداڵەکان فێری ترسنۆکی دەکەن."

تراژیدیا لای پلاتۆن نالەبارترین پلەی میمێزیسە،چونکە تراژیدیا بزوێنەری گریان و نەسازییە و دەبێتە هۆی ترس لە مردن و ڕازاندنەوەی سامناکییەکانی جیهانی ژێرەوە، لێرەشدا گەر هونەر لاسایی جیهانی ئەمپیری بێت ئەوا هونەرمەند زانینی نییە و هونەرەکەی بۆ چاکی و دەروونپاکی پڕ مەترسییە.

ئەو ئەکتەرەی نواندنی تراژیدی پێشکەش دەکات لەگەڵ خودی خۆیدا ڕاست ناکات، بەڵکوو لاسایی ئەو کەسانە دەکاتەوە، کە خاوەن ئاریشە و کێشەن، ئەمەش هەڵوێستێکی نەگونجاو و نامۆیە، ناکرێ کەسێکی کۆمیدی خۆی بە کەسێکی تراژیدی نیشان بدات لەڕاستیدا ئەو هیچ زانیارییەکی دەربارەی تراژیدیا نییە ئیدی چۆن دەتوانێ نواندنێکی لەو جۆرە بکات.

جگە لەمە لێروانەری تراژیدیا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی دیمەنە تراژیدییەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کەسە ببێتە کەسێکی ترسنۆک و خەمۆک و گلەییکەر، بۆیە لێرەوە ئەفلاتوون هونەر بە ئەخلاق و سیاسەتەوە گرێ دەدات و ئەو کەسانەی لەتەک هونەردا کاردەکەن، ئەگەر لەگەڵ فەلسەفە سیاسییەکەیدا ناتەبا و ناکۆک بن، ئەوە لە کۆمارەکەی دەریان دەکاتە دەرەوە.

ئەگەرچی بۆچوونی ئەفلاتون و ئەریستۆتێلیس دەربارەی هونەر، بریتییە لە لاساییکردنەوە، بەڵام بۆچوونی ئەریستۆتێلیس لە چەند ڕوویەکەوە تەواو پێچەوانەی ئەفلاتوونی مامۆستایەتی، بۆنموونە ئەریستۆتێلیس دەربارەی میمێزیس دەڵێ "لاساییکردنەوە لە بوونی مرۆڤدا سروشتییە و مرۆڤ هەر لەمنداڵییەوە ئارەزووی لاسایکردنەوە-نواندن لەگەڵیدا هەیە."

لاسایکردنەوە لای ئەریستۆتێلیس وەرگیراوێکی جیهانی دەرەوە یان جیهانی فۆرم نییە وەک چۆن ئەفلاتوون باسی لێ دەکات، چونکە ئەگەر وابێت هیچ جیاوازییەک لەنێوان شاعیر و مێژوونووسدا نامێنێت، شاعیر باسی ئەو ڕووداوانە ناکات، کە ڕوویانداوە، بەڵکوو باسی ئەو شتانە دەکات، کە دەکرێت ڕووبدەن. شاعیرەکان باسی ئەو زانیارییانەمان بۆ دەکەن، کە هێشتا ئێمە پێی نەگەشتووین. بۆیە لەم پێتەوە ئیدی شیعر و

میمێزیس ڕۆڵی بیرکردنەوەی فەلسەفییانە دەبینێت، هەقیقەتی بوون ئاشکرا دەکات. "
ئەرستۆ سەبارەت بە میمێزیس پەیوەندییەکی تێلیۆلۆژی (هۆ و ئەنجام)یانە لەنێو کەرەستە و فۆرمدا دیاری دەکات، بەو واتایەی هەموو شتێک هۆ و ئەنجامەکەی لەنێو خۆیدایە ئەم شێوازەش بەسەر هونەردا ڕیالیزە دەبێت، واتە ئەوەی کە بەردێک لە پەیکەرێک جیادەکاتەوە کاری هونەرمەندەکەیە یان تێشنێگەرەکەیە ئەو بەردە دەکات بە پەیکەر و فۆرمی پەیکەر لە فۆرمی بەرد جیادەکاتەوە، واتە کەرەستەکە، کە بەردەکەیە بە هۆکاری کاری دەستیی هونەرمەندەکە دەفۆرمێنرێت، هەروەها میمێزیس بریتییە لە شێوەیەکی هونەر- تێشنآ، کە لە هونەری هۆنینەوەدا (پۆئێزیس) مەودای کردارء موئاناتی مرۆڤ نیشان دەدات، کەواتە ئێمە لێرەش بەندین بە چالاکییەکەوە، بەڵام چالاکییەک کە 'بەدی ناهێنێت'، بەڵکو "دەداتەوە"، بەڵام ئەو شتە کە میمێزیس دەیداتەوە، بەرهەم نییە، بەڵکو "ناوەرۆک"ی دارشتنەکەیە، هەروەها ئەم ناوەڕۆکە "لە شتێکەوە" دروست ناکرێت، بەڵکو "لەنێو شتێکدا" دیار دەهێنرێت. بەم شێوەیە پرسیاری 'لە چییەوە؟" دەبێت بە "لە چیدا؟" هەر لەبەر ئەمەیە دەتوانرێت لەلای ئەریستۆتێلیس هونەر بە هۆکارێک دابنرێت بۆ گەشتن بە حەقیقەت.
بەمپێیە میمێزیس وەک تێشنێ جیاوازە لە "بەرهەمهێنان". کاتێک پلاتۆن شاعیر- هونەر بە پیشەگەر بەراورد دەکات، ئەوا بەپێچەوانەوە میمێزیس لە لای ئەریستۆتێلیس بەو مانایە دێت، کە لەلایەن سرووشتەوە هێنراوەتە ئاراوە، ئەمەش بۆ ئەریستۆتێلیس کارێکی بەجێیە، هەروەها ئەو شێوازانەی دارشتن، کە بۆ ئەم مەبەستە دەخرێنەگەڕ، "ڕاست"ن. ئاخر مرۆڤ حەزی لەم دارشتنەیە و ئەم حەزەیش دژبەری ژیانی چاک نییە، بە پێچەوانەوە حەز ڕووەو ژیانی چاک ئاراستەی گرتووە، "ئەمەیش گونجاوە لەتەک سروشتی مرۆڤدا، واتە لەتەک سروشتی ئەو زیندەوەرەدا، کە هەمیشە لە کانگای ناخییەوە بۆ زانین کۆشش

دەکات، ء تەنها لەم ڕێیەوە لە زیندەوەرەکانی دیکە جیادەبێتەوە'. بە واتایەکی دیکە ئەریستۆتێلیس وەک پلاتۆن 'پێوەری مۆرالی لە نرخاندنی هونەردا' دانانێت " تەنانەت فەشەل، یان تەنانەت ئەوە کە لە ڕووی مۆرالییەوە شایانی لۆمەیە، وەک کەرەسە' بۆ هونەر دەگونجێت، بە مەرجێک "میمێزیس بۆی بلوێ جەوهەری هەقیقەت دابڕێژێ" میمێزیس بریتی نییە لە دەروێنە، بەڵکوو بریتییە لە فۆرماندنی کەرەسە، ئەمەش پلەیەکی دووەمین لە پشتی جیهانی ئەمپیرییەوە بە هونەر نادات، نەخێر دارشتنی میمێزیانە پلەیەکی تاک سەربەخۆی هەیە.
واتە هونەر لای ئەریستو بەرهەمهێنان نییە بۆ مەبەستی سوود و قازانج و هەرگیز ناتوانی چەکوشێک بە هونەر دابنێت و لەگەڵ تابلۆی چەکوشێک، کە بەرهەمێکی هونەرییە بەراوردی بکەیت.
هەروەها لە بارەی تراژیدیاوە ئەریستۆتێلیس دەڵێت: تراژیدیا گرنگییەکی زۆر و سوودێکی گەورەی هەیە، چونکە دەبێتە هۆی پاککردنەوەی دەروون و هۆشسامی دەخاتەوە، بینەر تووشی سەرسوڕمان دەکات و لە بەدحاڵییە ناخەکییەکانی پاکی دەکاتەوە.
تا ئێرە" هونەر، وەک دەرخەری هەقیقەت لای ئەریستۆتێلیس و بۆ سەردەمی کلاسیک ڕەنگە قبوڵکراو بێت، بەڵام هونەر لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا لە مەبەستە سەرەکییەکەی خۆی لادەدات و بە پێچەوانەی کلاسیکەوە تێشنێ دەگۆڕدرێ بۆ بەرهەمهێنان، بەرهەمهێنانێک کە چاوەڕێی باشترین داهات و زۆرترین وزەی لێ دەکرێت، نەک هەرئەوە بەڵکو هونەر بە مانای تەکنیک دەبێتە ئامراز، ئامرازێک بۆ بەرهەمێک کە دواتر ئەو بەرهەمە مرۆڤ لەسەر زەوی بەرەو هەڵدێر و لەناوچوون دەبات، بۆیە نەک هونەری تراژیدیا، بەڵکوو تراژیدیای هونەر- تێشنێ لای مارتن هایدیگەر دێتە بەرباس.
مارتن هایدیگەر فەیلەسوفی سەدەی بیست و دیارترین فەیلەسوفی ڕێبازی بوونگەرایی، بۆچوونێکی زۆر نیگەتیڤی دەربارەی تەکنەلۆژیای نوێ وەک بەرهەمهێنان هەیە و دەیەوێ بڵێ لە

ئەمڕۆدا هونەر- تیشنێ ئەو هونەرەی سەردەمی ئەریستۆتێلیس نییە، بەڵکو بووە بە هۆکارێک بۆ هەڵپڕووقاندنی مرۆڤ و لە داهاتوویەکی نزیکدا تراژیدیا دەخولقێنێ، بەڵام تراژیدیایەک، کە میمێزیسمەکەی ئەفلاتوون و ئەریستۆ نییە، کە پەیوەستیان کردووە بە سیستمێکی میتافیزیکی، بەڵکوو میتافیزیکی تەکنەلۆژیا تراژیدیایەکە لە ژیانی مرۆڤدا بە حەقیقی ڕوودەدات.
هەروەها مارتن هایدیگەر کێشەی هونەری لە کێشەیەکی ئیپستمۆلۆژییەوە گۆڕی بۆ کێشەیەکی فینۆمینۆلۆژی، دواتریش کردی بە کێشەیەکی ئۆنتولۆژی.
بۆ تێگەشتن دەربارەی هونەر لای هایدیگەر، پێویستە لە بنەڕەتی وشەکە بکۆڵینەوە و جیاوازیی نێوان تیشنێ و تەکنەلۆژیا ڕوون بکەینەوە.
تیشنێ Techne وشەیەکی گریکییە لە وشەی Technikon وەرگیراوە، بەمانای پیشە یاخود هونەر دێت، یان بە مانایەکی تر بە پیشەی کاری دەستی لە سەردەمی گریکی کۆن گوتراوە، تیشنێ و هەرکەسێکیش کارامە و تەردەست بووایە پێی گوتراوە تیشنێگەر – هونەرمەند.
هەڵبەت لە جیاکردنەوەی جۆری هونەرەکانیش ئەفلاتوون هەمان بۆچوونی هەیە و کاری دەستی و هەندێک پیشەی بە چەشنێک لە هونەر هەژمار کردووە.
بەڵام هایدیگەر بە شێوەیەکی دیکە پێناسەی تیشنێمان بۆ دەکات و سەرنجمان بۆ شتێکی دیکە ڕادەکێشێ، ئەو دەڵێ تیشنێ تەنها کاری دەستی نییە، بەڵکوو بە مانای هونەر و هونەرەجوانەکانیش دێت، هەروەها بە مانای دەرهێنان (poiesis)یش دێت.
هەروەها لە لای ئەفلاتوون بە مانای زانینیش (episteme) هاتووە، ئەریستۆتێلیسیش لە کتێبێکدا بە ناوی مۆراڵ بۆ نیقۆماخۆس جیاکاریی لەنێوان (episteme) و (techn) کردووە و ڕوونی کردۆتەوە.
هایدیگەر لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: "techne" بە مانای دۆزینەوە و پەردە لەسەرلادانیش هاتووە.
بۆ هەڵماڵینی پەردە لەسەر حەقیقەتی شتێک تیشنێ بەکارهاتووە و ئەوکات پێی گوتراوە 'aletheuein' ئێلیتیا دەرخستنی ناوەڕۆکی بوونی شتێک بووە، هەروەها داهێنانی شتێکی نوێش بووە.'
هایدیگەر بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی بۆ بنەمای وشە گریکییەکان گەڕاوەتەوە و چۆنییەتی گۆڕانی ئەو وشانەی شی کردۆتەوە. ئەو دەڵێت: زاراوەی فیزیک (physika) لە زمانی کۆنی گریکدا بە مانای بوون هاتووە و دواتر لە سەردەمی ڕۆمانەکانەوە گۆڕاوە بۆ سروشت. میتافیزیکاش، کە بە مانای ئەودیو بوون بەکارهێنراوە لای گریک دواتر گۆڕاوە بۆ ئەودیو سروشت.'
لێرەوە ئیدی هایدیگەر ڕەخنەکانی دەربارەی هونەر و تەکنەلۆژیا بەگەڕ دەخات. زاراوەی تەکنەلۆژیا یان تیشنۆلۆژی، کە لە دوو بەش پێک هاتووە تیشنێ یان تەکنە و لۆژی لە وشەی Techne گریکیەوە هاتووە، هەموو بەرهەمێکی مرۆڤ لە بوارەکانی پیشەسازی و هونەریدا بە تەکنە یان تیشنێ ناسراوە.
تیشنێ یان تەکنە شێوازێکی دەرخستنی ڕاستی بوونە، پەیوەندیی بە هەموو چالاکییەکی مرۆڤانەوە هەیە بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییە، بەڵام ئەمڕۆ واتای تیشنێ شاراوەتەوە و بووە بە داردەستێک بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر سروشتدا ڕەوا بەو دەسەڵاتە بۆ بەکارهێنانی سروشت بەو جۆرەی مرۆڤ دەیخوازێت دەبەخشێت.
لێرەوە ئیدی پێمان دەڵێ ئەو تیشنێیەی لە گریکی ئەنتیک بە مانای کاری هونەری جوان دەهات و ئەو تیشنێیەی بە مانای حەقیقەت دەهات ئەمڕۆ بەتەواوەتی گۆڕاوە و پێچەوانە بووەتەوە.
هەڵبەتە هایدیگەر دژی تەکنەلۆژیا و زانست و پێشکەوتنی زانست نییە، بەڵکوو ڕەخنەکانی دەربارەی میتافیزیکی تەکنەلۆژیایە، کە میتافیزیکێکی هێچگەرانەی هەیە. بۆیە بۆئەوەی بەتەواوەتی تەکنەلۆژیا بناسینەوە دەبێت سەرەتا جەوهەری تەکنەلۆژیا بزانین، چونکە تەکنەلۆژیا و جەوهەری

تەکنەلۆژیا هەمان شت نین، چۆن ئەفلاتوون دەیگوت ئەو تابلۆ هونەرییەی کە ئێمە دەیبینین وێنەی دارێکی تێدا کێشرابێ ئەوە هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە و ئەو دارەی ناو تابلۆکە لاساییکردنەوەی دارە لەنێو ئەم سروشت- جیهانە و داری نێو ئەم جیهانەش دیسان لاساییکردنەوەیە و ڕاستی تێدا نییە و لاسایی فۆرمی دارە لە جیهانی ئایدی.
بەهەمان شێوە ئەو تابلۆیەی ئێمە لە شاشەیەکی تەکنەلۆژییەوە دەیبینین تابلۆ ڕاستەکە نییە، بەڵکو ڕاستی تێدا شاراوەتەوە.
لەلایەکی دیکەوە ئەگەر داری نێو سروشت و سروشت ساختە بن، هەر وەکوو ئەفلاتوون دەڵێ، بەهەمان شێوە مێتافیزیکی تەکنەلۆژیا ئەمڕۆ دەڕوانێتە نێو سروشت و هەمیشە سروشت دەکات بە ئامرازێک بۆ وەبەرهێنان، تەماشای چەمی سیروان دەکات ئایا تا چەند سوودی هەیە بۆئەوەی بکرێت بە شتێک بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا. ناوەڕۆکی تەکنەلۆژیا خەسڵەتێکی چاوچنۆکانەی دەربارەی سروشت هەیە.
ئێستا ئەگەر بپرسین ئایا جیاوازیی نێوان تابلۆیەکی هونەری و نیشاندانی وێنەیەک لە شاشەیەکی میدیاوە چییە؟ یان جیاوازیی نێوان بەرهەمێکی تەکنەلۆژی بۆنموونە جووتێک پێڵاو، کە لە کارگەیەک دروست دەکرێ و تابلۆی جووتێک پێڵاو یان پەیکەری جووتێک پێڵاو چییە؟
ئایا بۆچی لە ڕوانگەی مارتن هایدیگەرەوە یەکەمیان ناڕەسەنە و دووەمیان ڕەسەنە؟
لێرەدا دەتوانین ئەوە بخەینە بەرباس و بە پرسیارێک وەڵام بدەینەوە: ئایا ڕۆژانە لە کاتی بەکارهێنانی جووتێک پێڵاودا، کە لە کارگە دروست کراوە بۆ مەبەستی بەکارهێنان و لە پێکردن ئێمە هەرگیز بیر لەوە دەکەینەوە ئەم جووتە پێڵاوە چۆن دروست کراوە و چەندە ماندووبوونی ویستوە؟ ئایا هەست بە ماندوێتیی درووستکەرەکەی دەکەین؟ هەڵبەت نەخێر، بەڵکوو ئەوە گرنگە، کە تاچەند ئێمە دەتوانین بەئاسانی بەکاری بێنین و زۆرترین سوودی لێ وەربگرین.

بەڵام لە کاتی لێڕوانین لە تابلۆیەکی هونەریی جووتێک پێڵاو، ئێمە ڕاستەوخۆ بیر لە چی دەکەینەوە؟
هەڵبەت بیرمان بۆ دوو شت دەڕوات:
یەکەمیان تاچەند هونەرمەندەکە بە وێنەکێشانییەوە ماندوو بووە و تاچەند توانیوێتی ڕەنگەکان بەجوانی بەکاربێنێت و لە حەقیقەتی فۆرمی پێڵاو نزیک بێتەوە؟
دووەمیان ئێمە لە کاتی سەرنجدانی تابلۆکە ورد دەبینەوە، کە ئایا ئەو تابلۆیە بۆ کێشراوە و مەبەست لە کێشانی ئەو تابلۆیە لەلایەن هونەرمەندەکەوە چییە و گەرەکی بووە چی بە ئێمەی لێڕوانەر بڵێ؟ ئایا ئەو جووتە پێڵاوە جووتێک پێڵاوی دڕاو و زۆر لەپێکراوی کرێکارێکە؟ بەمەش هونەرمەندەکە حەقیقەتی ماندووبوونی کرێکارەکەمان بۆ باس دەکات.
یان پێڵاو-پۆستاڵی بەجێماوی سەربازێکە لە مەیدانی جەنگدا، کە هونەرمەندەکە دەیەوێ گوزارشت لە تراژیدیای جەنگ بکات؟
لە هەردوو حاڵەتەکە هەم لێڕوانەر لە کاتی تەماشاکردنی تابلۆ هونەرییەکەو هەم هونەرمەندەکە لە کاتی دروستکردن و ئامادەکردنی تابلۆکە، بەدوای هەقیقەتێکدا وێڵن، کە ئەویش مرۆڤ و ئازار و ماندووبوونەکانی مرۆڤە لە نێو جیهان، کە هایدیگەر پێی دەڵێ دەرخستنی ڕاستیی بوون.
لێرەوە بە هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، ئیدی ڕەخنەی هایدیگەر بۆ ئەفلاتوون دەردەکەوێت و هایدیگەر پێمان دەڵێت: هونەر بەتەنها دەتوانێت مرۆڤ لەو تراژیدیایە ڕزگار بکات، کە تەکنەلۆژیا خوڵقاندویەتی.
هەروەها بۆئەوەی توێژینەوەکەمان لەسەرەتاوە تاکۆتایی پێکەوە گرێ بدەین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بۆچوونی ئەفلاتوون دەربارەی هونەر و ڕەخنەکانی هایدیگەر دەربارەی ئەفلاتوون و ئەریستۆتێلیس.
هەڵبەتە هایدیگەر دەیەوێت پێمان بڵێت ئەفلاتوون نەیتوانیوە جیاوازیی بکات لە نێوان دوو جۆری هونەر، ئەو پێیوایە کە کورسییەک دارتاشێک بۆ

پاشایەکی دروست کردووە بۆئەوەی لەسەری دانیشێ و فەرمانڕەوایی بکات هونەرە، لەگەڵ تابلۆی کورسییەک کە هونەرمەندێک دروستی دەکات ڕەنگە مەبەستی هەلپەرستی و هەڵپەی سیاسییەکان بێت بۆ دەسەڵات و فەرمانڕەوایی هەر هونەرە و هیچ جیاوازییان نییە، هەردووکیشیان بە ناپەسەند وەسف دەکات، چونکە یەکەمیان لاسایی فۆرمی کورسییە لە جیهانی ئیدێ دووەمیشیان لاسایی لاساییکراوەیە و ساختەیە و هونەرمەندەکە هیچ زانیارییەکی دەربارەی کورسی دروستکردن نییە و تەنها وێنەی کورسی کێشاوە.

بەڵام هایدیگەر دەڵێ: نەخێر یەکەمیان بۆ مەبەستی بازرگانی و بەرانبەر هەندێک پارە دروست کراوە و هەرگیز درووستکەرەکەی مەبەستی ئەوە نییە هەقیقەتێکمان بۆ باس بکات، بەڵکو دەیەوێ بەرهەمێکی هەبێ و بیفرۆشێ، بەڵام لە دووەمیاندا درووستکەرەکە هونەرمەندە و دەیەوێت حەقیقەتێک، کە پێویست ناکات بە زمان، جا لەبەر هەر هۆیەک بێت لە تابلۆیەکدا پێمان ڕادەگەیەنێ و نیشانمان دەدات.

هەروەها ئەگەر بپرسین چۆن دەتوانین بەرهەمی ناهونەری لە بەرهەمێکی هونەری جیابکەینەوە، ئەوە دوو بەرهەم کە هەردووکیان شتن، ناوەڕۆکی بەرهەمەکە دیانکات بە بەرهەمێکی هونەری یان نا هونەری، هەربۆیە ئەو نموونەی سەرەوە لای هایدیگەر دەبێتە دەرخەری ئەو حەقیقەتە، واتە ئەو کورسییەی دارتاشەکە دروستی کردووە و تابلۆی کورسییەکەش، کە هونەرمەندەکە درووستی کردووە هەردووکیان شتن، بەڵام شتێتیی کورسییەکە لە بەکارهێنانی و توندوتۆڵی و چاک دروستکردن و جوان دروستکردن بەولاوە چی دیکە نییە، ناوەڕۆکەکەشی لەبەکارهێنان و سوودگەیاندندایە، بەڵام تابلۆی کورسییەکە جگە لەوەی شتە، لە ژوور شتبوونییەوە خەسڵەتی دیکەی هەیە، کە ناوەڕۆکی پێک دەهێنن. کاتێک بینەر لە تابلۆکە دەڕوانێت و کورسییەکە دەبینێت، جەور و ستەم و دیکتاتۆرییەت و هەڵپەی سیاسییەکانی بۆ دەسەڵات بیر دەکەوێتەوە و دێتە پێش چاو." هەروەها مارتن هایدیگەر لە نووسینێکیدا بەناونیشانی (بنەڕەتی کاری هونەری) دەڵێت: کاری هونەری جیاوازە لە شتێکی ئاسایی و شتی بەسوود، چونکە کاری هونەری زەویمان بۆ دەکات بە جیهان."

هەروەها دەیەوێت بە ئەریستۆتیلیس بڵێ، هەر شتێک جوان دروست کرا، مەرج نییە هونەر بێت، جوانی نابێتە مەرجی بڕیار بەسەردانی کارێک، کە ئەمە هونەرییە یان نا هونەرییە، بەڵکوو هونەر دەبێت بۆ خودی هونەر بێت، دەبێ دەرخەری ڕاستیی بوون بێت، کاری هونەرمەند دەرخستنی ڕاستیی بوونە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە بەرهەمی هونەری خاوەنی هیچ بەهایەکی جوانی نییە،یان بیر لە جوانیی بەرهەمێک نەکرێتەوە، بەرهەمی هونەری خاوەنی جوانییە، بەڵام جوانییەکەی لەسەر ئەزموون و چێژی خۆیەتییەوە ڕاناوەستێت و لە دەرکەوتنی ڕاستیی بووندایە."

هایدیگەر دەیەوێت واتایەکی ئۆنتۆلۆژییانە بەجوانی بدات، واتای ئۆنتۆلۆژیش لەسەر سێ بنەمای (بوون و ڕاستی و جوانی) دادەمەزرێت، ئەم بنەمایە و پێکەوە بەستنەوەیان تێگەشتنی ئێمە لە هونەر لە ئیستاتیکاوە بۆ فەلسەفەی هونەر دەگۆڕێت و هونەر دەخاتە ئاستێکی بەرزی بیرکردنەوەی شارستانییەت و هاوشانی فەلسەفە دایدەنێت."

هونەر لاساییکردنەوە- میمێزیس نییە، بەڵکو داهێنانە. داهێنانیش بە کەسی ڕەسەن دەکرێ، کەسە ڕەسەنەکان هونەرمەندن و هونەرمەندانە دەژین، چونکە لاسایی هیچ کەسێک ناکەنەوە و دوای کلتوری بازاڕیی نەکەوتوون.

لێرەوە دیسان چەند پرسیارێک خۆی ڕاست دەکاتەوە، ئایا ئەی کەسی نارەسەن کێیە؟

کەسی نارەسەن بە بڕوای هایدیگەر ئەو کەسانەن، کە پرسیار ناکەن و هیچ داهێنانێکیان نییە، پرۆژەکانی ژیانیان کەسانی تر بۆیان هەڵدەبژێرن، ئەم کەسانە لە سەرەتاوە یان ڕاستتر بڵێین لە ڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە کەسانی ڕەسەنن و هەموو کەسێک هەر ڕسەنە، بەڵام لە ڕووی فینۆمینۆلۆژییەوە نارەسەنن،

چونکە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی کەسانی ترەوە، هەروەها چۆن کەسی ڕەسەن و کەسی ناڕەسەن هەیە ،بەهامان شێوەش هونەرمەندی ڕەسەن و هونەرمەندی ناڕەسەن هەیە، هەروەک هونەری ڕەسەن و هونەری ناڕەسەنیش هەیە.

هونەرمەندی ناڕەسەن ئەو هونەرمەندانەن، کە بەرهەمەکانیان بۆ ئێستایە و تەنها کاتێکی کەم لە بەرگوێ و چاو و هۆشی بینەر دەمێنێتەوە و ناگاتە داهاتوو و ون دەبێ، بەڵام بەرهەمی هونەری هونەرمەندی ڕەسەن، داهاتوویییە و بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە بە تێپەڕبوونی کات بەهای کەم ناکات و نەوە بۆ نەوە دەگوازرێتەوە. هونەرمەندی ڕەسەن بەرهەمەکەی نافرۆشێت و بیر لە فرۆشتنیشی ناکاتەوە و بەهاکەی بە پارە ناخەملێنێ. هونەرمەندی ڕەسەن لە ئێستادا دەژی، بەڵام بیر لە داهاتوو دەکاتەوە، هەروەها هونەرمەندی ڕەسەن گەرەکە داهێنان لە فۆرمدا بکات، واتە خۆی فۆرم بۆ بەرهەمە هونەرییەکەی دابنێت نەک دەقاودەق لاسایی فۆرمی شتێک بکاتەوە،"کەوابوو لێرەدا هونەر دەبێت لە لاساییکردنەوە ڕزگار بکرێت و تیۆرانینی ئەفلاتوون بۆ هونەر ڕەت بکرێتەوە."

بەپێچەوانەوە وەکوو گوتمان، بەرهەمی تەکنەلۆژیی یان میدیایی کە ئەمڕۆ باوە، بە بەرهەمێکی ناڕەسەن و ساختە دادەنرێت، هەمیشە ئەو فیلم و بەرهەمانەی لە شاشەکانەوە پێشکەشی دەکەن، بیر لە داهاتەکانیان دەکەنەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین کێشەی هایدیگەر لە بەرهەمی هونەریی ئەوە نییە، کە ڕاست نییە، بەڵکوو کێشەکە ئەوەیە ئەو بەرهەمە هونەرییانە، کە تەکنەلۆژیا ئامادەی دەکات توانای دەرخستنی ڕاستییان نییە، لێرەوە دەڵێت بەرهەمی هونەری ون دەبێت، بەڵام "ونبوونی بەرهەمی هونەری بە مانای ئەوە نایەت، کە لە بازاڕدا بەرهەمی هونەری نادۆزرێتەوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە بازاڕ پڕ کراوە لە تابلۆ، پۆستەر و پەیکەر، کە تەکنەلۆژیا ئامادەی کردوون، بەگوێرەی چێژی خەڵک و داواکارییەکانیان، بە نرخێکی کەم دەفرۆشرێن، بەڵام ئەم بەرهەمانە بە دیدی هایدیگەر بەرهەمی هونەری نین، یان خەسڵەتی بوون بە بەرهەمی هونەرییان پێوە دیار نییە، بوون بە بەشێک لە کلتووری بازاڕ، کلتوری بازاڕیش سەر بە میتافیزیکی تەکنەلۆژیایە، کە ڕاستیی بوون دەشارێتەوە، کە وابوو ئەم بەرهەمانە کە لە کلتوورە بازاڕییەکەدا بە هونەر دادەنرێن ڕاستیی بوون دەرناخەن، جگە لەوە دەبن بەو هونەرەی هەموو تاکەکان دەتوانن باسی بکەن و چێژی لێوەربگرن، ئەم جۆرە هونەرە دیاردەیەکی زاڵبووی سەردەمی تەکنەلۆژیایە و بە بڕوای هایدیگەر کۆتایی هونەرە."

تەنانەت ئەو کەسانەش وەکوو بینەر دوای بەرهەمی میدیایی و سینەمایی دەکەون، کەسانێکی ناڕەسەنیان لێ دەردەچێت، چونکە پرسیار ناکەن و بەرهەمەکانیان بۆ ئامادەکراوە و ئەوانیش بەبێ گەڕانەوە بۆ هەقیقەتی بەرهەمەکە، چێژ لەو بەرهەمە ئامادەکراوە جوان دەرکەوتووە دەبینن،بەڵام ئەگەر بپرسین ئایا ئاکامی ئەم خەسڵەتانەی کلتوری تەکنەلۆژی چییە؟ ئەوا لە وەڵامدا دەتوانین بڵێین: کلتوری تەکنەلۆژی، ئەو کلتورەیە بوون بە سامان بۆ وەبەرهێنان نەک ڕاستەقینەی بنەڕەتی دابنێت، بوونی مرۆڤ ناڕەسەن بکات و ڕێگەی داهێنان بنبەست بکات، دەبێتە هێزێکی ڕوخێنەر، تەکنەلۆژیا وەکوو هێزێکی ڕووخێنەر نەک تەنها بوونی مرۆڤی ناڕەسەن کردووە، بەڵکوو زەمینی کردووە بە وێرانەیەک و ژینگەشی شێواندووە."

هەربۆیە مارتن هایدیگەر دەڵێ: خۆخەڵەتاندنەکە لەویدایە کاتێک ئێمە وا دەزانین تەکنەلۆژیا هەموو شتێکی بە ڕێکوپێکی پێشکەش کردووین و بەرهەمهێنان بەهۆی تەکنەلۆژیاوە گەشتۆتە لوتکە و مرۆڤ بەهۆی تەکنەلۆژیاوە ژیانێکی باشی هەیە. ئەمەش وادەکات بەرهەمهێنانەکە خێراتر بێت، تاوەکوو تەکنەلۆژیا دەگاتە ڕادەیەک ڕەگ و ڕیشەی مرۆڤ لە ئاو و زەویدا لە ڕیشەوە دەردەهێنێت، ئێمە پێویستیمان بە چەکی ئەتۆم نییە، ڕەگ و ڕیشەی مرۆڤ دەرهێنراوە و پەیوەندییەکانمان بوون بە تەکنەلۆژییانە."

ئالێرەوە ئیدی تەکنەلۆژیا لە سەردەمی تازەگەریدا

هەموو ژیان دەکات بە شانۆیەکی تراژیدیی و مرۆڤ کاراکتەر و قوربانیی نێو ئەم تراژیدیایە دەبێت، لەم کلتورەدا خوداکان هەڵهاتوون و مرۆڤە نارەسەنەکان جێگەیان گرتوونەتەوە.

هەڵبەتە لای هایدیگەر زمان یەکێکە لە پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجییەکانی بوونی مرۆڤ و مرۆڤ دەتوانێ بە زمان گوزارشت لە بۆچوون و ناخی خۆی بکات، بەڵام لە کلتوری تەکنەلۆجیدا، کە کلتورێکی بازارییە، زمان دەبێتە زمانی لەکارکەوتوو تەنها بۆ گێرانەوە و قسەی ڕۆژانە بەکاردێت، ئەم شێوازە زمانەش ناتوانێ ڕاستیی بوون دەربخات، بۆیە لە حاڵەتێکی ئاوادا مەگەر تەنها شاعیر و هونەرمەندەکان هاوشانی فەیلەسوفەکان بتوانن گوزارشت لەو تراژیدیایە بکەن، کە خەڵکی تێ کەوتووە و مژدەی بەرەبەیانێکی نوێ بدەن.

بەڵام هەڵهاتنی خوداکان لەم ڕۆژگارە هایدیگەر بێ ئومێد ناکات لە ژیان و هەوڵ دەدات ڕێگەچارەیەک بدۆزێتەوە و دەڵێت: هونەرمەندی ڕەسەن و فەیلەسوف و شاعیر هاوشێوەی یەکتر، بەبێ جیاوازیی بەدوای حەقیقەت دەگەڕێن. مەبەستیانە ڕاستیی بوون دەربخەن و جیهان بخەنە سەر ڕێچکە ڕاستەکەی خۆی و هونەرمەندان بە داهێنانەکانیان جیهانێکی نوێ دادەهێنن و دوورە لە لاساییکردنەوە. بۆیە هایدیگەر هونەرمەندان و شاعیران ناو دەنێت خوداکان و دەڵێ تەنها خوداکان دەتوانن ئێمە ڕزگار بکەن، بەڵام ئەو خودایانەی مارتن هایدیگەر باسیان دەکات و ئەویش لە هۆڵدەرلینی شاعیرەوە وەریگرتووە، خودای ناو ئایینەکان نین، بەڵکوو ئەو کەسانەن، کە بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانەیان هەیە. 'بوونی هونەرمەندان گەڕانەوەی خودا هەڵهاتووەکانی نێو کلتووری بازارییە" ئەم شاعیرانە، کە ڕاستی ناسن هاوشێوەی مرۆڤی ناو ئەشکەوتەکە دەگەڕێتەوە ناو هاوڕێکانی بۆئەوەی ڕاستی بوونیان پێ بناسێنێت.

• سەرچاوە و پەراوێزەکان:
. د. راويه عبدالمنعم عباس: الانسان، الفن و الجمال،اورينتال، مير- الاسكندريه، ٢٠٠٧، ص ٢٨.
. د. محەمەد کەمال : فەلسەفەی هونەر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٣٧٧.
. د. اميره حلمی مگر: فلسفه الجمال ، دار المعارف ، مير – القاهره، ص ٣١.
. د. محەمەد کەمال : فەلسەفەی هونەر، ل ٤٠.
. ئەفلاتون: کۆمار – بەشی دەیەم ، و.د. محەمەد کەمال ، سەردەم ، سلێمانی ، ل ٢٢١.
. هەمان سەرچاوە ، ل ٢١٦.
. هەمان سەرچاوە ، ل ٦٦.
. دوو کەسایەتی نێو ئەفسانەکانی گریکن و دووچاری چارەنوسی خراپ دەبنەوە ڕۆڵێکی تراژیدیان هەیە.
. هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٣.
. هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٤.
. د. محەمەد کەمال : فەلسەفەی هونەر، ل ٤٠.
. Carritt. E. F. b philosophies of beauty Oxford the clarndon press، ١٩٢١، p.٣١.
– کاوە جەلال: چەند وانەیەک دەربارەی ئەریستۆتێلیس ، بڵاو نەکراوە ، ل ٣ . ٢٠٠٩.
– دیدار رنور: ترپير التكنولوجيا على الانسان و الگبيعه من منقور مارتن هيدجر، رساله ماجستير، جامعه المنيوره ، كليه الاداب ، ٢٠١٣، ص ٣٦.
– هيدجر .مارتن : سؤال عن التقنيه من كتابات الرساسيه ، ت: إسماعيل الميدق ، ج٢ ، مشروع قومی للترجمه ، گبعه الاولی ، ٢٠٠٣ ، القاهره ، ص ١٧٦ .
– هەمان سەرچاوە . ل ١٧٧.
– Martin Heidegger : what is Metaphysice ? in Basic Writings، p.١٠٦
هەروەها بڕوانە : د. کەمال، محەمەد: هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی،٢٠٠٧.
– Marten. Heidegger : The Question Concerning Technology and other Essays. Translated by William lovitt. Harper Colophan Books ، New York ، Hagerstovin، San Francisco ، London ،١٩٧٧.
– مونرو كارتس بيردسلی :علم الجمال من عير الكلاسيكی يونانی وحتى العير الحديپ، ت. هاله محجوب خچر ، دار الكتب القانونيه، مير، ٢٠٠٩، ص ٥٨٣.
– د. محەمەد کەمال : فەلسەفەی هونەر، ل ١٣٤ .
-- هەمان سەرچاوە . ل ١٤٠ .
– هەمان سەرچاوە . ل ١٥٥ .
– هەمان سەرچاوە . ل ١١٤ – ١٠٦.
– هەمان سەرچاوە . ل ١١١ .
– گفتوگۆیەک لە گەڵ مارتن هایدیگەردا لە گۆڤاری دێرشپیگل، و. د.محەمەد کەمال،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی٢٠٠٥، ل ٤٧ – ٤٨.
. د. محەمەد کەمال : فەلسەفەی هونەر، ل ١٨٥.

# مەقام

## (دەستگاه)

ماڵپەڕی کتێب



**شێروان کەرکوکی**

**بەشی یەکەم**



پێشەکی دەربارەی دەستگاە ( مەقام ) قسەکردن دەربارەی دەستگاە یاخود مەقام کات و مەودایەکی زۆری ئەوێ .... چونکە هێندە فراوان و قوڵ و دونیایەکی پان و بەرینە ئەستەمە بتوانین بە چەند وتار و دەستنووسێک گوزارشتی لەسەر بکەین ، بگرە لە هەندێک لە وڵاتان پەیمانگا و کۆلێژ و سەنتەری تایبەتیان بۆ کردووەتەوە بۆ پێناسە و فێربوون و وتنەوە و خوێندنی ئەم مەقام و دەستگایانە ..... بۆیە من بە باشم زانی ئەم بابەتەم دەربارەی دەستگاە ( مەقام ) دابەشی بکەم بۆ ٥ بەش بۆ ئەوەی ئەگەر بە شێوەیەکی سادە و ساکار و کەمیش بێت بتوانم مافی خۆی بدەمێ بەشەکانی ئەم نووسینەم بەم شێوەیە دەبێت بەشی یەکەم : پێشەکی دەربارەی دەستگاکان ( مەقامەکان ) بەشی دووەم : پێناسەی دەستگاکان ( پێناسەی مەقامەکان ) بەشی سێیەم : جۆرەکانی دەستگاکان ( جۆرەکانی دەستگاکان ) بەشی چوارەم : دەستگای کوردی ( مەقامی کوردی ) بەشی پێنجەم : مەقامبێژان ئەگەر ئاورێک بدەینە دواوە و زۆر بە کورتی دەربارەی فولکلۆر و پاشماوە و کولتور بدوێین دەزانین هەروەک چۆن ( زمان ، هونەر ، داب و نەریت ، جل و بەرگ ، خواردن ، هەڵپەرکێ ، مۆسیقا و گۆرانی .....هتد ) بەشێکن لە کلتوور و فۆلکلۆری هەر گەلێک ، بە هەمان شێوە مەقام و دەستگاە بەشێکە لەو فۆلکلۆر و کولتووری هەر نەتەوە و گەلێک چونکە لەگەل ئەوەی مەقامە سەرەکییەکان هاوبەشن لە نێوان میللەتانی ڕۆژهەڵات لە هەمان کاتدا هەر گەلێک خاوەنی مەقامی خۆماڵی تایبەت بە خۆیەتی و جودای ئەکاتەوە لەو میللەت و گەلانەی هاوسنووری کەس نازانێت سەرەتای درووستبوونی ئەم مەقام و دەستگا و ئاواز و مۆسیقایانە کەی پەیدا بووە و سەرەتاکەی بۆ کەی دەگەڕێتەوە چونکە هەموو توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کەوا لە سەرەتای درووستبوونی



مرۆڤ لەسەر ئەم هەسارەیە مرۆڤ حەزی بە ووتنەوەی ئەم ئاوازانە بووە کاتێک تەماشای دەنگی با و دەنگی شەپولەکانی دەریا و دەنگی بولبول و دەنگی لەرینەوەی گەڵا و لق و پۆی دارەکان دەبێت ، هەر ئەو کاتە گوێی ئاشنا ئەبێت بە دەنگی ئاواز و مەقام بەڵام ئەوەی مرۆڤ کردوویەتی و توێژینەوەی لەسەر کردووە و زانیویەتی تەنها ڕێکخستنەوەی ئەم ئاوازانەیە و دابەشکردنی و پۆلێنکردنییەتی لە ژێر ناو و گروپ و پلە و ڕەگەز و ژمارەی مۆسیقی ئیتر بە تێپەڕبوونی ڕۆژ و ساڵ لە



ڕێگای وتنەوە و لەبەرکردن لە نێوان مرۆڤەکان ئەم ئاوازانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەستاودەستی کرد و بە شێوەیەکی لەبەرکردن تاکو سەردەم گەیشتە ئەوەی ئامێرەکانی تۆمارکردن پەیدابوون و دروستکران ئیتر ئەم ئاواز و دەستگا و مەقامانە تۆمارکران و بۆ هەتا هەتایە ئەرشیف کران و ڕێکخستنیان بۆ کرا مەقام و دەستگا و ئاوازەکان جیاوازیان هەیە لە نێوان گەلان بە تایبەتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی، چونکە گەلانی ڕۆژئاوا شتێکیان نیە بە ناوی دەستگاه یان مەقام ، ئەوان دوو پەیژەی مۆسیقیان هەیە بە ناوی ( ماینەر و مانیجەر ) کە سەرجەم مۆسیقا و ئاوازەکانیان لەسەر ئەم دوو پەیژە دادەنێن، بەڵام لای میللەتانی ڕۆژهەڵات مەقام یان دەستگاه هەیە چونکە ئاوازەکان ( چارەکە تۆن ) یان هەیە و بەو شێوەیە لە ڕووی پلەی مۆسیقی دابەش دەکرێن بەسەر مەقامە سەرەکی و مەقامە لاوەکییەکان تەنانەت لە لای میللەتانی ڕۆژهەڵاتیش جیاوازی هەیە لە نێوانیان سەبارەت بە ناو و شێوازی وتنەوە و نووسینەوەی دەستگا و مەقامەکان.

# باڵابڕینێک بۆ کۆپەڕە گرنگەکەی فازڵ جاف

هەزارنامەی کتێب



هەڵوێست نەریمان



(ئەزموونی ڕیژیسۆرێک.. میتود و ئیستاتیکای تیپی شانۆی ئارارات) ئەم کۆپەرە دەتوانین بڵێین درێژەی کۆپەری کتێبی (ڕیژیسۆر و نمایش لەسلێمانیەوە بۆ ستۆکۆڵهم)ە، نووسەر تێیدا بۆ یەکەم جار، وەک دەرهێنەرێکی کورد باس لە ئەزموونی هونەریی خۆی لە پرۆسەی هونەر و تەکنیکەکانی دەرهێنانی شانۆیی دەکات.

ئاشنای ئەزموونی ڕیژسۆرێک دەبین کە لە تاراوگەدا لەگەڵ چەند شانۆکارێکی کورد تیپی شانۆی ئاراراتی پێکهێناوە و وەک ڕیژیسۆر و وەرگێڕ و دراماتۆرگ کاری شانۆیی کردووە.

کۆپەرەکە تەواوی ڕەوتی هونەریی تیپی شانۆی ئارارات دەگرێتە خۆ، کە چۆن گرووپێک شانۆکاری کورد لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا، لە شاری ستۆکهۆڵم ئەم تیپەیان دروستکرد، پاشان چەندین نمایشیان بەرهەم هێنا.

لەم کۆپەرەدا بە پلەی یەکەم باس لە ئەزموونی خودی د.فازڵ جاف دەکرێت وەک ڕیژیسۆر، بەڵام کۆپەرەکە هاوکات شێوازی کارکردنی ئەو گرووپە شانۆکارە کوردە دەخاتەڕوو، کە لە بارودۆخێکی سەخت و دژواردا توانییان لە شاری ستۆکهۆڵم و چەند شارێکی تری سوێد، چەند بەرهەمێکی شانۆیی، بە میتود و شێوازێکی تایبەت نمایش بکەن.

د.فازڵ جاف، باس لە ئەزموونی خۆی دەکات وەک ڕیژیسۆری تیپی شانۆیی ئارارات، هاوکات تاوتوێی ئەو میتود و تەکنیک و کەرەستانە دەکات کە لە نمایشەکانی تیپەکەدا پیادەی کردوون. لە شانۆی کوردیدا، ئەمە یەکەم جارە شانۆکارێک بێت کۆپەرێک لە سەر تەکنیک و میتودی کارکردن و چۆنێتیی مەشق و ئەنجامدانی سینۆگرافیا و ڕووناکی بە شێوەیەکی زانستییانە و دیدگەیەکی بابەتییانە بنووسێت.

نووسەر لەم کۆپەڕەدا دوو قۆناغی کارکردنیمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەزموونی قۆناغی یەکەم: ئەزموونی ڕێژیسۆرە پێش خوێندنی شانۆ لە سوید و بەریتانیا و ڕووسیا.

ئەزموونی قۆناغی دووەم: ئەزموونی پاش خوێندنی ئەکادیمی و بەدەستهێنانی شارەزایی ئاکادیمی و ئەزموونی، وەکو دەرهێنەر و ڕاهێنەری میتودی دەرهێنەری جیهانی فسیڤۆلود میرهۆڵد.

نووسەر ئەزموونەکانی خۆیمان زۆر بە وردی و بە زمانێکی ڕەوان و شیرینی کوردیی بۆ دەگێڕێتەوە، شێوازی گێڕانەوەی چێژبەخشە، بە جۆرێک وا لە خوێنەر دەکات دەست لە خوێندنەوەی کتێبەکە هەڵنەگرێت تا کۆتایی.

نووسەر لەم کۆپەڕەدا تەنیا سەرکەوتنەکان تۆمار ناکات، خۆی ناکا بە مەعسووم و هەموو کارەکانی بە سەرکەوتوو دابنێت، بەڵکو دەتوانین بڵێین ئەمە بۆ یەکەمینجارە دەرهێنەرێکی شانۆیی کورد بەو شێوەیە باسی شکستەکانی خۆییمان بۆ بکات، باسی ئەو کۆسپ و ڕێگریانەش دەکات کە هاتوونەتە ڕێی.

نووسەر باسی ئەوەمان بۆ دەکات چۆن تیپی ئارارات بۆ ماوەی نزیکەی پێنج ساڵ مەشق و ڕاهێنان و پرۆڤەیان بە چەندین تێکست کردووە، بەڵام پێش نمایشکردنیان لەگەڵ ئەکتەرەکان دەگەنە ئەو بڕوایەی کە نمایش نەکردنی باشترە لە نمایشکردنی!

نووسەر دەڵێ: "هێندە بە خەڵکمان گوتبوو پرۆڤەی شانۆیی دەکەین و بەم زووانە نمایشەکەمان پێشکەش دەکەین، لە ئەنجامدا نمایش نەدەکرا! خەلک بە جۆرێ لێمان بێ ئومێدبوون، تا گەیشتە ئەوەی بە لافیتەیەک لەپێش هۆڵی نمایشێک بە زمانی کوردی بنووسن دەرهێنەرەکە مردووە و ئەکتەرەکان ڕۆیشتوون گۆڕی بۆ هەڵبکەنن.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئەم کۆسپانە نابنە ڕێگر لە بەردەم سەرکەوتنەکانی تیپی شانۆیی ئارارات و دەرهێنەرەکەیدا، ئەوان لە کۆتاییدا بەسەر تەواوی تەنگوچەڵەمەکاندا زاڵ دەبن.

دەرهێنەر بە نمایشی (گێژەن)ی نووسەری پۆڵۆنی سلاڤۆمیر مرۆژێک تاسە و چاوەڕوانی ئامادەبوان و بینەران دەشکێنێ و ئەوانیش لە هۆکار و نهێنیی نمایش نەکردنی چەند ساڵەی ڕێژیسۆر و تیپەکە تا ڕادەیەک تێدەگەن.

نووسەری کتێبەکە پێمان دەڵێ: "مەرج نییە هەموو پرۆڤەیەک کۆتاییەکەی نمایشی لێ بەرهەم بێت، بەڵکو پرۆڤە و ڕاهێنان و مەشقی بەردەوام شانۆکار بەرەو پێش و سەرکەوتن دەبات.




هەواڵنامەی کتێب





نووسەر لەمیانەی ئەزموونی دوورودرێژی خۆیەوە، وەک ڕیژیسۆر، بە شانۆکاری گەنج دەڵێت: "تەنیا بە ئەزموونی بەردەوام سەرکەوتن مسۆگەر دەکەیت، بۆیە سەرەڕای هەموو کۆسپ و ئاستەنگێک، نابێت بوەستیت و لە پرۆسەی داهێنان سارد ببیتەوە".

بۆیە ئەم کۆپەڕە، بۆ ئەو کەسانەی کە لە سەرەتای کاری هونەریدان و دەیانەوێ ببن بە ڕیژیسۆر گەلێک سوودبەخشە، چونکە نووسەر خۆی ڕاهێنەرێکی نێونەتەوەیی شانۆ و زمانی جەستەیە. شانۆکاران دەتوانن سوود لە ئەزموون و دونیابینیی ڕیژیسۆرێک ببینن کە هەرگیز لە گەڕان سۆراخ و خوێندن و خۆپێگەیاندن تاکو ئێستاش بەردەوامە و کۆڵی نەداوە، نووسەر، وەک ڕیژیسۆرێکی پڕ ئەزموون ئێمەی شانۆکارانی گەنج فێر دەکات چۆن کەڵک لەشکستەکان وەربگرین و بیانخەینە خزمەت سەرکەوتنەکانمانەوە.

ئەکادیمیانە و زانستیانە باس لە چۆنێتیی هەڵبژاردنی تێکست و ڕاهێنانی پێش پرۆڤە و سەرمەشق و پرۆڤە دەکات، نووسەر باس لە پانتایی نمایش و سینۆگرافیا و ڕووناکی و موزیک دەکات.

نووسەر یەکەم ڕیژیسۆری کوردە کە پاشتر بەرهەمی شانۆیی تیپەکەی، تیپی شانۆی ئارارات، لە تاراوگەوە دێنێتەوە بۆ کوردستان، لە هەولێر و سلێمانی نمایشی دەکەن.

پاش خوێندنەوەی ئەم کۆپەڕە بۆت دەردەکەوێت کە ئەگەر شانۆکارێک بیەوێ ببێت بە ڕیژیسۆر مەحاڵ نییە، بەڵام ئاسانیش نییە، هونەری دەرهێنانی شانۆیی هەوڵ و ماندووبوون و خۆپێگەیاندنی دەوێت، عیشقی شانۆ دڵگەورەیی و خۆڕاگریی دەوێ، گوێنەدان بە تانە و تەشەر و ڕەخنەی بێبنەما و کۆڵنەدانی دەوێت، ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین پەیامەکانی نووسەر

هەواڵنامەی کتێب

# خەنەبەندان، شەنگترین شەوی بووک

هەواڵنامەی کتێب



سروە عوسمان



ئێستا زۆرینەی ژنان دەڵێن:: شەوی خەنەبەندانەکەم لە زەماوەندەکەم خۆشتربوو، خەنە یەکێکە لە کەرەستە جوانکارییەکان کە لە سەردەمە هەرە کۆنەکانەوە تا ئێستا وەک یەکێک لە باشترین کەرەستەکانی بەهێزکردنی قژ بەکارهێنراوە، لە کۆنیشدا خەنە وەک دیاری بردراوە هەروەها لە زۆرینەی بۆنەکاندا بەکارهێنراوە، خەنەبەندانیش یەکێکە لەو کولتورە ناسک و تایبەتانەی کە کورد لە دێر زەمانەوە... چەند ڕۆژێک پێش گواستنەوەی بۆ بووکی سازداوە ساڵانێکی زۆر بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ئابووری ناڵەباری کورد و هەژاریی .. ژنان و کچان دەستبەرداری ئەم کولتورە بوون و تارادەیەک لە ئامادەکارییەکانی بووک سرایەوە، بەڵام لە ئێستادا زۆرینەی کچان ئەم کولتورە جوانە دووبارە دەکەنەوە کە دەبێتە جوانترین یادەوەرییان

لە ژیاندا بەگشتی ژنان، پیرەژنان، ژنانی لادێ خاوەنی یادەوەری خۆشن لە شەوی خەنەبەندانی خۆیان و هاوڕێ و هاوتەمەنەکانیان، جاران شەوی بەر لە گواستنەوەی بووک هەموو هاوڕێ و ژنانی گوند کۆ دەبوونەوە بووکەش لە شارەوە بە دیاری یان زاوا یان خەسووی خەنەیان بۆ دەکڕی بەشێکی لە قژی خۆی دەدا بەشێکی زۆریشی دەگرتەوە بۆ شەوی خەنەبەندان ئیتر ئەو یادەش زۆر خۆش بوو ماڵی بووک و زاوا بەهاوبەشی شەو چەرەیان دەهێنا کە بەگشتی شتی وشکەبوو خەنەکەش لە قاپێکی زۆر جواندا دەگیرایەوە ئیدی بەگۆرانی جۆراو جۆرو گۆرانی خەنەبەندان شەوەکە دەرازایەوە پاشان بووک خەنەی لە دەستی هاورێکانی و ژنان دەدا ودوواتریش خەسوو خەنەی لە دەستی بووکەکەی دەدا و ئەوەشی ئامادە نەبووایە، وەک ژنی زەیستان

و تازە بووک ئەوە لەناو ژێر پیاڵە خەنەیان بۆی دەنارد .... ژنێکی بە تەمەنی دونیادیدەش دوعای خێری بۆ بووکە دەکرد و هەندێ ئامۆژگاری دەکرد ئیدی ئەمە وەک یادەوەرییەکی شیرین دەمایەوە لە زهنییەتی بووک و هەموو ئامادەبووان. هەندێک لە کچانی ئەم سەردەمەش شەوی خەنە یاخود خەنەبەندان دەکەن و لە خەنەبەندانی سەردەمانی پێشوو رازاوەتری دەکەن بەبەکارهێنانی جوانکاری ماڵ و پۆشینی جلوبەرگی کوردی سوورو جوان و دانانی مۆم ... وە هەندێ شیرینیش بۆ شیرینکردنی بەختی بووک بەسەر ئامادەبوواندا دەبەشنەوە .. ئینجا وێنەگرتنی ئەو ئاهەنگە بچووکە، جگە لە سەما کە لەسەردەمانی پێشوو نەبووە. ڕەنگە زۆرکەس بڵێن شەوی خەنەبەندان کۆنە و هی لادێکانە، یان تەنها کولتوورێکە سەر بەڕۆژهەڵاتە، بەڵام زۆر هەڵەن ئەم یادە لەلای کچان و کوڕانی ئەورووپیش لەڕۆژئاوا هەیە کە پێی دەوترێت شەوی ماڵئاواییکردن لە رەبەنی، بەڵام ئەوان بەزم و رەزمی خەنەکەیان نییەو زیاتر دەخۆنەوەو سەما دەکەن، جێگەی باسە خەنەبەندان لە کولتوری تورکمان و عەرەبیشدا هەیە و باوە، بۆیە شەوی خەنەبەندان بەهۆی تایبەتمەندییە جوانەکانییەوە وەک شەوێکی هەمیشە جوان و رازاوە لە ژیانی کچان و ژناندا دەمێنێتەوەو بە شەنگترین شەوی بووک دەژمێردرێت.



# بۆ کارە خۆبەخشییەکان، کات دابنێن !

هەواڵنامەی کتێب



نوسینی/ مایک وایکینگ

لە فارسیەوە / سۆران مهدی

کەسانێک کە کاری خۆبەخشانە ئەنجام دەدەن لە کەسانێک کە ئەم کارانە ناکەن، خۆشحاڵترن. هەتا لەگەڵ گریمانەی ئەوەی  کە لە ناو هۆکارەکانی تری وەکو هەلومەرجی  ئابووری – کۆمەڵایەتی ، هەلومەرجێکی یەکسانیان هەبێت. ئەم کەسانە نیشانەی خەمۆکی کەمتر ئەزموون دەکەن ، کەمتر نیگەرانن و لە ژیانێکی واتادارتر چێژ وەردەگرن. دەکرێ بەشێکی تری ئەم بابەتە بەمجۆرە دیاری بکرێ کە مرۆڤە خۆشحاڵەکان زیاتر بە دوای کاری خۆبەخشیدا دەڕۆن. هەرچەند لایەنێکی تریی ئەم بابەتە ئەمەیە کە لەسەر ئەم ڕێگایە لەگەڵ کەسانێک ڕووبەڕوو دەبینەوە کە سەرمایەی کەمتریان لە تۆ هەیە  و هەر ئەمە تۆ لەسەر هەبووەکانت سوپاس گوزارتر دەکات. ئەنجامی کاری خۆبەخشی  دەشێت کاریگەری ناراستەوخۆی ئەرێنیشی هەبێت.

کاتێ ٢٣ ساڵ بووم ، بە ناونیشانی ڕاوێژکاری گەنج، لە خاچی سور بووم بە خۆبەخش. لە سەرەتادا، لەگەڵ ئێمە دەربارەی کارەکانی جگە لە ڕاوێژکاریش قسەیان کرد. ڕۆیشتن بۆ قوتابخانەکان و قسەکردن دەربارەی بابەتەکانی پەیوەست  بە نەوجەوانان ، هاودڵی  و ئەمەی کە چۆن گوێگرێکی باش بین یەکێ لەم کارانە بوو گروپێکی پەیوەندیە گشتییەکان لەسەر پەیوەندییەکان کاریان دەکرد. من زۆر بە پەرۆش و بە چێژەوە دەستم بە قسەکردن کرد بەڵام هەر بەمجۆرە کە دەهاتە بەرچاو، خەڵکان زیاتر و زیاتر  بە بابەتەکەوە پەیوەست بوون ، زۆر بە وزەوە دەستم کرد بە قسەکردن دەربارەی گروپی پەیوەندیە گشتییەکان. کچێک کە لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو ، چەمایەوە  و لە بنا گوێمدا  وتی : ( بهێڵە وا گومان بەرم. تۆ  دەتویست بڕۆیت ببیت بە بەشێک لە گروپەکە، بەڵام نیگەران بووی ، هەر لەبەر ئەمە خەریکی ڕیکلام بۆ گروپی پەیوەندییە گشتییەکان دەکەیت). لەو ڕۆژەوە تا ئێستا من و فیردیکا پانزە ساڵە بەیەکەوە هاوڕێین.

لە ناو ئەم چیرۆکەدا دوو دانە خاڵ بونی هەیە. یەکەمیان ئەمەیە کە ئەنجامی کاری خۆبەخشی ڕێگایەکی سەرنجڕاکێشە بۆ ئاشنایی لەگەڵ هاوڕێی تازە. دووەمیان ئەوەیە هەمیشە ئەگەری هاوڕێیەتی فەراهەمە گەڵ کەسانێک کە لێت تێدەگەن. ئەنجامی توێژینەوەکانیش ، پشتگیری ئەزموونی من دەکەن لە پەیوەندی لەگەڵ کاری خۆبەخشی بەتایبەتی هاوڕێیەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. بەواتای ئەوەی کە ( هیوادارم جێگای سەرسوڕمان نەبێت ) کاریگەریان لەسەر خۆشحاڵیشمان دەبێت.

ئەمە دەتوانێت یەکێک بێت لە بەڵگەکان کە ژمارەیەکی زۆری دانیمارکیەکان سەرقاڵی کاری خۆبەخشین. ئێستا کە خەریکم ئەمانە دەنووسم . بەپێی ڕاپۆرتێکی دەزگای چالاکیە خۆبەخشیەکانی دانیمارک ، لە سەدا ٤٢ ی دانیمارکیەکان سەرقاڵی ئەو چالاکیانەن کە پارە وەرناگرن و لە سەدا حەفتاشیان لە پێنج ساڵی کۆتاییاندا چالاکیەکی لەو جۆرەیان هەبووە . هەر ئەمە کۆمەکی خۆشحاڵی دانیمارکییەکان دەکات.

هەروەها پرسیارێک دەمێنێتەوە : ئەگەر میهرەبانی ئەوەندە باشە، کەواتە بۆچی زیاتر ئەم کارە نەکەین ؟ ئەگەر ڕۆحیەتێکی ئاوا سەرنج ڕاکێش دروست دەکات ، بۆچی ئەستێرەکانی ڕاک، سەرێک نادەن لە سەنتەرەکانی چاکسازی تا زیاتر  کاری خۆبەخشی ئەنجام بدەن ؟

بە پێی ڕاپۆرتێک کە جیل لۆگا بۆ دەزگایەکی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی  لە نەرویج نوسیویەتی ، ڕەنگە هۆکاری ئەوەبێت کە زیاتر چالاکییەکانی خۆبەخشی وەکو کارێک دەبینین کە قازانجەکەی بە کەسانیتر دەگات ، نەک خۆمان.

بەمجۆرە بڵێم : پێویستە کە ئێمە سودە کەسییەکان لە ئەنجامی پێشکەشکردنی چاکە و جۆری هاوڕێیەتی بەرجەستە بکەین ، شتانێک وەکو هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسانی زیاتر و هەستی سوپاسگوزاری سەبارەت بەو شتانەی کە خۆمان هەمانە. پێویست نیە کە بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە ، ناوی خۆمان تۆمار بکەین ، ئەم کارە دەکرێ هەر شتێک بێت، لە فێرکردنی خۆبەخشانەی تۆپی پێ بە منداڵەکان، تا خەندەکردن بۆ کەسانی غەریبە لەسەر شەقامەکان.

# Gulchn

No. (2) Autumn 2022
periodical magazine of general culture



## کاری هونەرمەندی شێوەکاریی (لەرێ نەجمەدین)

لەم تابلۆیەدا، دوو کاری هونەری کە لە دوو کاتی جیاوازدا کراون تێکەڵ کراون

1. کاری هونەرمەند لیۆناردۆ داڤینشییە، بە ناونیشانی (خانمیک لەگەڵ ئاس).
2. کاریکی پێرفۆرمانسی هونەرمەند جۆزیف بۆیسە بە ناوی (چۆن ڕوونکردنەوە بۆ وێنەکان بکەین بۆ کەروێشکێکی مردوو).

لێرەدا ئاسەکە گۆڕدراوە بۆ کەروێشکێکی مردوو.